له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# قەڵای پارێزەر لە

# ساحیر وجادوگەر

م. علي خان

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهانەکان، بەدیهێنەری ئەرز وئاسمانەکان، بەڕێوەبەری کەون وکائیناتەکان، ڕۆزیدەری ئادەمیەکان، تەقێنەری دانەوێڵەکان، دابەزێنەری کتێبەکان، ڕەوانەکاری پەیامبەران، سوپاس بۆ خوای تاك وتەنها، هەر ئەوە جێنیازی بێنیازە بە تەنها، نە لە کەس بوە، نە کەسی لێ بوە، ئاسمانەکانی بەرز کردۆتەوە وبەبێ کۆڵەکە ڕای گرتوە، ڕۆزی دابەشکردوە وکەسی فەرامۆش نەکردوە.

وشایەتی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی هەق نیە الله نەبێت، بەندەکانی دروستکردوە تا پەرستشی بکەن، ئەرز وئاسمانەکان گوێڕایەڵی دەکەن، دار وبەرد وشاخەکان تەسبیحاتی دەکەن، فریشتەکان کڕنوشی بۆ دەبەن، هەرچی شتە دەیپەرستێ بەڵام درك بە پەرستنیان ناکەن.

وشایەتی ئەدەم کە موحەممەد پەیامبەری خوایە، مامۆستا وچاوساغ وسەرمەشق وڕوناکی چاوەکانم، چرای ڕوناك، ڕاستگۆی دەستپاك، بە بەزەیی دڵپاك، هەڵبژێردراوی نێو عەرەب وعەجەم ونزیك ودور، ڕەش وسپی وسور، خوای

گەورە تەماشای دڵی سەرجەم بەندەکانی کرد وڕوانی لە ویست وموراد، بەڵام دڵی موحەممەد پاکترینیان بو بۆیە هەڵی بژارد. أما بعد:

بەڕاستی دەرد وبەڵا ونەخۆشیەکانی کۆمەڵگا ئەوەندە زۆرن، زۆرجار دەبن بە ڕێگر وبەربەست لە ڕونکردنەوەی هەق وڕاستە شەقامی ئیسلامەتی، تا دو جار باسی تەوحید وخواناسی وکاری خێر دەکەیت، دەبێت سێ جار باسی خراپی شوبهە وگومانی نەیاران وگروپە لاڕێکان ونەخۆشیەکانی مۆمەڵگە بکەیت، ئەگەرچی ئەمانەش هەر دینن، چونکە ڕونکردنەوەی ڕاستی وپوچەڵکردنەوەی ناڕاستیەکان هەردوکیان پێکەوەن.

هەر هەمو ئەمانەش هۆکاری دورکەوتنەوەی کۆمەڵگەیە لەو ڕاستە شەقامەی کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی دایناوە وفەرمانی پێکردون لە شەو وڕۆژێکدا زیاتر لە حەڤدە جار داوای لێبکەن هیدایەتیان بدات بۆ سەری.

یەکێك لەو دەردانەی کە ئەمڕۆ لە ناو کۆمەڵگە بەربڵاوە ومێژویەکی دور ودرێژی هەیە، بریتیە لە: «**سیحر**».

بەڕاستی ئەوەندە ڕوداوی سەیر وسەمەرە ڕێی لێ گرتین، ئەوەندە تازە بوك وزاوا هاتنە لامان، ئەوەندە خەڵکی داماو هاتنە لامان، کە سیحریان لێکرابو، ونەبونی کتێبێکی کوردی -ئەوەندەی ئێمە بزانین- لەمەر ئەم پرسە، هەستم کرد

ئەگەر باسی سیحر نەکەین بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان دەکەوێتە سەر شان، چونکە لە دەگمەنەوە بوە بەدیاردە، لە حاڵەت حاڵتەوە بوە بە واقیع، لەوە دەرچوە بڵێین: لە فلاّن شوێن سیحرێك کرا، بەڵکو کۆڵاّن وگەڕەکێك نیە لەم شارە لەم ڕۆژەدا سیحری تێدا نەکرێت -إلا ما رحم ربك-.

«سیحر جیهانێکی سەیرە، ڕاستی وخورافەتی تێدا تێکەڵ دەبێت، وتەی خوا ووتەی شەیتانی تێدا تێکەڵ دەکرێ، ڕوکەشی جوان وسەرنج ڕاکێشە، سەرنجی سادە وساکار وگەمژەکان ڕادەکێشێت، بەڵاّم لە ناوەوە پیس وبۆگەنە، دەرون پاك وژیرەکان قیزیان لێ دەبێتەوە، مێژوەکەشی ڕەش وقەترانە، فێڵێکە، شەیتانە جنۆکەیی ومرۆییەکان خۆیان پێی دەخەڵەتێن وخەڵکیشی پێدەخەڵەتێنن، بۆیە دەیانخەنە نێو گەورەترین تاوانەوە کە تاوانی کوفر وشیرکە.

جا ئەوەی چاوەڕوانکراو بو، لەژێر ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤ ئەمڕۆ لە بواری زانستدا بە خۆیەوە بینیویەتی، چاوەڕوان دەکرا گومڕایی جادو وجادوگەران ئاشکرا بکرێت وفێڵ وتەڵەکە ولەڕێ دەرچونیان ڕون بکرێتەوە، بەڵاّم هەی هو تا زانست هەقیقەتی دەجال وئیشەکانیان بدۆزێتەوە. بەڵکو ئەمڕۆ ڕوکردن لە ساحیران -

سەرباری جیاوازی هۆکارەکان ومەبەستەکان- لە زیاد بون وتەشەنە سەندندایە، وزەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات[١].

کتێبەکەمان ناولێنا: ((قەڵای پارێزەر لە ساحیر وجادوگەر))، جا ئەوەم لێتان دەوێ بە دڵێکی زیندووەوە بیخوێننەوە، لە خوا بە فەزڵ وکەرەمی خۆی دەپارێمەوە ئەوەمان فێربکات کە سودمان پێ دەگەیەنێت، سودیشمان پێ بگەیەنێت بەوەی کە فێرمان دەکات.

**علی خان**

مزگەوتی قازی موحەممەد - کەلار

ئێوارەی هەینی، ٢ شەعبانی ١٤٣٣ کۆچی پیرۆز

[١] بڕوانە: عالم السحرة والشعوذة.

## سـیحـر لـە ڕووی زمـانـەوانی وزاراوەیـیـەوە

### لە ڕووی زمانەوانیەوە:

سیحر لە ئەصڵی زماندا بە هەر شتێك دەوترێت کە هۆکارەکەی ورد وشاراوە بێت ونەزانرێت، ولە حاڵ وباری خۆی نەمێنێ ولە هەقیقەتەکەی لابدرێت.

ئەزهەری ئەڵێ: «وأَصل السِّحْرِ صَرْفُ الشيء عن حقيقته إِلى غيره، فكأَنَّ الساحر لما أَرَى الباطلَ في صورة الحق وخَيَّلَ الشيءَ على غير حقيقته، قد سحر الشيء عن وجهه أَي صرفه» واتە: بریتیە لە لادانی شت لە هەقیقەتەکەیەوە بۆ شتی تر.

فەڕائیش ئەڵێ: «فَأَنَّى تُسْحَرُون معناه فَأَنَّى تُصْرَفون»

### لە زاراوەشدا:

بەڕاستی پێناسەیەکی زۆر بۆ سیحر کراوە، هیچ کامیشیان تینوێتی ناشکێنن، چونکە تەصەوری زانایان بۆ سیحر جیاوازە، لەم سۆنگەیەشەوە پێناسەکانیشیان جیاواز دەبێت، چونکە لە زانستی ئوصولدا مەعلومە: «الحُكْم عَلَى الشَّيْءِ فَرْعٌ عَنْ تَصَوُّرِهِ»، بڕیاردان لەسەر شتێك بەندە بە تێگەیشتن وتەصەوری ئەو کەسە لەئەو شتە.

بەڵام لێرەدا دەتوانین هەموی پوخت بکەینەوە لەمەی خوارەوەدا:

**یەکەم:** ئەوانەی سیحر بە هەقیقەت نازانن، بە تەڵەکە وفرِوفێڵی دەزانن، لەوانەش فەخری رِازی وجەصّاص، هەر بۆیە بە تەڵەکەبازی پێناسەی دەکەن.

**دوەم:** ئەوانەی پێیان وایە سیحر هەقیقەتی هەیە، ئەمانەش هەمو زانایانن هەندێکیان نەبێت لەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری مەزهەبی موعتەزیلە.

**ئەمانەش دو بەشن:**

١. ئەوانەی پێیان وایە: سیحر هەیە لە رِێگەی شەیتانەکانەوە دەکرێت وهەشە لە رِێگەی نوسین ونوشتە وتەلیسم ودەرمانەوە دەکرێت. بۆیە جۆری یەکەم بە کوفر دەزانن وجۆری دوەم بە حەرام دەزانن، ئەمەش رِای زۆرێکی زانایانە.

بە تایبەت دەبینی بە هەندێك شت دەڵێن سیحر لە رِاستیدا سیحر نیە، بەڵکو فێڵی دەستە، یان جوڵەیەکی خێرایە، یان رِۆیشتنە بەسەر حەبلدا...هتد

٢. ئەوانەی پێیان وایە سیحر تەنها لە رِێگەی شەیتانەکانەوە رِو دەدات. ئەمانەش بەشێکی زۆر کەمن، ئومێد دەکەم -إن شاء الله- ئەمەیان تا رِادەیەك لەوانی تر رِاستتر و واقیعی تر وئەسەری تر بێت.

کە وترا: «واقیعی تر»: چونکە لە واقیعدا سیحرمان نەبینی لە ڕێگەی شەیتانەکانەوە نەکرێت ولەو ڕێگەیەوە بکرێ کە ئەوان باسی دەکەن.

کە وترا: «ئەسەری تر»: بەڕاستی لە قورئان وحەدیس، سیحر هەر سیحرە وجیاوازی نەکراوە کە ئەم سیحرە کوفرە وئەوەش کوفر نیە، چونکە ئەمەیان شەیتان دەیکات وئەوەشیان نەخێر.

جا ئەم تەصەورەشیان تەنانەت کاریگەری هەبوە لەسەر حوکم دانیان بەسەر ساحیردا، جا ئەوانەی بە ساحیر ئەڵێن کافر، وئەوانەشی پێی ناڵێن کافر، هەموی دەرەنجامی ئەم پێشەکیەیە کە عەرزم کردی، وردەکاریەکەشی بەجێ دەهێڵم بۆ باسی حوکمی ساحیر -إن شاء الله- چونکە تەرجیحدانی دڵنیایی کەرەوە لەم بارەوە هەندێك نارەحەتە.

ئیبن قودامە دەفەرموێ: «سیحر بریتیە لە کۆمەڵێك گرێ ورِوقیە وقسە کە ساحیر دەیکات یان دەینوسێت، یان شتێك دەکات کاریگەری دەبێت لەسەر جەستە یان دڵ یان مێشك وبیر وهۆشی سیحر لێکراو، بەبێ دەست پێوەدانی»[1].

[1] دەقی پێناسەکەی بە عەرەبی: «هُوَ عُقَدٌ وَرُقًى وَكَلَامٌ يَتَكَلَّمُ بِهِ، أَوْ يَكْتُبُهُ، أَوْ يَعْمَلُ شَيْئًا فِي بَدَنِ الْمَسْحُورِ أَوْ قَلْبِهِ، أَوْ عَقْلِهِ، مِنْ غَيْرِ مُبَاشَرَةٍ لَهُ. وَلَهُ حَقِيقَةٌ، فَمِنْهُ مَا يَقْتُلُ، وَمَا يُمْرِضُ،

هەندێکیش ئەڵێن: «سیحر بریتیە لە رێککەوتنێك لە نێوان ساحیر وشەیتان لەسەر ئەوەی ساحیر هەستێت بە ئەنجامدانی هەندێك حەرام یان شیرکیات، شەیتانیش لەبەرامبەر ئەمەدا یارمەتی دەدات وئەوەی بۆ جێ بەجێ دەکات کە لێی دەوێت»[1].

*** *** ***

---

وَيَأْخُذُ الرَّجُلَ عَنْ امْرَأَتِهِ فَيَمْنَعُهُ وَطْأَهَا، وَمِنْهُ مَا يُفَرِّقُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ، وَمَا يُبَغِّضُ أَحَدَهُمَا إلَى الْآخَرِ، أَوْ يُحَبِّبُ بَيْنَ اثْنَيْنِ».

[1] الصارم البتار، عالم السحر والشعوذة.

## ساحیران چۆنن وچی دەکەن؟

جا لەبەر ئەوەی ساحیر پیس وچەتونە، ولەبەر ئەوەشی لەم ڕۆژگارە خەڵكێك «أولیاء الله» و«أولیاء الشیطان» لێ تێكەڵ بوە، دۆستی خوایان لێ بوە بە دۆستی شەیتان، ودۆستی شەیتانیان لێ بوە بە دۆستی خوا، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم باسێكی ساحیر بكەین كە چی دەكات تاوەكو دەبێت بە ساحیر، وناچمە نێو وردەكارییەكانی چونكە نامەوێت خەڵكی فێری سیحر بكەم، بەڵكو دەمەوێت خەڵكی فێری ئەو كردەوە قێزەونانەی ساحیر بكەم كە دەیكات بۆ ئامادەكردن ورازیكردنی شەیتانەكان، كە ئەو خەڵكە دەبینین پەنا بۆ ساحیر دەبەن، با بزانین پەنا بۆ چ نا پیاوێكی ناپاك دەبەن؟!

❊ جا وەكو باسمان كرد لە پێناسەی سیحردا، هیچ كام لەو ساحیرانە بەبێ بونی پەیوەندییەكی توند وتۆڵ بە شەیتانەكانەوە نەبون ونابن بە ساحیر، ئەبێت خۆی فرۆشتبێت بە جنۆكە وشەیتانەكان، جا هیچی بۆ ناكەن ئەگەر لەبەرامبەردا ساحیرەكە شتێكیان بۆ نەكات، بۆیە هەتا ساحیرەكە كوفرەكەی توندتر وخراپتر بێت شەیتانیش زیاتر گوێڕایەڵی دەبێت وخێراتر داواكانی جێ بەجێ دەكات، وەگەرنا بە پێچەوانەوە.

هەربۆیە ئەگەر تەماشای نێو چاوانی ساحیر بکەیت بە ڕونی ئەمە دەبینیت، تاریکی کوفر بە نێو چاوانیەوە دیارە، وەکو هەوری ڕەش، هەربۆیە ئەگەر ساحیر لە نزیکەوە بناسیت ئەوسا دەزانیت لە چ نارەحەتی وتەنگیەکدا دەژێت، لەگەڵ نەفسی خۆی، لەگەڵ ژنەکەیدا، لەگەڵ منداڵەکانیدا، لەگەڵ هاوسێکانیدا. ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا﴾

بەتایبەتی ئەگەر ساحیری گەورە بن، گرێبەستێك «عقد»ێك لە نێوان خۆی وشەیتان دەبەستێت، سەیرتان لێ نەیەت هەتاوەکو ئێستا لە مۆزەخانەکاندا چەندین گرێبەست هەیە کە لە نێوان ساحیر وشەیتانەکان گرێدراوە.

گرێبەستێك هەیە لە مۆزەخانەیەکی شاری پاریسدا لە نێوان ڕاهیبێك وئیبلیس خۆیدا گرێ دراوە، تاوەکو ئێستا چەندین لێهاتوی گەورە تەماشایان کردوە نەیان زانیوە چی تێدا نوسراوە، جگە لە ناوی ئەو ڕاهیبە نەبێت کە تییێدایە.

ئەمەوێ بڵێم: هیچ ساحیرێك نابێت بەساحیر تاوەکو خۆی نەفرۆشێت بە شەیتان وبەڵێن نەدات کە خزمەتی شەیتان بکات بە ماڵ ومنداڵ وموڵکیەوە.

- هیچ کەسێك نابێت بە ساحیر تاوەکو کەسێکی زۆر پیس نەبێت لەڕوی جەستەیەوە، لە دەستدان بە شتی پیس، لە هەڵگرتنی شتی پیس، لە خواردن وخواردنەوەی شتی پیس، هەر وەکو لەو گرێ بەستانەدا دیارە کە دۆزراونەتەوە لە

نێوان ساحیران وشەیتان گرێ دراوە، لەسەر پێستەی سەگ، هەیانە لەسەر پێستەی پشیلە نوسراوە، بەخوێنی حەیزی ئافرەت، وچەندین پیسی تریشی تێکەڵ دەکرێت، کە موسوڵمان قیزی دێت تەماشای بکا وبۆنی بکا، چ جای ئەوەی عەقدی لەسەر گرێ بدات.

- هیچ کەسێك نابێت بەساحیر تاوەکو کەسێکی زۆر پیس نەبێت لەڕوی ئەخلاقیەوە، ئەبێت بێ ڕەوشت بێت، داوێن پیس بێت، ئەگەر لەگەڵ دایکی خۆیشی بێت، یان کچی خۆی، یان خوشکی خۆی، ئیتر هەر چۆنێك بێت ئەبێت داوێن پیس بێ.

چەند ڕۆژێك پێش ئێستا پیاوێك هاتە لام، وتی: توشی کێشەیەکی گەورە هاتوم، وتی: کێشەیەك کەوتە نێوان خۆم وخێزانەکەم ورۆیشتەوە ماڵی خۆیان، پاش ماوەیەك دڵم نەرم بو وهەستام خێزانەکەم هێنایەوە، کە هێنامەوە شەوێك لەم شەوانە خێزانم پێی وتم: لەو ماوەیەدا ڕۆیشتمە لای ساحیرێك بۆ ئەوەی هەواڵت بزانم، بەڵام ئەوەبو لەگەڵ ساحیرەکە توشی شتی خراپ هاتم.

- ساحیر ئەبێت حەرامی گەورە ئەنجام بدات وبەوە خۆی لە شەیتانەکان نزیك بکاتەوە، وەگەرنا شەیتان ئیشی بۆ ناکات، ئەو کاتە شەیتان ئیشی بۆ دەکات وخزمەتی دەکات، ئەویش خزمەتێك پێشکەش بە شەیتان بکات.

هەر بۆیە هیچ ساحیرێك نابینن، هیچ كارێك بكات، هیچ نهێنییەك ئاشكرا بكات، نێوان ژن ومێرد خۆش بكات، یان تێك بدات، یان ژن ومێردێك لەیەكتر ببەستێت، یان هەر جۆرێكی تر لەو سیحرانەی كە لەبەشەكانی داهاتودا باسی لێوە دەكەم إنشاء الله، هیچ كارێكی لەوانەی بۆ ناكات، مەگەر ئەبێت ئەو ساحیرە خۆی لێ نزیك كردبێتەوە وكۆمەڵێك عیبادەتی بۆ شەیتان ئەنجام دابێت.

- هەیانە شەوێك لە شەوە دیاریكراوەكان، دەردەچێت بۆ دەرەوە وخۆی ڕوت دەكاتەوە، پاشان بازنەیەك بەدەوری خۆی دەكێشێت، وكۆمەڵێك ڕەمز وتەڵاسیم[1] دەنوسێت، وكۆمەڵێك كوفری مەزن بەخوا دەكات، پاشان لە شەیتان دەپاڕێتەوە، لەو كاتەدا لەوانەیە دەنگێگ بێت وقسەی لەگەڵ دەكات، هەندێك جاریش گرێبەست وپەیمانێك گرێ دەدەن.

- هیچ كەسێك نابێت بە ساحیر تاوەكو ڕقی لە ئایینە ئاسمانیەكان نەبێت ودژایەتیان نەكات وسوكایەتیان پێ نەكات.

ئەمەیە ساحیر، دە بیناسە.

*** *** ***

[1] تەڵاسم : واتە كۆمەڵێك ڕەمز وكود كە ڕەمزی نێوان ساحیران وشەیتانەكانە.

## چۆنێتی سیحرکردن وئامادەبونی شەیتانەکان لەبەر دەستی ساحیران ورازیکردنیان لەلایەن ساحیرانەوە[1]

هەر بەکورتی باسی هەندێك لەو ڕێگا وشێوازانە دەکەین:

### یەکەم: سیحری سوێند لەسەر خواردن :

ساحیر دەچێتە ناو ژورێکی تاریکەوە ومۆمێك دادەگرسێنێت، ئەگەر بیەوێت ئیشێکی سپی بکات بکات، وەکو نێوان ژن ومێردێك باش بکات..[2]، ئەو کات بخورێکی بۆن خۆش دەخاتە سەر مۆمەکە تا بۆنە خۆشەکە بەناو ژورەکە بڵاو دەبێتەوە، خۆ ئەگەر ویستی کارێکی ڕەش وشەڕ بکات[3]، ئەو کات بخورێکی بۆن ناخۆش دەخاتە سەر مۆمەکە تا بۆنەکەی بڵاودەبێتەوە، پاشان ژورەکە تاریکی باڵی بەسەردا دەکێشێت، ئیتر هەندێك تەڵاسیم وعەزایم[4] دەخوێنێت، وئەبێت ئەو تەلیسم وعەزیمەت وڕوقیەیانەی کە دەیخوێنێ ودەیکا شیرك وکوفری تێدا بێت، چونکە شەیتان بەوە ڕازی دەبێت.

---

[1] بڕوانە: الصارم البتار.

[2] بە زمانی خۆیان کارێکی خێرە ئەگینا هەمو کارێکیان خراپ وشەڕە.

[3] ئەگەرچی هەمو کارێکیان ڕەش وشەڕە.

[4] کۆی عەزیمەتە، هەندێك شتە ساحیرەکە دەیڵێ وسوێند لەسەر جنۆکە دەخوات کە ئەبێت کارێکی بۆ ئەنجام بدات.

مەرجیشە ساحیر لێرەدا ئەبێت پیس بێت، ئیتر لەشگران بێت یان جلوبەرگی پیسی لەبەردا بێت..

جا بە جنۆکە وشەیتانەکان ئەڵێ: «ئەی گەورەم، ئەی مەزنەکەم، -یانی: ئەی پەرستراوە مەزنەکەم شەیتان-». جا ئاوها لێیان دەپاڕێتەوە، هەر بۆیە ئەو سیحرانەی کە لەبەردەستماندایە تەماشا دەکەین کۆمەڵێك ناوی تێدایە وەك: «بدوح ومكتائيل وتكتائيل وصهصائيل وتهتائيل»، کە ناوی ئەو جنۆکە وشەیتانانەیە کە هاواریان پێکردوون.

دوای ئەمانە تارماییەك دەردەکەوێت لە شێوەی سەگ یان مار یان هەر شێوەیەکی تر بێت، یان هیچ دەرناکەوێت بەڵکو گوێی لە دەنگێك دەبێت، یان گوێی لە دەنگیش نابێت، پاشان گرێیەك دەدات لەسەر ئاسەوارێك لە ئاسەواری ئەو کەسەی سیحری لیدەکرێت، وەکو تەڵێکی قژی، یان پارچەیەك لە جل وبەرگەکەی، ..هتد بە مەرجێك ئارەقی ئەو کەسەی پێوە بێت، پاشان فەرمان بە جنۆکەکان دەکات بەوەی دەیەوێت.

## دووەم: قورئان خستنە ژێر پێ

ئەم جۆرەیان زۆر خراپ وقێزەونە، تەنها ئەوانەیان دەیکەن کە زۆر ڕۆچون وجنۆکەیەکی زۆریان لەبەر دەستدایە.

ساحیر لێرەدا قورئان وەکو پێڵاو دەکاتە پێی -پەنا بەخوا-، پاشان پێی دەچێتە ئاودەست ودەست دەکات بە خوێندنی هەندێك تەڵاسیمی شیرکی وکوفری، پاشان دەردەچێت، کە دەرچو ئەو کات ئەوەی دەیەوێت فەرمان بە جنۆکەکان دەکات وئەوانیش بۆی ئەنجام دەدەن.

جا ئەگەر دەپرسی: من هەندێك ساحیرم بینیوە، نوێژی کردوە وشوێنەواری دینداریێتی پێوە دیار بوە؟!

ئەوا ئەڵێین: بەڵێ ئەوە شەیتان فەرمانیان پێ دەکا، وەکو ساحیرمان بینیوە ودوای پەشیمان بونەوەی پێیان وتوین، ساحیرێك تەوبەی کردبو پێی وتم: شەیتان پێیان دەڵێن با شوێنەواری دینداری وتەقواتان پێوە دیار بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی باوەڕتان پێ بکات، ئەگەرنا ئەم ساحیرانە نە دوعا دەکەن ونەنوێژ دەکەن ونە قورئان دەخوێنن، تەنها لاشەیەکی بەتاڵە.

## سێیەم: ڕێگای شوێنەوار

لێرەدا ساحیر شوێنەواری ئەو کەسەی دەوێت کە سیحری لێدەکرێت، وەکو کلینسك یان سەروێن یان دەستەسڕ یان سەرپۆش یان فانیلە یان قەمیس یان پارچەیەکی جلوبەرگێکی، کە ئارەقی ئەو کەسەی پێوە بێت.

پاشان نوکەکەی گرێ دەدات، پاشان چوار پەنجە دادەنێت پاشان بەتوندی دەیگرێت پاشان سورەتی «الكوثر»، یان هەر سورەتێکی تری بچوك بە دەنگی بەرز دەخوێنێت، پاشان بە دەنگی نزم هەندێك ورتەورت ورِوقیە وتەلاسیمی شیرکی دەڵێت، ئیتر بانگی جنۆکە وشەیتانەکان دەکات وئەوسا پێیان دەڵێ: ئەگەر ئەمە نەخۆشیە ئەوا ئەم درێژیە وەکو خۆی بهێڵنەوە، ئەگەر بەهۆی جنۆکەکانەوە وای لێهاتوە درێژیەکەی کەم بکەنەوە، وئەگەریش حەسودی وچاو لێی داوە مەوداکەی درێژ بکەرەوە، دیسانەوە دەیپێوێتەوە بینی هەر کام لەوانەیە ئەوەی پێ دەڵێت.

جا جنۆکەکان زۆر درۆزنن لێرەشدا هەندێك جار ڕاست دەکەن وزۆرجاریش درۆ دەکەن.

**سەرنجێك..**

بینیتان سورەتی «کەوسەر»ی خوێند بەدەنگی بەرز، بۆ ئەوەی خەڵکی پێی بڵێن ئەمە پیاو چاکە وقورئان دەخوێنێ، کەچی بەدەنگی نزم ئەوەی بیەوێت لە کوفر وشیرك دەیکات.

بۆیە موسوڵمانان نابێت بێ ئاگابین، نابێت ساحیر ودۆستی شەیتانمان لەگەڵ دۆستی خوا لێ تێکەڵ بێت، بە پشتیوانی خوای گەورە لە داهاتوشدا باسی جیاوازی نێوان «أولیاء الله» و«أولیاء الشیطان» دەکەین.

## چوارەم: سـەربڕینـــی ئاژەڵ :

لێرەدا ساحیرەکە داوا دەکات لەو کەسەی سەردانی دەکات، باڵندەیەك یان ئاژەڵێکی بۆ بهێنێت به کۆمەڵێك مواصەفاتی دیاریکراو کە خۆی پێی دەڵێت، وزۆر جاریش داوای ڕەنگی ڕەش دەکات چونکە شەیتانەکان حەزیان لە ڕەنگی ڕەشە، هەروەکو پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: «الْكَلْبُ الأَسْوَدُ شَيْطَانٌ»[١]، واتە: سەگی ڕەش شەیتانە، ئیتر کەڵەشێرێك بێت یان مریشکێك یان کۆترێك، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی کەوا لەشەرعدا بەڕێزن ونابێت بکوژرێن، پاشان سەری دەبڕێت وناوی خوا جل جلاله لەسەر ناهێنێت، هەندێك جار لە خوێنەکەی دەپرژێنێتە سەر لاشەی نەخۆشەکە، پاشان دەڕوا لە شوێنێکی دورە دەستدا فڕێی دەدات، لەبیرێك بێت، کەلاوە کۆنەیەك، یان شوێنێکی چۆڵایی!؟ کە زۆر جار ئەم جۆرە شوێنانە ماڵی جنۆکەکانن، پاشان دەگەڕێتەوە وعەزیمەتێکی شیرکی کوفری دەخوێنێت، وئەوەی بیەوێت بە جنۆکەکە ئەڵێت.

زانراویشە ئەم جۆرە ڕێگایانە نزیك بونەوەیە لەشەیتان، هەر وەکو چۆن موسوڵمانان قوربانی دەکەن وئاژەڵ سەردەبڕن بۆ خوا تا لە لێی نزیك ببنەوە ئەگەر دوعایان کرد وەڵامیان بداتەوە لە دۆزەخ وتوڕەیی خۆی بیانپارێزێت، بەهرەمەندیان

---

[١] أخرجه مسلم.

بکات بە بەهەشت، ئاواش ئەم ساحیرە ئاژەڵێك سەر دەبڕێت بۆ شەیتان وبۆ ئەوەی لێی نزیك ببێتەوە، ئەوەی حەزی لێدەکات بۆی بکات، ئەوەی لێی دەترسێت لێی دور بخاتەوە.

جا موسوڵمانانی یەکتاپەرست دەبێت زۆر وریا بن، نابێت کارێك بکەن ببێتە هۆی دەرچونتان لەڕەحمەتی پەروەردگار، چونکە پەیامبەری خوا صلى الله عليه دەفەرمویێت: «لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ»[1]، واتە: لەعنەتی خوا لەوەی سەر ببڕینی بۆ غەیری خوا کردوە.

گومانی تێدانیە ئەم ساحیرانە ئاژەڵەکە بۆ جنۆکە وشەیتان سەر دەبڕن.

چەند موسوڵمان هەبوە ڕۆشتۆتە لای ساحیر، ئەویش داوای ئاژەڵی لێکردوە، وتویەتی: ئەو ئاژەڵەم بۆ بێنە بۆ ئەوەی کارەکەتان بۆ ئەنجام بدەم یان نەخۆشیەکەت بۆ چاك بکەمەوە، ئەمیش ئاژەڵێکی بۆ بردوە.

## ٥- پیس کـردنــی قـورئان :

جۆرێکی تر لەو ڕێگەیانەی کە ساحیران بەکاری دەهێنن، پیسکردنی قورئانی بەڕێزە.

---

[1] أخرجه مسلم.

لێرەدا ساحیرەکە هەڵدەستێ بە نوسینەوەی ئایەتەکانی قورئان بەخوێنی حەیز یان هەر شتێکی تری پیس یان میزی پێدا دەکات.

چەندین نوشتە -سیحر- هەیە کە کراوەتەوە، ئایەتی تێدا نوسراوە بەبێ هەڵە، ئەمەش جێی سەرسوڕمانە چونکە هیچ سیحرێك نیە مەگەر دەستکاری قورئانی تێدایە، ئیتر بە زیادکردن بێت یان کەمکردنەوە، وکۆمەڵێك پاڕانەوە وهانا بردن بۆ جنۆکە وشەیتانەکان وشیرکی تێدایە؟!

بەڵام کە بۆنی دەکەی دەبینی بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دێت وبۆنی پیسی پێوە کراوە.

جا هەر دەبێت سوکایەتی بەقورئان بکـات بۆ ئەوەی شەیتانەکەی ئیشێکی بۆ بکات.

چەند جار ڕۆیشتوی بۆ لای ساحیر، چەند جار ئاژەڵت بردوە، چەند جار ئاژەڵت بۆ سەربڕیوە؟

چەند جار نوشتەی بۆ نوسیوی وتویەتی بە هیچ شێوەیەك نابێت بیکەیتەوە؟

گرێکانی نەکەیتەوە!

لە ژێر بەردێك دایبنێ! -ئەگەر قورئانی تێدا نوسراوە چۆن دەخرێتە ژێر بەردەکانەوە-.

با کەس نەیبینێ! جا ئەگەر قسەی چاکە وقورئانە بۆچی کەس نەیبینێ با هەمو موسوڵمانان بیبینن، چونکە قورئان شاراوە نیە، دەتوانن بە ئاشکرا بیخوێننەوە، ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَر﴾، بەلاّم کاتێك دەزانێت ئیشەکانی ناشەرعیەوە وکوفری نوسیەوەتەوە، بۆ درۆ وفێڵ وهەڵخەڵەتاندنی موسوڵمانان، دەیشارێتەوە.

## شەشەم: هەڵگێڕاندنەوەی قورئان :

لێرەدا ساحیرەکە هەڵدەستێت بە هەڵگێڕاندنەوەی پیتەکان، ولە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا وشەکان دەنوسێت، یانی بە پێچەوانەوە دەینوسێت، پاشان هانا وپەنا بۆ جنۆکە وشەیتانەکان دەبات، ئەو کاتە جنۆکە وشەیتانەکان ئەوەی بۆ دەکەن کە داوای دەکات.

## حەوتەم: ڕێگای دەستخوێندنەوە

چەندین کەس هەیە شتێکی ون دەبێت یان شتێکی دزراوە... ئەڕوا پەنا بۆ جادوگەر ئەبات تا ئەو شتە دزراوەی بۆ بدۆزێتەوە.

ئەی ئەو فەرمودەیەمان لە بیرچوە کە پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویێت: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاةٌ أَرْبَعِينَ يَوْمًا»[١]، واتە: هەر کەس بڕواتە لای تاڵەگرێك یان جادوگەرێك وپرسیاری شتێکی لیٚ بکات تا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت.

هەورەها دەفەرمویٚ: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ»[٢]، واتە: هەر کەسێك بڕوات بۆ لای تاڵەگرێك یان جادوگەرێك، وبڕوا بکات بەوەی پێی دەڵێت، ئەوە کوفری کردوە بەوەی بۆ سەر رسول الله صلی الله علیه وسلم دابەزیوە.

واتە ئەو کەسەی بڕوات بۆ لای جادوگەرێك ئەو کارەی کوفرکردنە بەخوا، جا چ کەسێك ڕازی دەبێت کە کوفر بەخوا بکات، ئەگەر پێت بڵێن: ئەی کافر! قبوڵی ئەکەی؟! بەڵاٚم پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم، ئەم کردارەی بەکوفر داناوە!

ئەم جۆری سیحرەش شێوازی زۆرە، زۆرجاریش بۆ شتی ونبو دەکرێت، لەوانە:

---

[١] أخرجه مسلم.

[٢] أخرجه أحمد، والبيهقي، والحاكم، وقال: صحيح على شرطهما جميعا، وصححه العلامة المحدث الألباني في صحيح الجامع الصغير.

منداڵێك كە پێنەگەیشتبێ، دەخرێتە ژێر دەستی ساحیرەكە ونابێت منداڵەكە دەست نوێژی هەبێت، پاشان دەستی چەپی دەكاتەوە وچوار گۆشەیەك لەناو دەستی دەكێشێت، پاشان هەندێك تەلاسیم ورەمز لە گۆشەكانی دەكێشێت كە بریتیە لە سیحر، پاشان ژورەكە تاریك دەكات و كۆمەڵێك كاری تر دەكات كە سود لە باسكردنیدا نیە، دوای خویندنی عەزیمەتەكانی منداڵەكە بەر چاوی ڕوناك دەبێتەوە ولە ناو دەستی وێنەی جولاو دەبینێت، ئەو كاتە ئەوەی بیەوێت بە منداڵەكە ئەڵێ: «بەو وێنە بڵێ كە دەیبینی: عەزیمەتكەرەكە ئەڵێ: ئاوا وئاوا بكە».

جا موسوڵمانی یەكتاپەرست ئاگاداربە بۆ ئەوەی شتە دزراوەكەت دەست بكەوێتەوە نابێت پەنا بۆ ساحیر ببەیت، چونكە بەو كردارەت كوفر بەخوا دەكەیت!! نەك هەر چونەكەت كوفرە وەكو پەیامبەری خوا فەرموی، بەڵكو هانا بۆ بردنەكەشت بۆ لای ساحیرەكە زوڵمە چونكە ساحیرەكە هانا بۆ شەیتان دەبات، شەیتانیش دەبێت شیركی گەورەی بۆ ئەنجام بدات تا ئیشی بۆ بكەن.

موسوڵمانە خۆشەویستەكان..

لەدوای باسكردنی ڕێگاكانی ساحیران بۆ هێنانی شەیتانەكان، ئەمەوێ ئەوە بڵێم وبۆ ئەوەش ئەم ڕێگایانەم باسكرد:

ئەو ساحیرانەی ڕویان تێدەکەن وداوای چارەسەریان لێ دەکەن، ئەمە سیفات وئاکاریانە، ئەمە ڕێباز وڕێگایانە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی تۆ. بە پەنا بۆ شەیتان بردن وبەو شێوازەی باسمان کرد. ئایا تۆ ڕازیت بەمانە؟!

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

## بون وڕاستی وکاریگەری سیحر وبەڵگەکان لەسەری:

ئایا سیحر ڕاستە؟ ئەی کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ؟

سەبارەت بە بونی جنۆکە وشەیتانەکان، ئەوە إن شاء الله پێویستمان بە هێنانەوەی بەڵگە نیە لەسەر بونیان، چونکە قورئان وحەدیس وئیجماع و واقیع وهەست باشترین بەڵگەن بۆ چەسپاندنی وخەڵکی لوتبەرز نەبێت کەس نکوڵی لێ ناکات.

سەبارەت بە سیحریش دیسانەوە جیاوازی نیە لەسەر بونی، بەڵام جیاوازی هەیە لەسەر هەقیقەتی ونەبونی، ئەگەر چی سەرەنجامی ئەم مەزهەبەش هەر دەگاتەوە بەوەی سیحر بونی نەبێت.

مەزهەبی سەرجەمی ئەهلی سوننەت بە تێکڕا -مەگەر بە دەگمەن کە ئەوانەش ئەو زانایانەن گاریگەرن بە قوتابخانەی ئیعتیزال وعەقڵسالاری خۆیان وەکو ئیبن حەزم لە مەزهەبی زاهیریەکان وئەبو جەعفەر ئەسترئابادی لە شافعیەکان وئەبوبەکری ڕازی لە حەنەفیەکان- بە تێکڕا لەسەر ئەوەن کەوا سیحر:

هەقیقەتی هەیە وکاریگەریشی هەیە وبەڵگەی زۆریش هەیە، لە واقعیش دەبینرێ وهەستی پێدەکرێ ونکوڵی ناکرێ. سیحر هەیە، هەقیقەتی هەیە، وهەشە تەنها لەبەرچاگۆڕین «تخییل»ـە، بەمەش پێچەوانەی موعتەزیلەیان کردوە.

## بەڵگەکان لەسەر بونی سیحر

ئەهلی سوننەت، قورئان وسوننەت بە بەڵگە دێننەو لەسەر بون وڕاستێتی سیحر. بەڕاستی لە قورئاندا دەبینین پەروەردگار باسی ئەوە دەکات کە سیحر لە سەردەمی فیرعەوندا بونی هەبوە.

بەڵکو پەروەردگار باسی ئەوە دەکات کە سەرجەم گەلان ڕوبەروی پەیامبەران بونەتەوە وپێیان وتون: ساحیر وشێت: وەکو دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا قَالُوا سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ﴾ ئەی موحەممەد دڵتەنگ مەبە ئەوە هەروا هاتوە هیچ پەیامبەرێکمان لە پیش تۆوە نەناردوە مەگەر پێیان وتوە: ساحیر وشێت.

تەنانەت ئەوەندە هەمو مللەتێك ئەمەیان وتوە: پەروەردگار دوابەدوای ئەو ئایەتە دەفەرموێ: ﴿أَتَوَاصَوْا بِهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ﴾ ئایا ئەم قسانەیان نەوە دوای نەوە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردوە وا هەمویان دەیلێنەوە؟! نەخێر بەڕاستی ئەمانە هەر سەرکەشن، دڵیان وەکو ئەوانەی پێشینان وایە، ئەوەی پێشینانیان وتویەتی پاشینانیان دەیلێنەوە.

جا لە قورئاندا هاتوە:

- صالەح کە پێش ئیبراهیم -علیهما السلام- بوە، گەلەکەی پێیان وتوە: ﴿إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ﴾ واتە[1]: «بەڕاستی تۆ تەنها یەکێکی لە ساحیران نەك لە پەیامبەران».

- ئیبراهیم: گەلەکەی ئیبراهیمیش بڕوایان بە ئەستێرە هەبوە.

- موسا: [ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ مُوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا مُجْرِمِينَ، فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِنْدِنَا قَالُوا إِنَّ هَذَا لَسِحْرٌ مُبِينٌ * قَالَ مُوسَى أَتقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَكُمْ أَسِحْرٌ هَذَا وَلاَ يُفْلِحُ السَّاحِرُونَ][2].

- تەنانەت قورەیش بە پەیامبەریان وت ساحیر: ﴿وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ * أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾.

---

[1] لەسەر ڕای مەشهور.

[2] یونس:٧٧.

مێژونوسان باسی چەندین گەل ومیللەتیان کردوە کە هەر لە دێر زەمانەوە سیحریان تێدا ئەنجام دراوە، ودەڵێن: بونی ئەو هەموە ئاسەوارە مێژوییە کۆنە سیحریانەیە لە کتێب ونوسراو ووێنە ورەمز، لەو میللەتانەش بۆ نمونە:

## بابلییەکان

ئەم میللەتە قورئانیش باسی لێوە کردون، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: [وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ][1]، باسی بابل دەکا کە سیحری تێدا بوە.

## میسریەکان «فیرعەونەکان»

هەروەها فیرعەونەکانیش دیسانەوە لە قورئان باسیان هاتوە وزۆریش هاتوە، باشترین شاهیدیش چیرۆکی نیوان پەیامبەر موسا -علیه السلام- وساحیرەکانی فیرعەونە، تەنانەت بە هۆی زۆری وبەربڵاوی سیحر لە میسردا، هەندێك ئەڵێن: بۆیە موعجیزەی پەیامبەر موسا -علیه السلام- بریتی دەبێت لەوەی: کاتێك دەستی لە گیرفانی دەردەکات دەبێتە نور وروناکی، کاتێك گۆچانەکەی فڕێ دەدات

[1] البقرة:١٠٢.

دەبێتە مارێك ودەسوڕێتەوە تەماشا دەكەی بۆ ئەوەی ساحیرانی ئەو سەردەمەی پێ بێ دەنگ بكا ودەسەڵاتی خوایان پیشان بدا وسەرسامیان بكات وئیمان بهێنن كە ئەوەبو ئیمانیشیان هێنا.

هەروەها لە نێو فارسەكان وهیندیەكان ویۆنانیەكان[1]، وعەرەبەكاندا هەبوە، وهەتا ئەمرۆش لە نێو خەڵكدا هەر ماوە.

[1] قال شيخ الاسلام في الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان وذكر معناه أيضا في منهاج السنة النبوية: «ثم لو بلغ الرجل في الزهد والعبادة والعلم ما بلغ ولم يؤمن بجميع ما جاء به محمد صلى الله عليه و سلم فليس بمؤمن ولا ولي لله تعالى كالأحبار والرهبان من علماء اليهود والنصارى وعبادهم وكذلك المنتسبين إلى العلم والعبادة من المشركين مشركي العرب والترك والهند وغيرهم ممن كان من حكماء الهند والترك وله علم أو زهد وعبادة في دينه وليس مؤمنا بجميع ما جاء به محمد فهو كافر عدو لله وإن ظن طائفة أنه ولي لله كما كان حكماء الفرس من المجوس كفارا مجوسا وكذلك حكماء اليونان مثل أرسطو وأمثاله كانوا مشركين يعبدون الأصنام والكواكب وكان أرسطو قبل المسيح عليه السلام بثلاثمائة سنة وكان وزيرا للاسكندر بن فيلبس المقدوني وهو الذي تؤرخ له تواريخ الروم واليونان وتؤرخ به اليهود والنصارى وليس هذا هو ذا القرنين الذي ذكره الله في كتابه كما يظن بعض الناس أن أرسطوا كان وزيرا لذي القرنين لما رأوا أن ذاك اسمه الاسكندر وهذا قد يسمى بالاسكندر ظنوا أن هذا ذاك كما يظنه ابن سينا وطائفة معه وليس الأمر كذلك بل هذا الاسكندر المشرك -الذي قد كان أرسطو وزيره- متأخر عن ذاك ولم يبن هذا السد ولا وصل إلى بلاد يأجوج ومأجوج وهذا الاسكندر الذي كان أرسطو من وزرائه يؤرخ له تاريخ الروم المعروف».

کەواتە سیحر وجادو لە دێر زەمانەوە لەناو سەرجەم گەلاندا هەبوە وهەتا ئێستاش بەردەوامە، بەڵکو تەشەنەی زیاتری کردوە وپێشکەوتنیشی بەخۆوە بینیوە.

ئەوە ئەمریکا وئەوروپا و وڵاتانی تریش سیحر تێیاندا لە چڵە پۆپە دایە، تەنانەت لە ساڵی ١٥٣٣ لە ئەوروپا کۆمەڵەیەك -کە جولەکە بون- دامەزران وقوتابخانەیەکی سیحری ڕەشیشیان دامەزراند، بەڵام دوای تێپەڕبونی کەمتر لە نیو سەدە لە ١٥٧٢ داخرا.

بەڵکو لەسەردەمی تەکنەلۆژیا ونەوەویدا سیحر وجادوگەری لە سەرجەم وڵاتانی دونیادا هەیە، وئەگەر ئاماژەیەك بکەین بۆ ئامارەکان دەردەکەوێت کە سیحر وساحیران لە چ ئاستێکدان لە زۆری وتەشەنەکرد،

- لە ئەڵمانیا زیاتر لە «٨٠,٠٠٠» هەزار ساحیری ئافرەتی تێدایە. هەر لە ئەڵمانیا لە چوار کەسدا یەك کەس بڕوای بە سیحر وکاریگەری هەیە.

- لەبەڕازیلیش بە هەمان شێوە.

- لە فەرەنسا زیاتر لە «٣٠,٠٠٠» هەزار ساحیر هەیە، هەر لە فەرەنسا بە ملیۆنەها هاوڵاتی بڕوایان بەوە هەیە کە ئەوان قوربانی شەیتانن.

- لە هەر ویلایەتێکی ئەمریکادا بە هەزاران ساحیر هەیە.

- لە کۆریای باشوریش بە هەمان شێوە، بەڵکو دەجالێکی تێدایە ملیۆنەها کەس شوێنی کەوتوە.

ئەگەر بپرسین بۆچی لە ولآتانی بەناو ڕۆشنبیر وبەناو پێشکەوتو لە زانستدا گیرۆدەی دەستی ساحیر وتاڵەگر بون؟

وەلآمەکەشی لە کتێبەکەی پەروەردگارە، هەر وەکو دەفەرموێت: [وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا][1] ، هەرکەس پشت لە یادی من بکات، لە قورئانەکەم دینەکەم، ئەوا بەڕاستی گوزەرانێکی تەنگەژە ونارەحەتی بۆ دەبێت.

کاتێك کە پشتیان لە پەروەردگار کرد ئەو کاتە پەروەردگاریش ژیانی دونیایان لێ تەسك دەکاتەوە.

موسوڵمانە خۆشەویستەکان..

هۆکارێك لە هۆکارەکانی دەست بردن بۆ سیحر تەنگ بونەوەی ژیانە، غەم وخەفەتە، نارەحەتیە، هاتنی دەردو بەلآیە، بۆیە دەبینی لە ولآتانی ناموسڵمان ئاسودەیی دەرونی نیە.

---

[1] سورة طـه:١٢٤.

هەر بۆیە ئەو هەمو بەڵگەیە کە دەیبینن هاتوە، لە ویرد وچارەسەرە شەرعیەکان، وەکو نزا وزیکرەکان، وزیکری بەیانیان وئێواران وزیکری خەوتن وهەستان لەخەو.. هتد ، ئەمانە بۆ ئەوەیە موسوڵمان دەرونی پاك وئاسودە وئارام بێت، لە جنۆکە وشەیتانەکان دور وپارێزراو بێت، ولەپەروەردگارەوە نزیك بێت.

## بەڵگەکان لە قورئاندا

١. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار باسی یەهودییەکان دەکات ورەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کە ئەو جولەکانە بە کوفر کردن وپەیامبەر کوشتن، بێ وەعدی، وشکاندنی گفت وپەیمان، فێڵ کردن، وپیلانگێڕی نەوەستاون، بەڵکو باسی خراپەیەکی تریشیان دەکات وئەویش بریتیە لە شوێنکەوتنی سیحر وساحیران.

جا دەفەرموێ: [وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ] واتە: ئەو جولەکانە لەبری شوێنکەوتنی پەیامبەر، شوێنی ئەو شتانە کەوتن کە شەیتانەکان دەیخوێنن وبە دەم موڵکەکەی پەیامبەر سولەیمانەوە -علیة السلام- هەڵیانواسیوە، کە سیحر وجادوگەریە.

لەسەر ئەم ئایەتە بەگشتی ڕایەکی زۆر هەیە لەنێوان ڕاڤەکارانی قورئاندا، تەنانەت هەندێکی بۆ باسکردن هەرناشێت.

یەکێك لەو ڕایانەی کە باسی دەکەن:

پەیامبەر سلیمان -علیة السلام- کە ئەبێتە پادشا هەمو ئەو کتێبە سیحریانە لە ساحیران وەردەگرێتەوە کە بەهۆیەوە خەڵك فێری سیحر دەبون، کە لێی وەرگرتنەوە خستنیە ژێر عەرشەکەی خۆیەوە، کە وەفاتی کرد وتەماشای ژێر عەرشەکەیان کرد بینییان پڕە لە کتێبی سیحری، ئەوەبو جنۆکە وشەیتانەکان بە خەڵکیان وت: سولەیمان بەو کتێبانە توانی جنۆکە وشەیتانەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئەڵێن: کە لە قورئان ناوی سولەیمان هات وەکو پەیامبەر، جولەکە وتیان: سەیرتان لە موحەممەد نایەت وا دەزانێت کوڕەکەی داود پەیامبەرە، واللە ساحیر بو.

ئەوەبو ئەو ئایەتە نازل بو، پرسەکەی ڕونکردوە وجولەکەی دەمکوتکرد.

جا یەهودییەکان بەو شێوە تیاچون وباوەڕیان کرد ونەیان وت کە ئەمە پەیامبەری خوایە وخوای لە پشتە، سیحری ساحیر وکتێبی جادوگەری بۆچیە؟!

هەر بۆیە دوای ئەوە دەفەرموێ: [وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ] سولەیمان بە هیچ شێوەیەك کوفری نەکردوە، [وَلَكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ] بەڵکو ئەوە شەیتانەکان بون کوفریان کرد، ڕۆیشتن خەڵکیان فێری سیحر دەکرد.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە سیحر کوفرە، وئەم حوکمە مورەتەبە لەسەر وەصفێك، کە ئەم حوکمی کوفرە لەبەر سیحرە، وئەمەش یاسایەکە بۆ تێگەیشتن لە تەفسیری قورئان، وەکو «شيخ الإسلام ئیبن تیمیە» لە کتێبی «اقتضاء الصراط المستقيم» بە جوانی ڕونی کردۆتەوە کە هەر کاتێك حوکمێك مورەتەب بو لەسەر وەصفێك دەبێتە عیللە بۆی.

عیللەی کوفرەکەیان چیە؟ سیحر کردن بوە هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ: [ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ][1]، ئەم دو فریشتەیە «هاروت وماروت» وتیان: ئێمە تاقیکردنەوەین بۆ ئێوە، ئامان فێری کوفر نەبن وئێمە

[1] سورة البقرة:١٠٢.

دەتوانین فێرتان بکەین بەڵام ئێمە تاقیکردنەوەین، بەهۆی فێربونی سحرەوە خۆتان توشی کوفر مەکەن.

کەواتە ئەم قورئانە بونی سیحر دەسەلمێنێت کە حەقیقەتی هەیە وکاریگەری دەبێت.

چۆن؟

ئەگەر حەقیقەت وکاریگەری نەبێت ئیتر شەیتانەکان فێری چی دەبون وخەڵکیان فێری چی دەکرد؟

ئەگەر هیچ نەبێت کەواتە فێری هیچ نەبونە وهیچیان فێری کەس نەکردوە.

٢. پاشان چیرۆکی نێوان پەیامبەر موسا -علیه السلام- وفیرعەون کە خوای گەورە لە چەندین شوێنی قورئاندا باسی دەکات، بەڵگەی ڕاستێتی وکاریگەرێتی سیحرە.

سەرەتای ئەم چیرۆکەش ئەوەیە: پەیامبەر موسا وهارون -علیهما وعلى جميع الأنبياء الصلاة والسلام- دێن بۆ لای فیرعەون وقسەی لەگەڵ دەکەن وپەیامی خوای پێ ڕادەگەیەنن، فیرعەونیش بە موسای وت: تۆ چ بەڵگەیەکت پێیە بۆ ئەو قسانەت، پەیامبەر موسا -علیه السلام-، دەستەکانی دەرکرد ئەوەبو بو بە

ڕوناکی ، گۆچانەکەشی هاویشت بوبە مارێك ودەڕۆیشت، دو نیشانەی گەورە بون خوای گەورە پێی بەخشی بو، کە پیشانی فیرعەونیدا، فیرعەون وتی: بەڕاستی تۆ ساحیرێکی گەورە وفێڵبازی. کەوابو کاتێك دادەنێین لە نێوانماندا بۆ ئەوەی تۆ نمایشی خۆت بکەیت وئێمەش نمایشی خۆمان بکەین ئەو کاتە دەزانین سیحری کێ گەورەیە وبراوەیە، ئەوە بو ڕۆژی نەورۆزیان دیاری کرد -وەکو کۆمەڵێك لە المفسرین دەفەرمون:- [يَوْمُ الزِّينَةِ] بریتییە لە ڕۆژی نەورۆز[1]، ئەوەبو هەمو خەڵکی لە گۆڕەپاندا لە چاوەڕوانیدا بون تا هەردولا ئامادەبون، جا دونیا پەرستی وای لە ساحیران کرد بە فیرعەونیان وت: ئەگەر ئێمە سەرکەوتین پاداشتمان بۆ دەبێت، بۆیە هەڵوێستێکی موحریجانە بو بۆ فیرعەون چونکە دڵنیابو لەوەی کە پەیامبەر موسا -علیة السلام- لەسەر حەقە، بەلاّم کورسی ودەسەلاّتەکەی، ستەم وخۆبەگەورە زانینەکەی بونە ڕێگر لەوەی شوێنی پەیامبەر موسی -علیە السلام- بکەون، هەوەکو خوای گەورە دەفەرمویّت: [وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا][2]، واتە: نکوڵیان کرد بەهۆی ستەم ولوتبەرزیانەوە، لە کاتێکدا دڵنیابون کە ڕاستە.

---

[1] کەواتە ڕۆژی نەورۆز موڵکی کورد نیە بەتەنها بەڵکو سەرجەم گەلان خاوەنی نەورۆزن، ئـەوەتا فیرعەونەکانی میسریش نەورۆز ڕۆژی چەژن وخۆشیان بوە.

[2] النمل:١٤.

جا فیرعەونیش هەستی بە گەورەیی مەترسیەکە دەکرد بۆیە پێی وتن: دەبنە دەست ڕاست ونزیکی من ئەگەر سەر بکەون بەسەر موسادا. کەواتە زانیویەتی ئەمە هەروا کارێك سادە وساکار نیە..

پاشان وەك پەروەردگار باسی دەکات:

﴿قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى،فَتَوَلَّى فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُ ثُمَّ أَتَى،قَالَ لَهُمْ مُوسَى وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى،فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى،قَالُوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى،فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُمَّ ائْتُوا صَفًّا وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى، قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى﴾

﴿قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ نَحْنُ الْمُلْقِينَ، قَالَ أَلْقُوا فَلَمَّا أَلْقَوْا سَحَرُوا أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ، وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ، فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ، فَغُلِبُوا هُنَالِكَ وَانْقَلَبُوا صَاغِرِينَ، وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ، قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ، رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ﴾.

ساحیرانیش لوت بەرزی وای لێکردن -وەکو سەرۆکەکەیان- بە پەیامبەر موسایان -علیه السلام- وت: ئەگەر دەتەوێت تۆ لەپێشەوە بیهاوێژە، دەشتەوێ ئێمە یەکەمجار دەیهاوێژین، پەیامبەر موسی -علیه السلام- فەرموی: ئێوە یەکەم جار فرێی بدەن.

ساحیرەکانیش کۆمەڵێك پەتی گەورەیان فڕێدا، کە فڕێیاندا حەبلەکان بون بەمار ودەجولاڵن وسیحرێکی سەیریان کرد، خوای گەورە وەسفی ئەو سیحرە دەکات ودەفەرموێت: [وَجَاءوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ][1]، واتە: سیحرێکی گەورەیان پێشکەش کرد. خوای مەزن پێی بفەرمێ: «گەورە» ئەبێت چەند گەورە بو بێت!؟

[فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَى][2] ، پەیامبەر موسا -علیه السلام- ترسێك کەوتە دڵیەوە کە سروشتی مرۆڤە وەگەرنا تەواو دڵنیایە لە بەڵێنی خوا سبحانە، خوای گەورە پێی فەرمو -وەکو دڵنیاکردنەوەی-: [لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ الْأَعْلَى][3] ، براوە وسەرکەوتو تۆی ئەی موسا، دو دڵی نەتگرێ وپێشکەوە وگۆچانەکەت بهاوێژە.

---

[1] الأعراف:١١٦.

[2] طـه:٦٧.

[3] طـه:٦٨.

[وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى][1]، واتە: ئەوەی لە دەستی ڕاستتدایە کە گۆچانەکەیە بیهاوێژە ئەوانەی کە کردویانە دەیخوات ودەیلوشێت، چونکە ئەو کارەی ئەوان تەنها بریتیە لە فێڵی ساحیر -وەك ئەوەی تۆ نیە کە کاری خوایە سبحانە-، ساحیریش لەهەر کوێ بێت وبۆ کوێ بڕوا هەرگیز سەرفراز وسەرکەوتو وبراوە نابێت.

هەر بۆیە کە پێغەمبەر موسا -علیه السلام- گۆچانەکەی فڕێدا، بو بە مارێك وهەمو حەبلەکانی ئەوانی قوتدا.

ئەوەبو: [فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ][2]، ساحیرەکان هەمویان ڕۆیشتنە کڕنوشە، [قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ،رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ][3]، وتیان: باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهانیان، پەروەردگاری موسا وهارون. وەکو بڵێن: ئەمە چ دەسەڵاتێکە توانای هەبێت ئەو سیحرە گەورانەی ئێمە لەناو بەرێت ئەمە هەر دەسەڵاتی خوای باڵادەستە.

---

[1] طـه:٦٩.
[2] الشعراء:٤٦.
[3] الشعراء:٤٧-٤٨.

بۆیە فیرعەونی تاغوت وتی: ﴿آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَى، قَالُوا لَنْ نُؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنْتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا، إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾.

وتی: بڕواتان پێهێنا پێش ئەوەی ڕێگەتان پێبدەم!

سەرنج بدەن کاتێك مرۆڤ لوت بەرز دەبێت چی لێ دێت؟ ئەڵێ: بڕوای پێ دەهێنن بەبێ ئەوەی ئیزن لەمن وەربگرن.

پاشان ئەڵێ: بێگومان ئەمە ئەو مامۆستایەیە کە فێری سیحری کردون، دەی کەوابو بە دڵنیاییەوە ئەبێت دەست وقاچتان بە ڕاست وچەپ ببڕمەوە ولەقەدی دار خورما ئەبێت لە خاچتان بدەم..

زۆر نارەحەتە لە فیرعەونی وڵات هەڵبگەڕێیتەو وبڕۆیتە ڕیزی دوژمنەکەیە ولەبەر دەستیدا بیت وهەڕەشەت لێبکات؟!!

بەڵام ئیمان کە ساردیەکەی بەر دڵ کەوت وئیتر بە دونیا نایگۆڕیتەوە، بۆیە کە ساحیرەکان تەوبەیان کرد وتامی ئیمانیان چەشت وبەردڵیان کەوت، بە فیرعەونیان وت: [لَنْ نُؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنْتَ

قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا، إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَى][1]، ئێمە تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو ئیمان وهیدایەتەی بۆمان هاتوە، بەسەر ئەوەی دروستی کردوین وبەدیهێناوین ئەو شایستەی ملکەچی بۆکردنە نەك تۆ، بڕۆ هەرچیت پێدەکرێ بیکە، کەمتەرخەمی مەکە، بێگومان ژیانی ئەم دونیاش تەواو دەبێت ودوابڕاوە، توانایەکیشت هەبێت بەسەرمانەوە تەنها لەم دونیایە.

بەڵێ، موسوڵمانی یەکتاپەرست ئەمانە هەمو حەقیقەتن، خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوە وسەلماندویەتی کەوا سیحر ڕاستە وکاریگەری هەیەی.

تەنانەت خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە سیحریان لەخەڵك ولەنێویشیاندا پەیامبەر موسا -علیه السلام- کردوە، بەشێوەیەك وا تێگەیشتوە کە ئەو گوریسانە بون بەمار [فَلَمَّا أَلْقَوْا سَحَرُوا أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ] [ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى][2]، تەنانەت پەیامبەر موسا -علیه السلام- ترسێك کەوتە دڵیەوە [فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَى][3]، کەواتە

---

[1] طـه:٧٢.

[2] سورة طـه:٦٦.

[3] سورة طـه:٦٧.

بەشێوەیەك بەرچاوی موسا علیه الصلاه والسلام  وخەڵكی كەوت كە ئەو پەتانە بون بە مار ودەجوڵێن ودەسوڕێن.

كەواتە سیحر ڕاستە وكاریگەرە.

بەڵام شوبهەیەك هەیە: ئەڵێ خوای مەزن فەرمویەتی: [يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى] وا دەهاتە بەرچاوی خەڵك كە گورێسەگان ڕێدەكەن، كەواتە ئەوانە مار نەبون هەر حەبل بون بەڵام وا دەهاتە پێش چاوی خەڵك، كەواتە سیحر هەقیقەتی نیە.

وەڵامی ئەمەش زۆر ئاسانە: ئەگەر سیحر ڕاست نیە، ئەی چۆن هەستی ئەو هەمو خەڵكە دەگۆڕێت و وایان لێدەكات شت ببینن جیاواز لە هەقیقەتی خۆی؟! پەت بەپەت نەبێنێ وبەماری ببینێت، ئایا ئەمە كاریگەری سیحر نیە؟ بێگومان كاریگەری سیحرە.

پاشان مەرج نیە سیحر هەقیقەتی شتەكان بگۆڕێت وبەڵكو شتی وا هەر نابێت[١]، گەرنا ساحیرەكان بەردەكانی سەرزەویشیان هەمو دەكرد بە پارە وپوڵ.

---

[١] ینظر: القول المفید علی كتاب التوحید لإبن عثیمین رحمه الله تعالی.

بە کورتی سیحر هەقیقەت وکاریگەری هەیە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سیحر هەقیقەتی شتەکان دەگۆڕێت.

٣. خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ][1]، ئەمەش زانایان بۆ سەلماندنی کاریگەریی وحەقیقەتی سیحر دەیهێننەوە.

مانای ئایەتەکەش: وپەنات پێدەگرم لەشەڕی ئەو ئافرەتانەی کە فو دەکەن بەگرێدا[2]، واتە: پەنات پێدەگرم لە شەڕی ساحیران، چونکە ساحیرەکان کاتێك سیحر دەکەن گرێ دەکەن وفوی پێ دەکەن، پاشان ڕوقیە وتەلاسیم وعەزایم دەخوێنن.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە: بۆچی باسی ئافرەت دەکرێت بۆ مەگەر پیاویش سیحر ناکات؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە: زۆر جار ئافرەتانن باوەڕیان بە سیحر هەیە وسیحر دەیکەن وشوێنی سیحر دەکەون ودەبنە ساحیر، ئافرەت لە پیاو زیاتر خەریکی سیحرە، بۆیە دەبینیت باسی ئافرەتی ساحیری کردوە، ئەگەرنا پیاوی ساحیریش دەگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینە ئافرەتانن باسی ئافرەت دەکات، هەر وەکو لە پێشدا باسمان کرد

---

[1] سورة الفلق:٤.

[2] هەمو ئەهلی تأویل وئەوانەی کە ئیعتیبار بۆ بۆچونیان دەکرێت، یەکدەنگن کە لەوێدا واتە: لەشەڕی ئەو ئافرەتانەی کە فو دەکەن بەگرێدا.

تەنها لە ئەڵمانیا «٨٠,٠٠٠» هەزار ئافرەتی ساحیر هەیە، تەنانەت لە ئاخیر زەمانیشدا کە دەججال دێت، زۆربەی ئەوانەی شوێنی دەکەون ئافرەتن، هەر بۆیە پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: ئەی ئافرەتان دۆزەخم پیشاندرا زۆربەی دانیشتوانەکەی ئافرەت بون.

ئافرەتانی صەحابە -وەکو هەندێك لە ئافرەتانی ئەم زەمانەی ئێمە نەبون بڵێن: مادام لەدۆزەخم باهەر لەدۆزەخ بم-، بەڵکو ملوانکەکانی ملیان داکەند وگوارەکانی گوێیان کردەوە و وتیان: ئەی پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم- ئەوا خێر وصەدەقەیە لە پێناوی خوا، ئێمە دەمانەوێت لەو کەمە ببین کە لەدۆزەخ نین نەك لەگەڵ ئەو زۆرەببین کە لەدۆزەخن[1].

تەنانەت زۆربەی ئەو سیحرانەی هاتۆتە لام، زۆربەی لەلایەن ئافرەتانەوە کراون، بۆیە ئافرەتانی موسوڵمان دەبێت لە خوا بترسن وباوەڕتان بەدرۆ وفێڵ

---

[1] في الصحيحين: عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللّهِ. قَالَ: «شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللّهِ صلى الله عليه وسلم الصّلاَةَ يَوْمَ الْعِيدِ، فَبَدَأَ بِالصّلاَةِ قَبْلَ الْخُطْبَةِ، بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلاَ إِقَامَةٍ، ثُمّ قَامَ مُتَوَكّئاً عَلَىَ بِلاَلٍ، فَأَمَرَ بِتَقْوَى اللّهِ. وَحَثّ عَلَى طَاعَتِهِ، وَوَعَظَ النّاسَ، وَذَكّرَهُمْ، ثُمّ مَضَى حَتّىَ أَتَى النّسَاءَ، فَوَعَظَهُنّ وَذَكّرَهُنّ، فَقَالَ: «تَصَدّقْنَ. فَإِنّ أَكْثَرَكُنّ حَطَبُ جَهَنّمَ» فَقَامَتِ امْرَأَةٌ مِنْ سِطَةِ النّسَاءِ سَفْعَاءُ الْخَدّيْنِ، فَقَالَتْ: لِمَ يَا رَسُولَ اللّهِ؟ قَالَ: «لأَنّكُنّ تُكْثِرْنَ الشّكَاةَ، وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ» قَالَ: فَجَعَلْنَ يَتَصَدّقْنَ مِنْ حُلِيّهِنّ، يُلْقِينَ فِي ثَوْبِ بِلاَلٍ مِنْ أَقْرِطَتِهِنّ وَخَوَاتِمِهِنّ».وهذا لفظ مسلم

نەبێت، بڕوا کردن بە ساحیر وجادوگەر وفاڵچی حەڕامە وکوفرە ودەبێتە مایەی قەبوڵ نەبونی نوێژ.

**چوارەم:** ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾

## حەقیقەتی سیحر بە بەڵگەی سوننەت:

کۆمەڵێك فەرمودە هاتوە کە حەقیقەتی سیحر دەسەلمێنێت:

**یەکەم:** لە صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتوە، لە ئەبو هورەیرەوە، پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم، دەفەرموێت: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ...»[١]، واتە: خۆتان لەحەوت لەناوبەرەکە بپارێزن: یەکەم شەریك بۆ خوا بڕیاردان، دوەمیان سیحرکردن.

ئەگەر ڕاست نەبێت وکاریگەری نەبێت ئیتر خۆمان لەچی بپارێزین؟!

هەورەها ئەگەر کاریگەری نەبێت ئەم نەهی لێکردنە واتای نامێنێت.

[١] أخرجه البخاري ومسلم.

**دووەم:** ئەبوموسای ئەشعەری ئەڵێ: پەیامبەری خوا -صلى الله عليه آله وسلم- دەفەرموێ: «لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مُدْمِنُ خَمْرٍ، وَلاَ مُؤْمِنٌ بِسِحْرٍ، وَلاَ قَاطِعُ رَحِمٍ»[1] ، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك بەردەوام بێت لەسەر مەی خواردن، وکەسێك باوەڕی بە سیحر هەبێت، وکەسێك پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت.

**سێیەم:** پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَو كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيه وسَلَّم»[2]. واتە: هەر کەسێك بچێت بۆ لای ساحیر وجادوگەرێك باوەڕ بکات بەوەی پێی دەڵێت ئەوە کوفری کردوە بەوەی بۆ سەر موحەممەد صلى الله عليه وسلم- دابەزیوە.

**چوارەم:** هەروەها پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاَةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً»[3]، واتە: هەر کەسێك بڕوا بۆ لای تاڵەگرێك وپرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك، چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت.

---

[1] أخرجه ابن حبان في وصححه الحاكم والذهبي، وقال الألباني: الحديث بمجموع الطريقين حسن.

[2] أخرجه أحمد، والبيهقي، والحاكم وقال: صحيح على شرطهما جميعًا، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير.

[3] رواه مسلم .

ئەمە ئەگەر باوەڕی پێ نەکات، خۆئەگەر باوەڕی پێ هەبێت ئەوا کوفری کردوە.

**پێنجەم:** عیمرانی کوڕی حوصەین ئەڵێ: پەیامبەر صلى الله عليه وسلم فەرموی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ سَحَرَ، أَو سُحِرَ لَهُ، أَو تَطَيَّرَ، أَو تُطِيِّرَ لَهُ، أَو تَكَهَّنَ، أَو تُكُهِّنَ لَهُ»[1]. واتە: لە ئێمە نیە ئەوەی سیحر دەکا وئەوەشی سیحری بۆ دەکرێت، ئەوەی غەڕی دەکات وئەوەشی داوای کردنی دەکات، ئەوەی تاڵە دەگرێتەوە وئەوەشی داوای گرتنەوەی دەکات.

**پێنجەم:** جولەکەیەك سیحری لە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم کردوە.

جا ئەگەر سیحر کاریگەری نەبێت چۆن لە پەیامبەر دەکرێت، تەنانەت وای لێکردوە وای زانیوە دەڕواتە لای خێزانەکانی ونەشرۆیشتبو.

بەڵام:

[1] أخرجه البزار والطبراني، وقال المنذري: «رواه البزار بإسناد جيد، ورواه الطبراني من حديث ابن عباس دون قوله: «ومن أتى...» إلخ، بإسناد حسن». وقال الهيثمي: «رواه البزار، ورجاله رجال الصحيح خلا إسحاق بن الربيع، وهو ثقة». وصححه الألباني في الصحيحه.

## ئایا بەڕاستی پەیامبەر-صلى الله عليه وسلم- سیحری لێکراوە؟

بەڵێ، لە هەردو صەحیحی بوخاری وموسلمدا هاتوە لە فەرمودەکەی عائیشەی دایکی ئیمانداران -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێت:

«سَحَرَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي زُرَيْقٍ، يُقَالُ لَهُ لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ، حَتَّى كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ كَانَ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَمَا فَعَلَهُ، حَتَّى إِذَا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ أَوْ ذَاتَ لَيْلَةٍ وَهُوَ عِنْدِي لَكِنَّهُ دَعَا وَدَعَا، ثُمَّ قَالَ: يَا عَائِشَةُ أَشَعَرْتِ أَنَّ اللهَ أَفْتَانِي فِيمَا اسْتَفْتَيْتُهُ فِيهِ، أَتَانِي رَجُلانِ فَقَعَدَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي وَالْآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ، فَقَالَ: أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ مَا وَجَعُ الرَّجُلِ فَقَالَ مَطْبُوبٌ قَالَ مَنْ طَبَّهُ قَالَ لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ قَالَ فِي أَيِّ شَيْءٍ قَالَ فِي مُشْطٍ وَمُشَاطَةٍ وَجُفِّ طَلْعِ نَخْلَةٍ ذَكَرٍ قَالَ وَأَيْنَ هُوَ قَالَ فِي بِئْرِ ذَرْوَانَ فَأَتَاهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي نَاسٍ مِنْ أَصْحَابِهِ فَجَاءَ فَقَالَ يَا عَائِشَةُ كَأَنَّ مَاءَهَا نُقَاعَةُ الْحِنَّاءِ أَوْ كَأَنَّ رُءُوسَ نَخْلِهَا رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا اسْتَخْرَجْتَهُ (وفي رواية لمسلم: أَفَلا أَحْرَقْتَه) قَالَ قَدْ عَافَانِي اللَّهُ فَكَرِهْتُ أَنْ أُثَوِّرَ عَلَى النَّاسِ فِيهِ شَرًّا، فَأَمَرَ بِهَا فَدُفِنَتْ..».

کابرایەکی یەهودی لەخێڵی زورەیق کە ناوی لەبیدی کوڕی ئەعصەم بو، سیحری لە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد، وای لە پەیامبەری خوا صلى

الله علیه وسلم کردبو هەستی دەکرد شتانێك دەکات ونەشیدەکرد، ولەڕیوایەتێکی تری صەحیحدا هاتوە: ئەو شتە ڕون دەکاتەوە وئەڵێ: وایدەزانی دەڕواتە لای خێزانەکانی ونەشچوبو.

عائیشە ئەڵێ: ڕۆژێك یان شەوێك پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم لای من بو هەر نزای کرد وهەر پاڕایەوە، پاشان فەرموی: ئەی عائیشە زانیت ئەوەی داوام لە خوای گەورە کرد وەلاّمی دامەوە، دو پیاو[١] هاتن بۆلام، یەکێکیان لەلای سەرم وئەوەکەی تریشیان لەلای قاچمەوە دانیشت.

یەکێکیان وتی: ئەم پیاوە چیەتی ودەردی چیە؟

ئەوەکەی تریان وتی: سیحری لێکراوە.

وتی: کێ سیحری لێکردوە؟

وتی: لەبیدی کوڕی ئەعصەم سیحری لێکردوە.

وتی: لەچیدا «لە کوێدا» سیحری لێکردوە؟

---

[١] دو مەلائیکەت بون.

وتی: لە شانە وئەو تەڵە قژانەی کە لەکاتی سەر شانەکردندا ئەوەرێت لەمانە سیحری لێکردوە وخستویەتیە نێو پەڕەی تەڵعەی دار خورمای نێر[1]، فریشتەکان جۆری دارخورماکەش دیاری دەکەن.

وتی: ئەی لە کوێیە؟

وتی : لە بیرێکی خێڵی زەڕوانی داناوە، جا ئەم لەبیدە لە خێڵی زورەیقە وزورەیقیش هاوپەیمانن لەگەڵ بەنی زەڕوان کە لە ئەنسارن.

ئەوە بو پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەگەڵ چەند هاوەڵێك کەوتنە ڕێ تەماشایان کرد لەناو بیرێکە، پاشان دەریان هێنا، کە گەڕانەوە فەرموی: ئەی عائیشە ئەگەر بتبینایە ئاوەکەی سور کردبو وەکو ئاوی خەنە «ئەوەندە سیحرەکە توند وکاریگەر بو» .

ئەوەی مەبەستی من بو لە هێنانەوەی ئەم فەرمودە صەحیحە کە لە صەحیحی بوخاری وموسلم هاتوە: چەسپاندنی ئەوەی سیحر ڕاستە وکاریگەری

[1] تەڵعەی دارخورما ئەو بەروبومەیە کە لە داخورما دەردەچێت وپاشان دەبێت بـەخورما ئەگـەر هاتو خورماکە مێیە بو، خۆئەگەر هاتو نێرە بو ئەو کات هەروا دەمێنێتەوە تاوەکو چەند ڕۆژێـك پاشان سپییەکی ئارد ئاسای لێ دەردەچێت کەبۆنێکی خۆشی لێ دێت کاتێك تەڵقیحی خورمـای مێینە دەکرێت بەمە پێی دەکرێت. الصارم البتار

هەیە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە وەڵامی ئەو شوبهانە بدەینەوە کە لەسەر ئەم حەدیسە دروست دەکرێت.

سەبارەت بە کاریگەری سیحر: ئەوە لە ڕیوایەتەکە زۆر ڕونە وبۆ کەسێك بڕوای بە ڕیوایەتەکە هەبێت تینوێتی شکێنە.

سەبارەت بەوەی ئایا سیحر لە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم کراوە یان نا؟ ئەوانەی ئەڵێن نەخێر دەتوانین شوبهەکانیان لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە

١. ئیدیعاکردنیان کە ئەم حەدیسە هەڵبەستراوە وبێ دینەکان دایانناوە بۆ لەکەدارکردنی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم.

٢. ئیدیعاکردنیان کە ئەم حەدیسە سەنەدەکەی لەکەدارە

٣. ئەمە لە حەدیسە «آحادەکانە» وئەو جۆرە حەدیسانەش زانستی تەواو نابەخشن، بۆیە پشتیان پێ نابەسترێت.

٤. ئیدیعاکردنیان کە ئەم حەدیسە تانە لە پایەی پەیامبەرایەتی دەدات ودژی مەعصومیەتە، ئەگەر وای لێ هاتبێت وابزانێت شتانێك دەکات ونەشیکردوە، کەواتە دەکرێ وابزانێ وەحی بۆ دێت وبۆشی نەهاتبێ.

ئەمەش ئەصل وئەساسی شوبهەکەیانە هەرچی تر دێت وئەوەش ڕۆیشتوە لەمەوە سەرچاوەی گرتوە.

٥. ئەڵێن سیحر ئیشی شەیتانە وشەیتانەکانیش دەسەڵاتیان ناشکێت بەسەر پەیامبەرانی خوادا صەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت.

٦. ئەڵێن: ئەم حەدیسە هاوبەش پەیداکەرەکان بەڕاست دەخاتەوە کە بە موسڵمانەکانیان دەوت: ﴿وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾ ئێوە شوێن کەسێکی سیحر لێکراو کەوتون.

لە ناودارترینی سەرانی ئەم ڕایە: الجصاص، أبوبكر الأصم، الرازي، ابن العربي، جمال الدين القاسمي..

لە وەڵامی ئەمانەشدا بە پشتیوانی وتەوفیق ومەدەدی الله ئەڵێین[1]:

١. بانگەشەکردنی ئەوەی حەدیسەکە بێدینەکان دایانناوە، دەعوایەکی بەتاڵە، ئەوەی وەڵامی دەداتەوە ڕیوایەتکردنی فەرمودەکەیە لە صەحیحی بوخاری وموسلمدا، وبە یەکدەنگی هەمو ئەوانەی حیساب بۆ ڕا وبۆچونیان دەکرێت صەحیحترین فەرمودە ئەوانەی بوخاری وموسلیمن ولە چڵەپۆپەی صەحیحی دایە،

[1] عالم السحر والشعوذة. عمر سليمان الأسقر ص١٧٧-١٨٨. دار النفائس، الطبعة الرابعة ١٤٢٢هـ.

وهەرکەست بینی تانەی دەدا لە حەدیسێك ئەو دو پیاوە ڕیوایەتیان کردبو ئەوا بزانە سەری باش لە زانستی فەرمودە دەرناچێت.

٢. بانگەشەکردنی ئەوەی حەدیسەکە سەنەدەکەی لەکەدارە، دەعوایەکی بێ بەڵگەیە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت تانە لە حەدیسێکی متفق علیه بدات لەبەر سەنەدەکەی، کە ئەمانیش تانە لەسەنەدەکەی دەدەن، بڕیارێکی پێش وەختە ودەرەنجامی لێکۆڵینەوە نیە ولەبەرئەوە نیە بەڕاستی سەنەدەکەی لاواز بێت، بەڵکو لەبەر دەقەکەیەتی ودەڵێن چۆن دەبێت پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم-سیحری لێ بکرێت وابزانێت شتێك دەکات لەهەمان کاتدا نەیکردوە، هەربۆیە تا ئەمڕۆ یەکێکمان نەبینی لە کەڵە پیاوانی حەدیس لەکەداری حەدیسەکە یان پیاوەکانی بکات.

ئەمەش پیاوانی سەنەدەکەیە وئەوەش وەصفی زانایان بۆیان:

بوخاری ئەڵێ: «حَدَّثَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ مُوسَى أَخْبَرَنَا عِيسَى بْنُ يُونُسَ عَنْ هِشَامٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَائِشَةَ..» الحديث. ئەمە پیاوانی سەنەدەکەیە.

- **ئیبراهیمی کوڕی موسا:** ڕازی پێدەڵێن، ئیبن حەجەر ئەڵێ: «ثقة حافظ»، زەهەبی ئەڵێ: «الحافظ»، ئەبو زورعە پێی ئەڵێ: «کتبت عنه مائة ألف حديث وهو

أتقن من أبي بكر بن أبي شيبة». واتە: «لەوەوە سەد هەزار حەدیسم نوسیوەتەوە، بەڕاستی لە ئەبوبەکری کوڕی ئەبو شەیبە موتقینترە».

- **عیسای کوڕی یونسی کوڕی ئەبو ئیسحاقی سەبیعی:** ئیبن حەجەر لەبارەیەوە ئەڵێ: «ثقة مأمون»، زەهەبی لە بارەیەوە ئەڵێ: «أحد الأعلام في الحفظ والعبادة»، بوخاری وموسلیم وئەبو داود وتورمزی ونەسائی وئیبن ماجە حەدیسیان لێوە ڕیوایەتکردوە.

- **هیشامی کوڕی عوروەی کوڕی زوبەیر:** ئیبن حەجەر لەبارەیەوە ئەڵێ: «ثقة فقيه»، زەهەبی لە بارەیەوە ئەڵێ: «أحد الأعلام» ئەبو حاتیم لەبارەیەوە ئەڵێ: «ثقة إمام في الحديث»، بوخاری وموسلیم وئەبو داود وتورمزی ونەسائی وئیبن ماجە حەدیسیان لێوە ڕیوایەتکردوە.

- **عوروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەوام:** عوروەش لەوە ناسراوترە بناسرێت، لەسەرەتای خیلافەتی عوسمان لە دایك بو، ئیبن حەجەر لەبارەیەوە ئەڵێ: «ثقة»، زەهەبی ئەڵێ: ئیبن سەعد لەبارەیەوە ئەڵێ: «كان فقيها عالما كثير الحديث ثبتا مأمونًا»، بوخاری وموسلیم وئەبو داود وتورمزی ونەسائی وئیبن ماجە حەدیسیان لێوە ڕیوایەتکردوە.

ئەم قسە ووەصفانەش ئەهلی خۆی دەزانن یانی چی، ئەگەر پیاوانێك ئاوهایان لەبارەوە بوترێت وحەدیسیشیان زەعیف بێت، ئیتر نازانم ئەو کەسانە دینی خۆیان لە کێوە وەردەگرن، کە لە ئەمسالی ئەمانە باشتر بێت؟!

ئەگەر ئەمسالی ئەمانە حەدیسیان لاواز بێت کە لەوپەڕی صەحیحیدایە کەواتە حەدیسەکان هەموی یان زۆربەی لاوازن.

ئەمەش قسەی یەکێك لە زاناکانی شیعەی بیر خستمەوە، کە وەڵامی ئەو چەند زانا کەمەی خۆیان دەداتەوە، کە ئەڵێن: ئەو حەدیسانەی تانە لە قورئان دەدەن وئەڵێن دەستکاری کراوە، لاوازن. ئەڵێ:

ئەگەر بکرێ ئەو حەدیسانە ڕەد بکرێنەوە کە تانە لە قورئان دەدەن، ئەوا ئەبێت مەزهەبی شیعە هەموی ڕەد بکرێتەوە! چونکە هەر ئەو پیاوانەی ڕیوایەتی دەستکاریکردنی قورئان دەکەن، هەمان ئەوانەن کە ڕیوایەتی ئەحکامەکانی تر دەکەن، کە کرا تانە لە ڕیوایەتەکانی تەحریفی قورئان بدرێ، ئەوسا دەرگا دەکرێتەوە تانە لە ڕیوایەتەکانی تریشیان بدرێت. ئەم قسەیەش لە خودی خۆیدا وتەیەکی زانستی تەواوە.

٣. سەبارەت بەوەی ئەڵێن: ئەمە حەدیسی ئاحادە، وحەدیسی ئاحادیش لە پرسە ئیعتیقادیەکندا قبولٚ ناکرێت.

ئەڵێین:

- ئەوەی کە ڕاستە لە وتەکانی زانایان حەدیسی ئاحاد لە باسی عەقیدەشدا وەردەگیرێت وعیلم ودڵنیایی دەبەخشێت، هەر جیاوازیەکیش هەبێت پێچەوانەی ڕای پەسەند ودروستە وبێ بەڵگەیە.

- ئەم مەزهەبە شتێکی تازە داهێنراوە لە سەردەمە زێڕینەکە شتی وا نەبوە.

- ئەم حەدیسە وەکو وتمان بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردوە، ئەمەش ئوممەت لەسەری کۆکە.

- سەرباری ئەوەش ئەم حەدیسە ئاحاد نیە[1]، چونکە لە زیاتر لە کەسێك وڕێگایەکەوە ڕیوایەت کراوە هەیانە لەوپەڕی زانست وپلە وسەرمەشقی ولەبەرکردندایە کە حەدیسەکەی بردۆتە ئاستی عیلم ودڵنیاییەوە، سەرباری بونی چەندین شاهید وموتابەعە.

٤. سەبارەت بەوەی کە دەڵێن: ئەم حەدیسە تانە لە پایەی پەیامبەرایەتی دەدات ودژی مەعصومیەتە.

---

[1] ینظر: عالم السحر والشعوذة. عمر سليمان الأسقر ص١٧٧-١٨٨. دار النفائس، الطبعة الرابعة ١٤٢٢هـ.

ئەمەش بەو شێوازە نیە، بەڵكو بە كۆدەنگی زانایان پەیامبەر صلى الله عليه وسلم پارێزراو ومەعصومە لەهەر شتێك بێتە مایەی كەلێن لە گەیاندن وشەرعدانان، بەڵام سەبارەت بە ئەعرازە مرۆییەكان وەكو نەخۆشی وئێش وئازار وهاوشێوەكانی ئەوە بەسەر پەیامبەراندا دێت وتوشیان دەبێت، چونكە ئەوانیش مرۆڤن.

- پاشان بەڵگەكان لەبەرچاون لەسەر ڕاستێتی پەیامی پەیامبەر لەوەی كە لە پەروەردگارەوە پێی ڕاگەیاندوین ومەعصومیەتی لە گەیاندنی پەیامەكەدا، موعجیزەكانیش شاهیدی ڕاستێتی ئەوەن، **هەربۆیە ئەوە پوچە ڕودانی شتێك بە دروست بزانرێت، لە كاتێكدا بەڵگەكان بە پێوەن لەسەر دژەكەی.**

- پاشان ئەو شتە دونیاییانەی كە مەبەست نین لە هاتنی پەیامی خوا سبحانە- ناردنی پەیامبەر، پەیامبەران لێی مەعصوم نین وتوشیان دەبێت وەكو چۆن هەر مرۆڤێكی تر توشی دەبێت وەكو نەخۆشی.

جا هیچ دور نیە شتانێك لە شتە دونیاییەكان بێتە پێش چاوی كە هەقیقەتیشیان نەبێت لەگەڵ ئەوەدا لە شتە دینیەكانی هاوشێوەی ئەمەدا مەعصوم بێت.

- ئەوەی زیاتر پشتگیری ئەو وتەیەمان دەكات ڕیوایەتێكی تری بوخاریە لە ڕێگەی ئیبن عویەینەوە ئەڵێ: «حَتَّى كَانَ يَرَى أَنَّهُ يَأْتِي النِّسَاءَ وَلَا يَأْتِيهِنَّ» واتە: وای دەزانی وا گومانی دەبرد دەڕواتە لای خێزانەكانی ونەشدەچوە لایان.

«يَرَى»: بە فەتح لە «الرأي»ەوەیە نەك «الرؤية»، واتەكەی دەگەڕێتەوە بۆ گومان.

سوفیانی كوڕی عویەینەش لە هەمو ئەوان زیاتر لەبەركردنی باشترە وموتقینترە، هەربۆیە ئەم لەفزەی ئەو بێگومان لەوانی تر مەقبولترە.

كەواتە سیحرەكە لە شتی دونیایی ولەبارەی ئافرەتەوە بوە وپەیوەندی بە شەرع ودینەوە نەبوە.

ئەمەش شارەزایانی ئەم هونەرە دەیزانن، كە حەدیسێكمان هەبو لەفزێكی عام یان موتلەقی تێدا بو ئەوسا ڕیوایاتی تر ئەو عامەیان تەخصیص كرد یان ئەو موتلەقەیان موقەیەد كرد ئەوە عیبرەت بەوەیە. كە ڕیوایاتی تر دەڵێن: «أنه فعل الشيء، وما فعله» یان «يخيل إليه أنه يفعل الشيء، وما فعله» بەڵام ڕیوایەتەكەی ئیبن عویەینە وحومەیدی ئەڵێن: «حَتَّى كَانَ يَرَى أَنَّهُ يَأْتِي النِّسَاءَ وَلَا يَأْتِيهِنَّ» ئەمەش ئەو «شيء»ە موتلەقە بە: «يَأْتِي النِّسَاءَ» تەقیید دەكات، ئەمەش ڕونە إن شاء الله.

- ئا لەمانەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە كە ئەم سیحرە تەنها بەسەر هەندێك شوێنی جەستەیدا زاڵ بوە، نەك زاڵ بوبێت بەسەر بیروهۆشیدا، بۆ پشتگیری ئەمەش دو ڕیوایەتمان هەیە:

- بە مورسەلی لە یەحیای كوڕی یەعمەرەوە هاتوە لە عائیشەوە: «حتى أنكر بصره» ولە ڕیوایەتە مورسەلەكەی ئیبن المسیبدا ئەڵێ: «حتى كاد ینكر بصره».

- بە مورسەلی لە عەبدولڕەحمانی كوڕی كەعبەوە هاتوە: «خوشكەكەی لەبیدی كوڕی ئەعصەم وتویەتی: ئەگەر پەیامبەر بێت، ئاگاداری دەكەنەوە، ئەگەرنا ئەم سیحرە بیر وهۆشی بۆ نایەڵێ تا عەقڵی لە دەست دەدات بە تەواوەتی».

والحمد لله ئەوەبو پەیامبەر صلى الله علیه وسلم ئاگادار كرایەوە كە سیحری لێكراوە ودەركەوت كە پەیامبەرە.

- هەڵێش دەگرێت مەبەست لە «یخیل» شتێك بێت وەكو ختورە هاتبێت ونەمابێت، وجەختی نەكردۆتەوە لەسەر ئەوەی بە ختورەی هاتوە كە ڕویداوە، بەمەش قسەكانی ئەوان پوچ دەبێتەوە.

- سەرباری هەمو ئەمانەش لەیەك ڕیوایەتدا نەهاتوە پەیامبەری خوا صلى الله علیه وسلم، هەواڵێكی دابێت، یان فەرمایشتێكی فەرموبێت و وا نە بوبێت.

٥. ئیدیعاکردنی ئەوەی سیحر ئیشی شەیتانە وشەیتانیش دەسەڵاتی ناشکێتە سەر بەندە چاکەکانی خوادا.

- سەرەتا ئەوە تێنەگیشتنە لە ئایەتەکە، کە پەروەرگاری دەفەرموێ: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ﴾ مەبەست پێی: شەیتان دەسەڵاتی گومڕاکردن ولەخشتەبردنی بەندە موخلیصەکانی خوای نیە، هەر وەکو ئەو ئایەتە وایە: ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ،إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾.

بەڵام توشکردنی جەستەی بەندەی صاڵەح بە بەڵا وئافات ئایەتەکە نەفی ئەمەی نەکردوە، بەڵکو لە قورئاندا باسی ئەیوب -علیه السلام- دەکات: ﴿وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ﴾[١]، وتویەتی: پەروەردگارا من شەیتان توشی ئێش ئازار وناڕەحەتی کردوم.

هەورەها باسی موساش دەکات -علیه السلام- کە کابرای قیبتی کوشتوە فەرمویەتی: ﴿قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ﴾ ئەمە ئیشی شەیتانە.

---

[١] سورة ص:٤١.

هەر باسی موسا دەكات كە سیحرەكانی ساحیرانی فیرعەون كاریان تێكردوە وچاوی بە حەبلەكانی بە ماری گەورە بینیوە: [فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى،فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى﴾.

- پاشان پاراستنی پەیامبەران لە شەیتانەكان، ڕێگر نابێت لەوەی شەیتانەكان ویستی پیلان گێڕی وفیلْ وتەڵەكەیان هەبێت بۆ پەیامبەران. ئەوەتا لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە شەیتانێك ویستویەتی نوێژ لە پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم تێك بدات وكەسیش نەیوت ئەمە دژی مەعصومیەتە[1]. بەهەمان شێوە بە

---

[1] في صحيح مسلم عن أبي هريرة، قال: قَالَ رَسُولُ اللّهِ صلى الله عليه وسلم: «إنّ عِفْرِيتاً مِنَ الْجِنّ جعل يَفْتِكُ عَلَيّ الْبَارِحَةَ لِيَقْطَعَ عَلَيّ الصّلاَةَ، وَإِنّ الله أَمْكَنَنِي مِنْهُ فَذَعَتهُ فَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَرْبِطَهُ إِلَى جَنْبِ سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ، حَتّى تُصْبِحُوا تَنْظُرُونَ إِلَيْهِ أَجْمَعُونَ (أَوْ كُلّكُمْ) ثُمّ ذَكَرْتُ قَوْلَ أَخِي سُلَيْمَانَ: ﴿رَبّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكاً لاَ يَنْبَغِي لأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي﴾. فَرَدّهُ الله خَاسِئاً». واتە: «عیفریت -كە بە جنۆكەی سەركەش دەوترێت- دوێنێ هات و ویستی لە ناكاو دەست بوەشێنێ بۆ ئەوەی نوێژەكەم لێببڕێت، بەڵام خوا سبحانە زاڵی كردم بەسەریدا دەستم گیركرد لە قوڕگی وخنكاندم، ویستیشم بیبەستمەوە بە كۆڵەكەیەك لە كۆڵەكانی مزگەوت تا بەیانیتان كردەوە هەموتان تەماشاتان بكردایە، بەڵام كە بیری داواكەی سولەیمانی برام كەوتەوە: ﴿پەروەردگارا لێم خۆشبە ومولْكێكم پێببەخشە بە هیچ كەسێكی دوای منی نەبەخشی﴾ بۆیە وازم لێهێنا وخوای مەزن سەرشۆڕی كرد.

والفتك الأخذ في غفلة وخديعة، والعفريت العاتي المارد من الجن، فذعته هو بذال معجمة وتخفيف العين المهملة أي خنقته. قال مسلم: وفي رواية أبي بكر بن شيبة فدعته يعني بالدال المهملة وهو صحيح أيضاً ومعناه دفعته دفعاً شديداً والدعت والدع الدفع الشديد، والمعجمة أوضح وأشهر. قاله النوي.

وعَنْ أَبِي إِدْرِيسَ الْخَوْلاَنِيِّ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: «قَامَ رَسُولُ اللّهِ صلى الله عليه وسلم. فَسَمِعْنَاهُ يَقُولُ: «پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەستا بۆ نوێژکردن، گوێمان لێبو دەیوت:» «أَعُوذُ بِاللّه مِنْكَ» «پەنا دەگرم بەخوا لە تۆ» ثُمّ قَال: «أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ الله» ثَلاَثاً «پاشان سێ جار وتی: نەفرەتت لێدەکەم بە نەفرەتی خوا»، وَبَسَطَ يَدَهُ كَأَنّهُ يَتَنَاوَلُ شَيْئاً «ودەستیشی درێژکرد وەکو ئەوەی شتێك بە دەست بگرێت». فَلَمّا فَرَغَ مِنَ الصّلاَةِ «کە لە نوێژ بویەوە» قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللّهِ قَدْ سَمِعْنَاكَ تَقُولُ فِي الصّلاَةِ شَيْئاً لَمْ نَسْمَعْكَ تَقُولُهُ قَبْلَ ذَلِكَ، «وتمان: ئەی پەیامبەری خوا گوێمان لێبو لە نوێژەکەدا شتانێکت دەوت نەمان بیستوە لێت لەوەو پێش بیلێی» وَرَأَيْنَاكَ بَسَطْتَ يَدَكَ «وبینیمان دەستت درێژکرد»، قَالَ: «إِنّ عَدُوّ الله، إِبْلِيسَ، جَاءَ بِشِهَابٍ مِنْ نَارٍ لِيَجْعَلَهُ فِي وَجْهِي، «وتی: ئیبلیسی دوژمنی خوا پارچەیەك ئاگری هێنابو بۆ ئەوەی بیکا بە دەموچاومدا»، فَقُلْتُ: أَعُوذُ بِالله مِنْكَ ثَلاَثَ مَرّاتٍ »، «منیش پێم وت: پەنا دەگرم بەخوا لە تۆ -سێجار-»، ثُمّ قُلْتُ: «أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ الله التّامّةِ، فَلَمْ يَسْتَأْخِرْ -ثَلاَثَ مَرّاتٍ-«پاشان سێ جار پێم وت: نەفرەتت لێدەکەم بە نەفرینی تەواوی خوا، بەڵام هەر نەڕۆیشتە دواوە»» ثُمّ أَرَدْتُ أَخْذَهُ «پاشان ویستم بیگرم» وَالله لَوْلاَ دَعْوَةُ أَخِينَا سُلَيْمَانَ لأَصْبَحَ مُوثَقاً يَلْعَبُ بِهِ وِلْدَانُ أَهْلِ الْمَدِينَةِ» «والله لەبەر داواکەی سولەیمانی برامان نەبوایە ئەوا بەیانیەکەی بە بەستراوەیی دەتان بینی منالّی خەڵکی مەدینە یاریان پێدەکرد». رواه مسلم.

هۆی سیحرێکەوە زیانی پیێ بگات نابێتە مایەی کەموکورتی لە گەیاندنی پەیامەکەدا، بەڵکو وەکو هەر زیانێك وایە بەهۆی هەر نەخۆشیەکەوە توشی ئەبێت وەکو لاوازی لەقسەکردن ونەتوانینی ئەنجامدانی هەندێك کار، یان دروست بونی هەندێك خەیالات کە ماوەیەکە وبەردەوام نابێت.

پاشان مەگەر شوێنی سیحرەکە پیشانی پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم نەدرا ؟!

٦. سەبارەت بەو بانگەشەیەی کە ئەم حەدیسە بەڕاستخەرەوەی وتەی موشریکەکانە کە بە موسڵمانەکانیان وتوە: ﴿إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾ ئێوە شوێن کەسێکی سیحر لێکراو کەوتون.

ئەڵێین: ئەم حەدیسە -ئەگەر وردببنەوە- ڕێکی قورئانە، ئەوە موسایە -عليه السلام- کە یەکێکە لە پەیامبەرە نەبەزەکان -ألوا العزم- کاتێك ساحیرەکانی فیرعەون گورێسەکانیان هاویشت، لە پێش چاوی بون ماری گەورە، کەواتە: کاریگەری هەبو بەسەریەوە، وای لە پەیامبەر موسا کرد وای دەزانی ئەو پەتانە دەجولێن ودەسوڕێن [فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى،فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى﴾[1] .

---

[1] سورة طـه:٦٦.

کەواتە: پەتی بەمار دەبینی و وەستاوی بەجوڵاو دەبینی، تەنانەت ترسێك کەوتە دڵیەوە، بۆچی دەبێ ئەمە دژی مەعصومیەتی پەیامبەر موسا -علیه السلام- نەبێت، بەڵام دژی مەعصومیەتی پەیامبەری خوا بێت صلی الله علیه که وابزانێت شتانێك دەکات ونەشی کردوە؟!!

ئەم ئایەتە ڕاشکاوە لەوەی کە سیحر کاریگەری دەبێت بەسەر پەیامبەرانەوە، خۆ ئەگەر وتیان: ئەم سیحرە گەیشتۆتە عەقڵی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم، ئەڵێین: نەخێر ئێمەش بە هەمو شێوەیەك ئەمە ڕەد دەکەینەوە، پێشتریش بەڵگەمان هێناوە کە لەمەدا مەعصومە.

سەرباری هەمو ئەمانە ئەو ئایەتە باسی موشریکەکان دەکا کە بە پەیامبەریان وتوە نێردراوی خوا نیە، هەرچی دەڵێ ودەیکا ودێت ودەڕوا لە سیحرەوەیە، و وەحی بۆ نەهاتوە، بەڵکو هەموی خەیاڵ وسیحرە، جا ئەمە لە کوێ وئەو حەدیسە لە کوێ؟!

لەکاتێکدا ئەمە لە ماوەیەکی کەمی دیاریکراودا بوە، کاریگەریەکەی لە شتێکی دیاریکراودا بوە -کە چونە لای خێزانە-.

جا سیحرێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو لە شتێکی دیاریکراو کە دژی پایەی پەیامبەرایەتی نەبێت، نابێتە مایەی بە

ڕاستخستنەوەی قسەی موشریکەکانی مەککە کە وتویانە: ﴿إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾.

بەڵام ئەوان کە ڕەدیان کردۆتەوە یان عەقڵیان دەرکی بەم حەقیقەتانە نەکردوە.

یان ئەوان هەر بەو شێوەیە ڕاهاتون، هەر کاتێك دەقێکی شەرعیان بینی وعەقڵیان بڕی نەدەکرد ڕەدی بکەنەوە، هەربۆیە زۆرجار لەم جۆرە دەقانەدا یان ڕەدی دەکەنەوە یان ملی لاردەکەنەوە وتەئویلی دەکەن بۆ ئەو واتایایەی لەگەڵ مەرام ومەبەستی خۆیاندا دەگونجێت.

ئەمەش زۆر ناشرینە ئایەت وفەرمودە بدرێت لە تەرازوی عەقڵ، هەر ئەمە بو شەیتانی گومڕاکرد وسوجدەی بۆ باوکمان ئادەم نەبرد، کاتێك کە پەروەردگار فەرموی سوجدە ببە بۆ ئادەم، شەیتان وتی: سوجدە نابەم، عەقڵی بەکارهێنا، وتی من لەو باشترم، ئەو لە گڵ دروستکراوە ومن لەئاگر دروستکراوم، ئاگریش لە گڵ بەرێزترە.

ئەم دەقانە ئەوەمان بۆ ڕون دەکەنەوە کەوا سیحر حەقیقەتی هەیە وکاریگەریشی دەبێت.

## بەڵگەی ئیجماع

بە کۆدەنگی سەرجەم هاوەڵان وسەلەفی صالّح سیحر ڕاستە وکاریگەری هەیە، چەندین ئاساریشیان لەم بارەیەوە لێوە گێڕدراوەتەوە کە پێچەوانەی ڕای موعتەزیلە وقەدەریەکانە، ئەهلی حەدیس وتەفسیر وفوقەهائیش لەسەر پێچەوانەی ڕای ئەوان ڕێککەوتون..

## بەڵگەی واقیع

ئەو سیحرانەی کە زۆربەی خەڵك بینیویانە وەك: نەخۆشخستن وخۆشەویستکردن ولەبەرچاوخستن ودەمبەستن وژن وپیاو لەیەکتر جیاکردنەوە ونەتوانینی جوتبون لەگەڵیدا... خەڵك ئەمانەیان بینیوە وزۆربەشی خۆی بەچاوی خۆی بینیویەتی.. ئەوەندە زۆرن ناکرێت بڵێی ئەو خەڵکە لەسەر درۆ ڕێککەوتون.

سەرجەم کتێبە ئاسمانیەکان باسیان کردوە، لە ئاسەوارە مێژوییەکانی بابلیەکان وفارسەکان وڕۆمەکان ویۆنانیەکان ومیسریەکان وهیندیەکان وچینیەکان وجگە لەوانیش لە گەلە دێرینەکان باسی هاتوە وئاسەوار لەبارەیەوە بەجێماوە.

ئەمە جگە لەو بەڵگە نامانەی کە بەجێماون لە ساحیرەکانەوە دوای کوشتنیان لەلایەن دادگاکانی تەفتیشی ئەوروپاوە لە مەواد وگرێبەست وپەیماننامە لەگەڵ شەیتانەکاندا کە هەتا ئێستاش لە مۆزەخانە وکتێبخانەکاندا هەڵگیراون.

ئەمانە هەموی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ڕاستێتی وکاریگەری سیحرن، نکوڵی لێکردنیشی تەنها کاری لوتبەرزە، بەڕادەیەك ئیمامی خەتابی ئەفەرموێ: «نەفی کردنی سیحر جەهل ونەزانینە، ڕەددانەوەی نەفی کەرانیشی بێ سودە وزیادەیە».

## کـورتـڕەوی وزیـادەڕەوی

بەڵام لێرەدا ئەوەندە هەیە خەڵکانێك زیادە ڕەوی دەکەن تێیدا وخەڵکانێکیش کورتڕەوی دەکەن.

کورتڕەوی دەکەن، دەڵێن سیحر بونی نیە، ڕاست نیە، کاریگەری نیە.

زیادەڕەوی دەکەن: ئەگەر توشی هەر نەخۆشییەك بن دەڵێت سیحرم لێکراوە، ئەگەر کچێك دو داواکاری بێت وپەشیمان ببنەوە دەڵێت سیحرم لێکراوە، یان کوڕێك بچێتە داوای دو کچ وڕەفزی پێ بدەن، دەڵێ سیحرم لێکراوە.

دونیا لەخۆیان ئاڵۆز دەکەن وتوشی خەم وخەفەتێکی زۆر دەبێت، ئەمیش نیشانەی ئەوەیە کە زیادە ڕەوی دەکرێت، سیحر ڕاستە، بەڵام نابێت ئەوەندە لێی بترسین هەر وەکو چۆن لەخوا دەترسین.

بزانن...

ئەگەر ساحیرانی هەمو دونیا کۆببنەوە بیانەوێت زیانێکی بچوك بە موسوڵمانێك بگەیەنن کە سیقەی بە اللە بێت، ناتوانن، مەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت، بەڵام خەڵکێك ئەوەندە باوەڕیان بەشتە بەتاڵەکان هەیە ئەوەندە باوەڕیان بەحەق نیە، بەڵام کە ئیمان وعەقیدە لە دڵدا دەچەسپێت وڕیشە دادەکوتێت ئەو کات لە سیحری هیچ ساحیرێك ناترسێت.

## حوکمی سیحرکردن

ئێمە پێشتر ڕونمان کردەوە کە سیحر بەدی نایەت بەبێ پەنابردن وپەرستنی شەیتان نەبێت، جا هەرکەس ئاوها تەصەوری سیحر بکات بێگومان ساحیری پێ کافرە، بەڵام ئەوەی سیحر بکات بە دو بەشەوە پێی وابێت سیحر هەیە بە پشت بەستن بە شەیتان دەکرێت وسیحریش هەیە لەرێگەی ڕوقیە وتەلاسیمەوە دەکرێت، وانالێت، بەڵکو دەڵێن جۆری یەکەم پێی کافر دەبێت وجۆری دوەمیان پێشی بوترێ کوفر کوفری بچوکە یان ئەصلەن کافر نیە[1] بەڵکو حەرامە، کە ئەمەش ڕای زۆرێکی زانایانە[2].

---

[1] قاله النوی.

[2] بۆیە دوای دابەشکردنی سیحر بۆسەر یەك بەش وئەویش بریتیە لە سیحری کوفری دەتوانین بڵێین بە یەکدەنگی سەرجەم زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعەت: سەرجەم زانایانی هەر چوار

بەڵام بەڕاستی ئەگەر وردبینەوە لە دەقە شەرعیەکان هەست دەکەن سیحر هەر سیحرە وجیاوازی نەکراوە کە ئەمە سیحری تەڵیسمە وئەوەش سیحرێکە بە پشت بەستن بە شەیتانەکان وئەستێرەکان کراوە، ئەم جیاکاریەش ئەوەندەی من بزانم بنچینەکەی هی فەیلەسوفەکانە کردویانە بە شەعوەزە وسیحر وتەلیسم-، بەڵکو خۆی یەك جۆرە وحوکمی خاوەنەکەشی کافرە.

ئەو جیاکردنەوەی فوقەهاش لە تەصەوریانەوە هاتوە بۆ سیحر، بۆیە دەبینی شتانێکیان بە سیحر زانیوە کە سیحر نیە، بەڵکو هەر شتێك هۆکارەی دیار نەبوبێت وەکو واتا زمانەوانیەکەی بە سیحریان زانیوە، بەڵکو بینیومە هەندێك خەڵك زانستی کیمیاشیان بە سیحر زانیوە، بەڵکو پێی دەڵێن: سیحری پەتی، یان ڕۆیشتن بەسەر دیواردا یان بەسەر پەتدا ونەکەوێت... بە سیحر زانیوە.

لەناو خەڵکیش هەروایە.. بۆ نمونە کەسێ: بفڕێت. ئەگەر فڕینەکەی بە هۆی پەتێکەوە بێت وبەهۆی کاریگەری کامێرا ومیکسەر ومونتاجەوە وا دیار بێت خۆی دەفڕێت، خەڵك دەڵێن: ئەوە سیحرە، بەڵام کە زانیان بە هۆی پەتێکەوە دەفڕێت دەڵێن: نەخێر سیحر نیە.

---

مەزهەبەکە سیحر کردن کوفرە. ئەمە جگە لەوەی بە کۆدەنگ سیحر حەرامە ولە تاوانە گەورەکانە. وەك ئیبن حەجەر وئیبن ئەلمونزیر وجگە لەویش ئیجماعیان نەقڵکردوە.

هەر ئەمە -یانی تەصەورکردنی سیحر- ونزیك لەمە وای لە ڕازی وغەیرە ئەویش کرد بڵێ: فێربونی سیحر واجبە، ئەوەشی بە بەڵگە هێناوە کە سیحر عیلمە وشەرعیش هانی فێربونی عیلمی داوە... تا کۆتایی قسەکانی کە جێی داخە لە بیرمەند وزیرەکێکی وەك ڕازیەوە دەربچێت، خوا یار بێت بەشێك تایبەت دەکەم بە ڕەددانەوەی قسەکانی لەلایەن زانایانەوە.

ئەمەش من دەیڵێم -کە ساحیر هەر ئەبێت کوفر بکات-: ڕای ئیبن خەلدون -وەکو لە قسەکانیەوە دەفامرێ- وئیبن ئەلعەرەبی وزەهەبی وحافظ الحکمی وسولەیمان آل الشیخ وصالەح الفوزان وخەڵکانێکی تریشە لە پێشینان وپاشینان.

ئیبن خەلدون ئەڵێ: «وأما الشريعة فلم تفرق بين السحر والطلسمات والشعبذة وجعلته كله باباً واحداً محظوراً. لأن الأفعال إنما أباح لنا الشارع منها ما يهمنا في ديننا الذي فيه صلاح آخرتنا، أو في معاشنا الذي فيه صلاح دنيانا" وما لا يهمنا في شيء منهما. فإن كان فيه ضرر أو نوع ضرر كالسحر الحاصل ضرره بالوقوع، ويلحق به الطلسمات، لأن أثرهما واحد، كالنجامة التي فيها نوع ضرر باعتقاد التأثير، فتفسد العقيدة الإيمانية برد الأمور إلى غير الله، فيكون حينئذٍ ذلك الفعل

محظوراً على نسبته في الضرر ... فجعلت الشريعة باب السحر والطلسمات والشعوذة باباً واحداً لما فيها من الضرر، وخصته بالحظر والتحريم»[1].

هەروەها ئەڵێ: «..ورياضة السحر كلها إنما تكون بالتوجه إلى الأفلاك والكواكب والعوالم العلوية والشياطين بأنواع التعظيم والعبادة والخضوع والتذلل فهي لذلك وجهة إلى غير الله وسجود له. والوجهة إلى غير الله كفر فلهذا كان السحر كفرًا والكفر من مواده وأسبابه كما رأيت. ولهذا اختلف الفقهاء في قتل الساحر هل هو لكفره السابق على فعله أو لتصرفه بالإفساد وما ينشأ عنه من الفساد في الأكوان والكل حاصل منه».

هەروەها ئەڵێ: «ولما كانت هذه العلوم -يقصد العلوم السحرية- مهجورة عند الشرائع، لما فيها من الضرر ولما يشترط فيها من الوجهة إلى غير الله من كوكب أو غيره، كانت كتبها كالمفقودة بين الناس».

ئیبن ئەلعەرەبی ئەڵێ: «إن حقيقة السحر كلام مؤلف، يعظم به غير الله تعالى وتنسب إليه، فيه المقادير والكائنات».

زەهەبی لە کتێبی «الكبائر»دا ئەفەرموێ: «الكبيرة الثالثة: في السحر لأن الساحر لابد وأن يكفر، قال الله تعالى: ﴿ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس

[1] كل هذه النقولات التي من أقواله من كتابه المقدمة.

السحر﴾ وما للشيطان الملعون غرض في تعليمه الإنسان السحر إلا ليشرك به... فترى خلقا كثيرا من الضلال يدخلون في السحر ويظنونه حرامًا فقط وما يشعرون أنه الكفر فيدخلون في... وفي عقد الرجل عن زوجته وهو سحر، وفي محبة الرجل للمرأة وبغضها له، وأشباه ذلك بكلمات مجهولة أكثرها شرك وضلال. وحد الساحر: القتل لأنه كفر بالله أو مضارع الكفر».

قورتوبی ئەڵێ: «وقال بعض العلماء: قال أهل الصناعة أن السحر لا يتم إلا مع الكفر والاستكبار، أو تعظيم الشيطان فالسحر إذًا دالٌّ على الكفر على هذا التقدير».

ئیبن عابدین ئەفەرموێ: «ولعل ما نقله صاحب «الفتح» عن الأصحاب -أي القول بكفر الساحر- مبني على أن السحر لا يتم إلا بما هو كفر كما يفيده قوله تعالى: [وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ]».

حافظ الحكمي ئەفەرموێ: «وقد علم أن السحر لا يعمل إلا مع الكفر بالله، وهذا معلوم من سبب نزول الآية..»

سليمان بن عبد الله آل الشيخ ئەفەرموێ: «ولما كان السحر من أنواع الشرك إذ لا يأتي السحر بدونه، ولهذا جاء في الحديث: «ومن سحر فقد أشرك» أدخله

المصنف -أي: محمد بن عبد الوهاب- في كتاب التوحيد ليبين ذلك تحذيرا منه كما ذكر غيره من أنواع الشرك ».

## بەڵگەکانی کافرێتی ساحیر لە قورئان وسوننەتدا:

**یەکەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: [وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ]، واتە: ئەو جولەکانە لەبری شوێنکەوتنی پەیامبەر، شوێنی ئەو سیحرانە کەوتن کە شەیتانەکان دەیخوێنن وهەڵیانواسیوە بە دەم موڵکەکەی پەیامبەر سولەیمانەوە -علیه السلام-، جا سولەیمان کوفری نەکردوە بەڵکو شەیتانەکان کوفریان کرد، خەڵکیان فێری سیحر دەکرد، هەروەها شوێنی ئەو سیحرە کەوتن کە دابەزێنرابو بۆسەر دو فریشتەکە «هاروت وماروت» کە لە ناوچەی بابل بون لە وڵاتی عێراق، سیحریان بۆ دابەزێنرا وەکو تاقیکردنەوەیەك لەلایەن خواوە بۆ بەندەکانی بۆیە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد.

کەواتە کوفری شەیتانەکان لەبەرئەوەیە کە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد، کەوابو سیحر کوفرە.

**دوەم:** هەر لە هەمان ئایەتدا هاتوە، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ]، هاروت وماروت هەر کەسێکیان فێری سیحر بکردایە پێش وەخت پێیان دەوت: [إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ] ئێمە تاقیکردنەوەی خواین، فێری مەبە وکوفر مەکە.

کەواتە فێربونی سیحر کوفرە چونکە، شیخ الاسلام لە «الإقتضاء»دا ئەفەرموێ: «ترتيب الحكم على الوصف يكون علة له».

ئیبن حەجەر ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە فێربونی سیحر کوفرە.

صدیق خان -رحمه الله- ئەڵێت: ئەگەر بۆ ئەوەشی بێت هەروا فێری سیحر بێت یان لە خۆی دوری بخاتەوە هەر کوفرە.

حەنبەلیەکانیش پێیان وایە بە فێربونی کافر دەبێت، ئیتر پێی وابێت سیحر حەرامە یان حەڵاڵە.

**سێیەم:** سێیەم بەڵگەش هەر لە هەمان ئایەتدایە خوای گەورە دەفەرموێت: [وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ][1]، سوێند بێت جولەکەکان باش دەیانزانی هەر کەسێك دەست بۆ سیحر ببات لە قیامەتدا هیچی بۆ نیە.

[مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ] خلاق: واتە: بەش.

کافریشە لە قیامەتدا هیچ بەشی نیە، ئەگینا موسوڵمان زۆر تاوانباریش بێت بەشێکی کەمی هەر هەیە، هەربۆیە ئەوەی هیچ بەشێکی نەبێت کافرە.

---

[1] سورة البقرة:١٠٢.

ئیمامی مالكیش -رحمه الله- ئەم ئایەتەی كردوە بە بەڵگە بۆ كوشتن وبەكافردانانی ساحیر.

## بەڵگەكان لە سوننەتدا

پەیامبەری خوا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ»[١]، واتە: هەر كەسێك بڕوات بۆ لای تاڵەگرێك یان جادوگەرێك، بڕوا بكات بەوەی پێی دەڵێت، ئەوە كوفری كردوە بەوەی بۆ سەر رسول الله -صلی الله علیه وسلم- دابەزیوە.

واتە: هەر كەسێك بڕوات بۆ لای جادوگەرێك، بڕوای پێ بكات بەوەی كە پێی دەڵێ ئەوا كوفری كردوە بەوەی بۆ سەر موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-دابەزیوە، ئەمە بۆ كەسێك بڕوات بۆ لای وباوەڕی پێ بكات كافر دەبێت، ئەی ئەگەر كەسێك خۆی هەستێ بەئەنجامدانی سیحرەكە؟!

١ سبق تخريجه.

## سزای ساحیر لای غەیرە ئیسلام

لەسەر ڕای پەسەندی زۆرینەی زانایانی ئیسلام ساحیر دەکوژرێت، ئەمەش لەوە ودوا وردەکاریەکەی باس دەکەین.

بەڵام تەماشای جگە لە ئیسلام بکەین جۆرە سزایەك بۆ ساحیران دانراوە لەوپەڕی دڵڕەقیدایە، لە وڵاتانی ئەوروپا سزای ساحیران جۆراوجۆر بوە بەتایبەتی لە پێش سەدەی بیست: ئەمەش وەکو هەوڵێك بۆ کەمکردنەوە وبنەبڕکردنی سیحر، داوی هەستکردنیان بە مەترسی سیحر وساحیران لەسەر تاك وگۆکەڵگا.

- لە ئەڵمانیا وفەرەنسا وئیتاڵیا حوکمی ساحیر لەسێدارەدانیەتی بە سوتاندن.

- لە ئوسکتلەندا، مەنجەڵێکی گەورەی زەیت دەهێنرا، داخ دەکرا وساحیرەکە دەخرایە ناوی بە پێش چاوی خەڵکی.

سەیرتان لێ نەیەت بەڕاستی درکیان کرد، کە ئەوەی ساحیر دەیکات وچۆن کۆمەڵگا تێك دەدات، بۆیە ئەم ئازاردانەیان بەلاوە سوك وئاسان بو.

- لە بریتانیا وهەندێك وڵاتی تردا بە پێش چاوی خەڵکەوە لە سێدارە دەدرا.

- لە ئەمریکا لەسەر ڕێگای خەڵك لای نزیکترین دار دەخنکێندرا.

- یەکێکی تر لەو سزا زۆر توندانە کە لە دژی ساحیران جێ بەجێ دەکرا، ئەوەبو:

ساحیرەکەیان دەهێنا ودەیانخستە سەر پارچە ئاسنێکی گەورەی تۆکمە وڕایان دەخست لەسەری، ودەیانکرد بەچوار بەشەوە وهەر بەشێکی جیابو لەوەکەی تر، دەستی ڕاستیان بەرز دەکردەوە ودەیان بەستە بەشی سەرەوەی ڕاستی ئاسنەکە، پاشان دەستی چەپیان بەرز دەکردەوە ودەیان بەستە بەشی سەرەوەی چەپی ئاسنەکە، پاشان قاچی ڕاستیان دەبەستە بەشی خوارەوەی ڕاستی ئاسنەکە، پاشان قاچی چەپیان دەبەستە بەشی خوارەوەی چەپی ئاسنەکە، تایەرێکیشیان بەستبوە ناوەڕاستی ئەم ئاسنەوە بە شێوەیەکی تایبەت، هەربۆیە ئەگەر تایەرەکە سوڕ بدرایە لاشەی دەبوە چوار بەشەوە وهەر لایەك پێچەوانەی ئەوەکەی تر دەجولاّ، بەم شێوەیە لاشەی کوت کوت دەبو ودوای چەند دەقیقەیەکی کەم گیانی لە دەست دەدا پاشان لاشەیان دەبرد ودەیان سوتاند وخۆڵەمێشەکەیان دەکرد بەسەر شەقامەکاندا[1].

---

[1] ئەگەریش پێت خۆشە لەمەش زیاتر وبە ئێشتر ودڵڕەقانەتر ببینیت، بڕوانە کتێبی «عالم السحر والشعوذة» لاپەڕە ٢٢٧-٢٣٠.

ئەمە ئەگەر ئەوەشمان پێ بڵێ کە ئەم جۆرە سزایانە حەق نیە بەڵام ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ساحیر ئیشی زۆر خراپی کردوە ونابێت بەئاسانی چاوپۆشی لێ بکرێت، بۆیە ئەوسا لەزۆربەی ولاَتانی جیهان یاسای تێدابو دژی ساحیران دەوەستایەتەوە وڕێگایان لەبەردەم والاَ نەبو بەئازادی خۆیان هەمو کارێك بکەن.

حەقی خۆیەتی ئێستاش یاسایەك هەبێت ڕێگری لە ساحیران بکات بۆ ئەوەی ئەو هەمو کێشەیە دروست نەبێت کە بوە بەهۆی سیحرەوە.

بەتایبەتی کێشەی تەلاَق، ئەگەر تەماشای دادگاکان بکەین زۆرێکی ئەو کێشانەی تەلاَق بەهۆی سحرەوەیە، چەندین کێشەی خێزانی , کۆمەلاَیەتی هەیە بەهۆی سحرەوەیە.

کەواتە دەبێت خەمخۆران ودڵسۆزان لە دەسەلاَتداران -بە تایبەتی لە ولاَتی کوردستانمان- نەهێڵن کەسانێك هەبن ژیان وبژێوی وکامەرانی وئاسودەیی لە تاك وکۆمەڵگا بشێوێنن، بوك زاوایەك -بە نمونە- کە هێشتا چەند ڕۆژێکە ژیانیان پێکەوە ناوە شیرازەی پەیوەندیان تێکبدرێت.

## سزای ساحیر لە ئیسلامدا

پوختەی وتەی فوقەها وخاوەن مەزهەب وشوێنکەتوەکانیان:

- مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە رحمە اللە-: ساحیر کافر دەبێت بە فێربونی سیحر وکارپێکردنی ئیتر بڕوای بە حەرام بونی هەبێت یان نا، لە ئەبو حەنیفەش رحمە اللە- دەگێڕنەوە وتویەتی: داوای تەوبەکردنی لێ ناکرێت ولێشی قبوڵ ناکرێت، بەڵام بلێت لە زوەوە واز هێناوە ناکوژرێت.

هەروەها جیاوازی نەکردوە لە نێوان ساحیری ئەهلی کیتاب وموسڵماندا.

بەڵام جیاوازی کردوە لە نێوان پیاو وئافرتدا، وتویەتی: ئافرەت ناکوژرێت بەند دەکرێت ولێی دەدرێت تا تەوبە دەکات، ئیتر موسڵمان بێت یان نا ناکوژرییێت.

- مەزهەبی پێشەوا مالیك -رحمە اللە-: بە پێی وتەی خۆی لە موەتتەئدا: ساحیرێك کوفر بکات دەکوژرێت وداوای تەوبەی لێناکرێت ولێشی قبوڵ ناکرێت. ئیتر سیحری لە موسڵمان کردبێت یان لە ئەهلی زیمە.

بەڵام جیاوازی کردوە لە نێوان زیمی وموسڵماندا، ناشکوژرێت مەگەر بە سیحرەکەی یەکێك بکوژێت لە خۆیان بێت یان موسڵمان بێت، ئەوسا لە بەرامبەردا دەکوژرێتەوە.

جگە لەمەش لە مالیکەوە ڕیوایەت دەکرێت.

- مەزهەبی پێشەوا شافیعی رحمە اللە-: لەمەزهەبدا ساحیر سێ حاڵەتی بۆ هەیە:

١. دەکوژرێت: ئەگەر سیحرەکەی کوفری تێدا بێت، تەوبەشی لێ قبوڵ دەکرێت.

٢. تۆڵەی لێدەکرێتەوە ودەکوژرێتەوە: ئەگەر هات ودانی بەوەدا نا بە سیحرەکەی کەسێکی کوشتوە...

٣. ناکوژرێت، تەمبێ دەکرێ: ئەمەش ئەگەر جگە لە دو حاڵەتەکەی پێشو.

- مەزهەبی پێشەوا ئەحمەد رحمە اللە-: ساحیر دەکوژرێت وتەوبەی لێ قبوڵ ناکرێت، ئەمەش ڕیوایەتێکە لە ئەحمەدەوە وپشت پێ بەستراوە لە مەزهەبدا.

ئەگەر هاتو سیحرەکەی کوفر نەبو ناکوژرێت مەگەر کەسێك بکوژێت ئەوسا لە تۆڵەدا دەکوژرێتەوە.

خۆ ئەگەر هاتو ئەهلی کیتاب بو ئەوە مەزهەبیان وەك مەزهەبی شافعی وایە: ناکوژرێت مەگەر کەسێك بکوژێت ئەوە لەبری دەکوژرێتەوە.

ڕیوایەتێکی تری لێوە دەکرێ: کە لە هەمویدا وەك مەزهەبی شافیعیە.

**کەواتە:** کوشتنی ساحیر وداوای تەوبە لێ نەکردنی ولێ قبوڵنەکردنی مەزهەبی جمهوری زانایانە لە مەزهەبی ئەحمەد ومالیك وئەبوحەنیفە.

هەروەها مەزهەبی عومەر وعوسمان وئیبن عومەر وحەفصە وئەبو موسای ئەشعەری وقەیسی کوڕی سەعد وئەبو سەور وئیسحاقە.

**بەڵام ساحیری ئەهلی کیتاب** ئەبو حەنیفە بە پێچەوانەی جمهوری زانایانی مەزهەبەکانەوە وتویەتی: دەکوژرێت ولەگەڵ ساحیری موسڵماندا جیاوازی ناکرێت. بەڵام جمهوری زانایان ئەڵێن: ئەگەر کەسێکی کوشت ئەوجار دەکوژرێتەوە.

**سەبارەت بە ئافرەتی ساحیرەوە** هەرسێ مەزهەبەکە بە پێچەوانەی ئەبو حەنیفەوە جیاوازیان نەکردوە لە نێوان پیاو وژندا.

## ڕای پەسەند لەگەڵ بەڵگەکان

ڕای پەسەندیش لەم پرسانەی ڕابورد بەم شێوەیە دەبێت:

**ساحیر دەکوژرێت:** ئەمەش لەبەر:

١. ئەو بەڵگانەی پێشو کە هێنامانەوە لەسەر کافرێتی ساحیر. جا کافریش دەکوژرێت.

٢. هاوەڵان ساحیریان کوشتوە، ئێمەش فەرمانمان پێکراوە شوێنی ڕێبازی هاوەڵان بکەوین:

أ. ئیمامی عومەر -خوا لێی ڕازی بێت- نوسراوی ناردوە کە هەمو ساحیرێك بکوژرێت[١].

ب. هەروەها هاوەڵی بەڕێز «جندب الخير - جندبی کوڕی کەعبی کوڕی عەبدوڵلا» بەدەستی خۆی ساحیری کوشتوە[٢].

ج. هەر لە جوندوبی خێرەوە هاتوە وتویەتی: «حَدُّ السَّاحِرِ ضَرْبَةٌ بِالسَّيْفِ»[٣].

---

[١] رواه أحمد في مسنده، وقد صححها ابن حزم رحمه الله كما في كتابه المحلّى.

[٢] قال في تيسير العزيز الحميد: رواه البخاري في تاريخه عن أبي عثمان النهدي قال كان عند الوليد رجل يلعب فذبح إنسانا وأبان رأسه فعجبنا فأعاد رأسه فجاء جندب الأزدي فقتله، ورواه البيهقي في الدلائل مطولا وفيه فقال الناس سبحان الله يحيى الموتى وراه رجل صالح من المهاجرين فنظر إليه فلما كان من الغد اشتمل على سيفه فذهب يلعب لعبه ذلك فاخترط الرجل سيفه فضرب عنقه وقال إن كان صادقا فليحيي نفسه فأمر به الوليد فسجن وذكر القصة بتمامها ولها طرق كثيرة.

[٣] رواه الترمذي والدارقطني وضعف الترمذي إسناده وقال: الصَّحِيحُ عَنْ جُنْدُبٍ مَوْقُوفٌ. وقَالَ: وَالْعَمَلُ عَلَى هَذَا عِنْدَ بَعْضِ أَهْلِ الْعِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ -صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- وَغَيْرِهِمْ، وَهُوَ قَوْلُ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ.

د. هەروەها حەفصە -خوا لێی ڕازی بێت- خێزانی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم جارێك خزمەتكارێكی سیحری لێكرد فەرمانی كرد بكوژرێت.

ئەمە سێ هاوەڵی پەیامبەری خوایە -صلی الله علیه وسلم- مەشهورە لێیانەوە ودژی ئەمەشیان لێوە نەهاتوە ونكوڵیشیان لێ نەكراوە، كەواتە ئەمە یەكدەنگیە[1].

لێرەشدا ئەبێت سیحرەكە كوفری تێدا بێت پاشان دەكوژرێت ئەگەرنا ناكوژرێت.

**سەبارەت بە تەوبەی ساحیر**، ئەوە بێگومان تەوبەی لێ قبوڵ دەكرێت:

- دەرگای تەوبە والایە وبۆكەس نیە لەكەسی دابخات بە بەڵگە نەبێت.

- خوای مەزن تەوبەی لە ساحیرانی فیرعەون وەرگرت، بە دەقی قورئان.

كە پێشەوا مالیكیش دەبینی ڕێگری دەكات لە لێوەرگرتنی تەوبەكەی چونكە وەكو زیندیق حیسابی بۆ كردوە وزیندیقیش لای ئەو جگە لەویش تەوبەی قبوڵ ناكرێ.

---

[1] قاله ابن قدامة.

**سەبارەت بە ساحیری ئەهلی کیتاب:** واللّٰه أعلم ئەوەی پەسەندە لە موسڵمان لە پیشتر نیە وئەویش دەکوژرێت، لەبەر:

١. لە موسڵمان لە پیشتر نیە، کە ساحیری موسڵمان بکوژرێت ئەویش دەکوژرێت.

٢. ئەوانەی دەڵێن: لەبەر پەیمانەکەی کە پێی دراوە، ئەڵێن: بە کردنی سیحر پەیمانەکەی شکاندوە وخوێنی حەڵاڵ بوە.

٣. کە ئەڵێن: پەیامبەر صلی اللّٰه علیه وسلم لەبیدی کوڕی ئەعصەمی نەکوشت، ئەڵێن: پەیامبەر صلی اللّٰه علیه وسلم لە ڕەوشتی ئەو نەبوە تۆڵە بۆ نەفسی خۆی بکاتەوە، ئیبن سەلول تۆمەتی بۆ خێزانەکەی کرد وتۆڵەشی لێنەکردەوە لەبەر بەرژەوەندی ومەترسی ڕودانی فیتنە، ئەمەش هۆکاری دوەمە، چونکە لەبید هاوپەیمانی خێڵی زەروان بو ئەوانیش لە ئەنصاریەکان بون، ئەمەش مەترسی فیتنەی لێدەکرا، بۆ مەگەر هەر لەبەر ئەمە نەبو وازی لە کوشتنی مونافیقەکان هێنا؟

٤. نەکوشتنی ساحیرانی ئەهلی کیتاب دەرگای فیتنە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

**سەبارەت بە ئافرەتی ساحیر:** ئەوەی پەسەندە دەکوژرێت، لەبەر:

١. بەڵگەکان جیاوازیان نەکردوە لە نێوان پیاوان وئافرەتان، چ لە بابەتی سیحر چ لە بابەتەکانی تر مەگەر چەند پرسێکی دیاریکراو نەبێت. «إنما النساء شقائق الرجال»[١] یانی لە ئەحکامەکاندا.

٢. لە سورەتی الفلق دا کە پەنا دەگرین لە ساحیر، پەنا دەگرین لە ساحیری ئافرەت، ئەمەش -وەك باسمان کرد- مەبەست پێی زۆریە وەگەرنا پەناگرتنە لە ساحیری پیاویش... هەربۆیە ئەبوایە جەخت زیاتر لەسەر کوشتنی بکرایەتەوە نەك جودا بکرایەتەوە.

٣. لە ئەسەرەکەی ئیمامی عومەردا ئەڵێ: «أن اقتلوا كل ساحر وساحره» هەمو ساحیرێك بکوژن پیاو بێت یان ژن.

## جیاوازی لە نێوان سیحری ساحیران وکەڕاماتی پیاوچاکان

سەرەتا بۆ باسکردنی ئاوها بابەتێك؟ بەداخەوە باسی جیاوازی نێوان کەڕامات وسیحر وەلی خوا وساحیر دەکەین وبەچی دەناسرێنەوە، چونکە ساحیر زۆر لەوە پیسترە بەراوردی بکەین لەگەڵ وەلی خوادا، بەلاّم چونکە نەزانی ونەفامی باڵ دەکێشێت بەسەر ئوممەتدا، ئەو کات ناچار دەبین بەراورد بکەین وجیایان بکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی پاك وپیس وپیاوچاك و پیاو خراپیان لێ تێکەڵ نەبێت.

---

[١] رواه أبو داود وحسنه الألباني.

تا وای لێهات ساحیر کە لە سەرسەختترین دوژمنانی خوایە بکرێ بە نزیکترین دۆستانی خوا..

سەرەتا با بزانین کەرامات چیە؟

کەرامات بە کوردی واتە: رێزلێنان.

لە زاراوەشدا: شتێکی نا ئاساییە، خوای گەورە پیشانی هەندێك لە بەندە چاکەکانی خۆی دەدات وبانگەشەی پەیامبەرایەتی لەگەڵدا نیە ودەستپێکیشی نیە.

کە وتمان: شتێکی نا ئاساییە: واتە: لە عادەتی رۆژانەدا شتی وا بە بەردەوامی رونادات.

کە وتمان: خوای گەورە پیشانی هەندێك لە بەندە چاکەکانی خۆی دەدات: واتە: ئەو بەندانەی کە پابەندن بە ئەحکامەکانی شەریعەتەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو ناعادەتیانەی کە شەیتان پیشانی دۆستەکانی خۆی دەدات بۆ ئەوەی خەڵك گومرا بکەن، ئەمەش کەرامات نیە بەڵکو ئیستیدراجە.

نمونەش وەکو هاوەڵانی ئەشکەوت «أصحاب الكهف»، وچیرۆکی عومەر - رضي الله عنه- لەگەڵ ساریەی جانگاوەردا، ولەگەڵ دەیان وسەدان چیرۆکی تر کە

لە کتێبەکانی حەدیس وسیرەتنامەدا هاتوە. بەڵام هەندێك جار ئەو زانستەی کە خوا سبحانە بە بەندەکەی خۆی دەیبەخشێت وئەویش بڵاوی دەکاتەوە لەوە دەچێت لە چەندین کەرامات باشتر بێت، ولەو کەراماتانەی کە سەلەفی صاڵحمان باسیان لێوە کردوە، پابەند بونە بە قورئان وسوننەت وکارپێکردنی وڕازی بون پێی.

هەروەها نەبونی کەرامات لە بەندەیەکدا نیشانەی ئیمان لاوازی نیە، چونکە کەرامات هەندێك جار بۆ:

١. پتەوکردنی ئیمانی بەندەیە، هەربۆیە زۆرێکی هاوەڵان کەراماتی پیشان نەدراوە، بەهۆی بەهێزی ئیمانیان وکاملێتی یەقینیان.

٢. بۆ ئیقامەکردنی بەڵگەیە بەسەر دوژمنەوە.

٣. یان ڕونکردنەوەی هەقێك وپوچەڵکردنەوەی ناهەقێك.

٤. بەهاناوە هاتنی لە تەنگانەیەکدا... تا کۆتایی ئەو هۆکارانەی کە حیکمەتن لە پیشاندانی کەرامەت.

کەراماتیش هەندێك مەرجی هەیە لەوانە: دژی فەرمان وحوکمێکی شەرعی نەبێت، دژی بنەمایەکی ئیسلام نەبێت، بۆ زیندو ڕو بدات، هەرکام لە مەرجانەی

لە دەستدا ئەوە کەرامات نیە یان خەیاڵە یان درۆیە ویان ڕێزی شەیتانە وڕێزی خوا -سبحانە- نیە.

هەروەها کەرامات هیچ حوکمێکی شەرعی پێ دانامەزرێت وهیچ حوکمێکی شەرعیشی پێ پوچەڵ نابێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی شەرع دیارن.

کە کەرامات پیشانی موسڵمانێکیش درا ئەبێت شوکری خوا سبحانە- بکات وباسی نەکات وگوێی پێ نەدات وبیری سەرقاڵ نەکات وفشەیی پێوە نەکات وبەهۆی ئەوەوە داوای سەر مەجلیس نەکات، چونکە دوایی لە ناوی دەبات —وەك ئیبن جەوزی لە «صيد الخاطر»دا باسی کردوە- بەڵکو ئەبێت داوای ئەوە بکات لە پەروەردگارەکەی بەردەوامی پێ کەرەم بکات وتاقی نەکاتەوە بە شتێك توانای نیە لە ئاستیدا، چەندین کەس وایان کرد تیاچون وگومڕا بون.

پاشان دۆستانی خوا چەند نیشانەیەکیان هەیە، خوا -سبحانە- باسی کردون وپەیامبەر صلى الله عليه وسلم ڕونی کردۆتەوە، لەوانەش سورەتی الفرقان ٦٣-٧٦، البقرة: ١-٥، المؤمنون:١-١١، البقرة:١٧٧ بەڵکو قورئان پڕە لەباسی صیفاتی ئەولیا وپیاوچاکان.

لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە کەرامات بەوەلی خوا دەدرێت.

ئێمەی ئەهلی سوننە وجەماعەت بە پێچەوانەی موعتەزیلە وجەهمیەکان وهاوشێوەکانیان بڕوامان بە کەرامات هەیە، بەڵکو لە کتێبی زانایانماندا -بە تایبەت کتێبەکانی تەوحید وعەقیدە- بەشێك لە بەشەکانی باسی ئەوە دەکات کە بڕوامان بە کەرامات هەیە وکەرامات حەقە، بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە: کەرامات بەکێ دەدەرێت؟

خەڵکانێك تۆمەتمان تێدەگرن کە بڕوامان بە کەرامات نیە:

پڕ بە دەم ودڵم دەڵێم ولەترسیشدا نایڵێین: ئێمە بڕوامان بەکەرامات هەیە بەو شێوازەی لە قورئان وسوننەت وژیانی هاوەڵان وپیاوچاکاندا هاتوە، بەڵام ئەوەندە هەیە:

ئێمە درۆزن بەوەلی خوا نازانین.

فێڵباز بەوەلی خوا نازانین.

پارە خۆر ومشەخۆر لەسەر سکی خەڵك بە وەلی خوا نازانین. شتە نائاساییەکانیشی بە ڕێزلێنانی شەیتان دەزانین، نەك ڕێزی الله -جل جلاله-.

کەرامات خوای گەورە بە بەندەی دەدات کە هەندێك جار بۆ جێگیرکردنی بەندە خۆیەتی وهەندێك جاریش بۆ دەوروبەرەکەیەتی بەڵکو بەڵگەی خوا ببینن.

بەڵام لە مەجلسێکدا دادەنیشن وسەدەها قاپ برنج دەخۆن، وچەندین ئاژەڵ دەخۆن! ئەمە چ کاراماتێکە؟!! ئەمە چڵێسی ونەوسنیە یان کەڕاماتە؟! کە لە خەڵکانێك تێکەڵ بوە.

بەڵکو پێوەر لەلای ئێمەی سوننی مەزهەب کاروکردەوەیەتی، واتە: تا چەند پابەندی قورئان وسوننەتە.

هەر وەکو پێشەوامان شافعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێت : ئەگەر کەسێکتان بینی بەئاسماندا دەفڕی وبەسەر ئاودا ڕێی دەکرد، سەیری کاروکردەوەی بکەن بزانن ڕێکی سوننەتە.

موسوڵمانی یەکتاپەرست ئێمە لاریمان لەوەدا نیە کە مرۆڤ بفڕێت یان بەسەر ئاودا بڕوات، یانی: لاریمان لە کەرامات نیە، بەڵکو سەیری ئەو کەسە دەکەین کە ئەوە دەکات؟ هاوەڵ هەبوە بەسەر ئاودا ڕۆیشتوە بڕوامان پێیەتی.

جا درۆزن بەوە ناناسینەوە کە بەسەر ئاودا بفڕێت، نەخێر، وەکو پێشەوامان شافیعی دەفەرمویٚ: سەیری شوێنکەوتنی دەکەین بۆ سوننەت.

جا ئەگەر بینیمان شوێنی سوننەت نەکەوتوە ئەوە بێ دو دڵی ئەڵێین: **شەیتان هەڵی گرتوە، وەلی شەیتانە، ڕێزلێنانی شەیتانە ومەدالیای دوری لە سوننەتی پێ بەخشیوە.**

لێرەشەوە تێبینیەکی گرنگ هەیە: ئەگەر دەبینی کەسێك کە لە سوننەتەوە دورە دەفڕێت، یان بەسەر ئاودا دەڕوات، ناڵێین: نافڕێت وچاوی تۆ هەڵەی کردوە.

بەڵێ، فڕی وبەسەر ئاویشدا ڕۆیشت، بەڵام مژدەت لێبێ شەیتان هەڵی گرتوە.

ئەگەر هاواری پێ دەکرێت و وەڵامت دەداتەوە، ئەڵێین: ئەوە شەیتانە وەڵامی دایتەوە[١]، ئەوە شەیتانە بەهاناتەوە هاتوە بۆ ئەوەی لەخشتەت بەرێت چونکە وەعدی داوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت بەندەکان لەتەوحید دوربخاتەوە، شەیتان تەنها ئەوەی دەوێت کە شیرك قەرار بدرێت وەك: هاوار بکرێتە غەیری خوا و..هتد.

بۆیە دەبێ وەلی خوا وساحیرمان لێ تێکەڵ نەبێت، وەلی خوا ئەوەی دەینوسێ ودەیڵێ ودەیکا زانراوە، بەڵام ساحیر ئەوەی دەینوسێ ودەیڵێ ودەیکا زۆرێکی نەزانراوە، نوسینەکانی زۆر بەزەحمەت دەخوێنریتەوە.

ئەم قورئانە جوانە بەشێوازێك دەنوسێت وتێکدانێك تێکی دەدات بە ئەستەم دەزانین چی نوسیوە، ئا ئەمە وەلی شەیتانە.

ساحیر ورتەورت دەکات، تەنها خۆی دەزانێت چی دەڵێت بەڵام وەلی خوا قورئان بە ئاشکرا دەخوێنێت.

---

[١] ئەم وەڵامدانەوەش بەویستی خوای گەورەیە ئەویش بۆ ئەوەیە بەندەکانی تاقی بکاتەوە.

هەیە شەو دەخەوێت وسبەی هەڵدەستێت دەڵێ بەشم دراوە، تەماشا دەکەین دوای دو ڕۆژ لەبەردەم دەرگاکەی ڕیز دەگیرێت. اللّٰه أکبر ئەمە نەفامی ونەزانییە، ئوممەتی موحەممەد صلی اللّٰه علیه وسلم زۆر لەوە ژیرتر وتێگەیشتوترە بەو شێوەیەی لێببێت، با هۆشیار وبێداربین.

ساحیر ئەوەی کە دەیکات پەنا بۆ شەیتان دەبات سوجدەی بۆ دەبات لێی دەپاڕێتەوە، وەلی ڕاستەقینەی خوا سبحانه بە پێچەوانەی ئەمەوەیە.

سیحر پوچەڵ دەکرێتەوە بەڵام کەرامەت پوچەڵ ناکرێتەوە.

سیحر زانستێکە بە فێربون وهەوڵ وتەقەلا وشەکەتبون بەدی دێت، بەڵام کەرامەت فەزڵ ودیاری وبەخششی خوایە.

وەلی خوا بیروباوەڕ وجل وبەرگی پاکە ودەست بەدەست نوێژەوەیە، بە پێچەوانەی ساحیر.

ساحیر هەر بە دەم وچاویەوە دیارە دوژمنی خوایە وڕەش هەڵگەڕاوە، بۆیە ڕوی ڕەشە، بەڵام وەلی خوا ڕوی گەشە.

خاڵێکی تر -ئەم خاڵەش زۆر گرنگە- وەلی خوا پێنج فەرزەکە لە مزگەوتە.

هەربۆیە کەسێکتان بینی بەیەك قسە شیفای نەخۆش دەدات[1]، بەڵام لە نوێژی جەماعەت نەتان دەبینی بڕوای پێ مەکەن، درۆزن ودەجالە.

بزانن خوای گەورە شیفا لەسەر دەستی کەسێك نادات لە مزگەوتەکاندا نوێژ نەکات، شیفا لەسەر دەستی کەسێك نادات ئەهلی جومعە وجەماعەت نەبێت.

بۆیە تەماشادەکرێت[2] بزانرێت لەسەر فەرمان پێکراوەکان وقەدەغەلێکراوەکان دەوەستێت، خوای گەورە فەرمانێکی پێ دەکات جێ بەجێ دەکات، ئەگەر نەهی لێ بکات دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئاوها بو ئەوا کەرامەتە، بەڵام کەسێك لە مزگەوت نەبینرێت: ئامادەی نوێژی بەیانی نەبێت ئەوا ساحیر وجادوگەرە، بەڵام وەلی خوا ئەگەر شەونوێژ نەکات وبە خەبەر نەیەت لۆمەی خۆی دەکات ودەگیرێت ودەڵێت خوای گەورە ئەمشەو لە سەحەردا فەرموی: کێ دەپاڕێتەوە وەڵامی بدەمەوە، کێ داوای لێ دەکات پێی ببەخشم.

بەڵام من ئەوکاتە خەوتبوم، بۆیە جەرگی دەسوتێ بیر لەوە دەکاتەوە، ناخی ئازاری دەدات.

---

[1] بەڵکو هیچ کەسێك ناتوانێت شیفای نەخۆش بدات تەنها خوای گەورە خۆی نەبێت هەر وەکو لەسەر زمانی پێغەمبەر إبراهیم -علیە السلام- دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ [الشعراء:٨٠]، واتە : ئەگەر نەخۆش کەوتم تەنها ئەو شیفام دەدات.

[2] وەکو شیخ الاسلام وئیبن حەجەر وباقی زانایانی تر فەرمویانە.

جا ئەگەر کەسێك ئەم وەصفانەی وەلی خوای تێدا نەبو، لەبەرامبەریشدا ئەو وەصفانەی ساحیری تێدا بو، ئەوا بزانە وەلی خوا نیە بەڵکو درۆزنە و وەلی شەیتانە ئەگەر سەر وسیماشی سەروسیمای کەسی مولتەزیم بو.

یاساکەش ئیمامی شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فێری کردوین[1] هەر کارێکتان بینی کارێکی نائاسایی بو ئەو کاتە خاوەنەکەی دەدەین لە تەرازوی قورئان وسوننەت ئەگەر ڕێکی قورئان وسوننەت بو، ئەهلی جومعە وجوماعەت بو، فەرمانەکانی خوای گەورەی جێ بەجێ دەکرد، ولە نەهیەکانیش دورکەوتەوە ئەوا کەرامەتە، بەڵام ئەگەر کاروکردەوەکانی ڕێکی قورئان وسوننەت نەبو ئامادەی جومعە وجوماعەت نەدەبو، فەرمانەکانی خوای گەورەی جێ بەجێ نەدەکرد ولە نەهیەکانیش دوردەنەکەوتەوە، ئەوا بەیارمەتی شەیتان کردویەتی نەك بە یارمەتی الرحمان.

ئیبن حەجەر ئەڵێ: «وينبغي أن يعتبر بحال من يقع الخارق منه فإن كان متمسكا بالشريعة متجنبا للموبقات فالذي يظهر على يده من الخوارق كرامة وإلا فهو سحر لأنه ينشأ عن أحد أنواعه كإعانة الشياطين».

---

[1] بەڵکو الله -جل جلاله- فێری کردوین: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ﴾.

ئیبن تەیمیە ئەفەرموێ: «لو ذكرَ الرجلُ اللهَ سبحانه وتعالى دائمًا ليلاً ونهارًا معَ غايةِ الزُّهد، وعَبَدَه مُجْتَهدا فِي عبادتِه ولم يكن متَّبِعًا لذِكْره الذي أَنْزله -وهو القرآن- كان مِنْ أَوْلياءِ الشيطان وَلَو طَارَ فِي الهَواء أَوْ مَشَى عَلَى الْمَاء، فإن الشيطان يِحْمِلُه فِي الْهَواء...».

## ئەو نیشانانەی کە ساحیری پێ دەناسرێتەوە[1]:

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵێك نیشانەن، لە هەر کەسێکدا بینرا ئەوا بێ گومان ودو دڵی ساحیرە، ئەم نیشانانە ئەوە نەبێت هەر هەموی لە ساحیرێکدا کۆببێتەوە، هەر یەکێك لەم نیشانانەت بینی بەبێ دودڵی ساحیرە، ئەو نیشانانەش:

١. پرسیاری ناوی نەخۆشەکە وناوی دایکی دەکات.

٢. هەندێکجار هەر کە چویتە ژورەوە بۆلای ناوی خۆتت پێ دەڵێت، تۆ ناوت فلانە وناوی دایکت فلانە.

٣. هەندێکجار پێی دەڵێ لەبەر ئەو هۆکارە هاتوی بۆلام، یان دەرد ونەخۆشیەکەی پێ دەڵێ، کە تۆ ئەوەندە ماوەیە پێوە گیرۆدەی، لەوە ئەچێت ئەو کەسەی سەردانی دەکات وا بزانێت ساحیرەکە -کە ناوی مەلا وشێخی لەخۆی

[1] الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار ص٤٣-٤٤.

ناوە- عیلمی غەیب دەزانێت، بەڵام هەمو کەسێك هاوەڵ «(قرین)»ێکی لەگەڵدایە لە جنۆکە هەروەکو خوای گەورە باسی کردوە لە قورئاندا، کە لەگەڵتدایە ئەوسا دەزانێت حەزت لە چیە، ڕقت لە چیە، بە چی بێ تاقەت دەبیی، ئەویش لەپێشترە کە ناوی خۆی ودایك وباوکی بزانێت، نەخۆشیەکەی بزانێت، هەروەها چەندێکە پێوەی دەناڵێنی، جا ساحیرەکەش قەرینی هەیە.

ساحیرەکە پاش ئەو هەمو پەرستش وسوجدە بردن وهاوارپێکردنە، ئەو کات شەیتان وجنۆکە کۆمەڵێك ئیش بۆ ساحیرەکە دەکەن، جا ئەم قەرینی یەکەم بە قەرینی ساحیرەکە ئەڵێ وقەرینی ساحیرەکەش بەساحیرەکە ئەڵێت، ئەمە ئەوەبو کە تۆ واتدەزانی عیلمی غەیبە.

٤. داوای شوێنەوارێك دەکات هی ئەو کەسەی کە سیحری لێ دەکات یان سیحری بۆ دەکات وچارەسەری دەکات، بۆ نمونە: داوای «فانیلە، سەرپۆش، سەروێن، کلینسك...» دەکات یان هەر شتێکی تر عارەقی ئەو کەسەی پێوە بێت، یان داوای تەڵەمو دەکات لەو کەسەی کە سیحری لێ دەکات یان بۆی دەکات.

٥. هەندێکجار داوای ئاژەڵێك یان باڵندەیەك دەکات بەپێی کۆمەڵێ وەصفی دیاریکراو، فەرمان دەکات سەری ببڕێت وناوی خوای لەسەر نەهێنرێت، هەندێك

جار بە خوێنەکە لاشەی نەخۆشەکە سور دەکات، یان دەڕوات لە کەلاوەیەکدا فڕێی دەدات.

٦. نوسینی تەلاْسیم وعەزائیم وڕەمز وژمارە ونوسینی وشە بە پیت پیت، ئەمانەتان لەهەر کەسێك بینی ئەوا بزانن ساحیر ودەجالە .

هەندێك جار کاغەزێك دەدات بەنەخۆشەکە یان ئەو کەسەی سەردانی دەکات وێنەی چوار گۆشە یان لاکێشە یان سێ گۆشەی تێدا کێشراوە وپیت وژمارە وڕەمز لە دەوربەریدا نوسراوە.

٧. تێکەڵی وپێکەڵی کردن لە نوسینەوەی قورئان، ئەمەش لەناو ئەو نوشتانەی بە خەڵکی دەدەن.

ئەگەر چی قورئان بنوسرێتەوە وەکو خۆی وبەجوانی، ولەلایەن دۆستێکی ڕاستەقینەی «الله»ەوە بێت بۆ هەڵواسین، جێی ڕاجیاوازی زانایانە، ئەوەشی پەسەندە «الراجح»ە ئەصڵ تێیدا دروست نیە، چونکە سەردەکێشێت بۆ شیرك وپەیوەست بونی دڵ بەغەیری خوا، مەبەست لە هاتنی ئاینەکانیش ئەوەیە کە مرۆڤایەتی پەیوەست بێت بە خواوە، جا هەر شتێك ببێتە مایەی ئەوەی دڵی بەندەکان لەخواوە بڕوات بۆ غەیری خوا، ئەبێت ڕێگری لێ بکرێت وحەرام بکرێ.

موسڵمان کاتێك قورئانێك بەخۆیدا هەڵدەواسێت، ئەوسا دڵی پێوەی پەیوەست دەبێت، دەڵێ ئەمە من دەپارێزێت، بەڵام نازانێت کە خوا پاراستویەتی، هەر بۆیە ئەگەر قورئان بێت وبەجوانی ورێك وپێکیش بنوسرێت هەر نابێت، چ جای ئەوەی قورئان بەو جوانیە ئەم بێت بەخراپی وبەناشیرینی بینوسێت کە هەتا دەیخوێنیتەوە ماندو دەبیت، جگە لە دەستکاری کردنی.

٨. هەندێ جار فەرمان دەکات کەسەکە بۆ ماوەیەك لە خەڵکی دوربکەوێتەوە، یان دەرودەشت نەکات، یان نینۆك نەگرێت، یان خۆی نەشوات، یان ماوەیەك خۆر لێی نەدات، یان تێکەڵاوی هیچ کەسێك نەکات، یان دەست نەدات لەهەندێك شتی دیاری کراو[١]، هەر کاتێك ئەم حاڵەتەتان بینی بزانن ئەو جنۆکەیە کەخزمەتی ساحیرەکە دەکات حەزی لەو بەزمەیە.

[١] لەم ماوەیە دو برا سەردانیان کردم، وتیان: باوکمان خوشکێکمانی بردوە بۆ لای فلان ساحیر وئەویش پێی وتوە: نابێت تا چل ڕۆژ خۆی بشوات، نابێت نینۆك بگرێت، نابێت دەرو دەشت بکات... تاکۆتایی، منیش وتم: جا ئەو ساحیرانە هەر بە شتێکی ئاوها ئەبن بە ساحیر کە چل ڕۆژ نوێژ ناکەن ونینۆك ناگرن وخۆیان ناشۆن وپەرستش بۆ شەیتان دەکەن وئەبنە ساحیر، وتی: لەسەر داوای ساحیرەکە ئاژەڵێکمان بۆ سەربڕی وجگەرەکەیمان بۆ هێنا ئەویش بە خوێنەکەی هەندێك شتی لەچەند کاغەزێکدا نوسی وتی: لە کاتی بانگی ئێوارەدا ئاگری پێوە بنێن، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ... نسأل الله السلامة والعافية في ديننا ودنيانا.

هەر بۆیە دەبێ ئەو شتە بکات کەجنۆکە وشەیتانەکان پێیان خۆشە پاشان کارەکانی بۆ ئەنجام دەدەن.

٩. هەندێك جار شتانێك دەدات بە نەخۆشەکە وپێی ئەڵێ: لە فلاَن شوێن بیشارەوە، بیخەرە ژێر بەردێکەوە، بیخەرە ڕوبارەوە، بیخەرە تەنکی سەربانەکە، بیخەرە نێو چاییەوە..هتد، هەندێك جار کاغەزێك یان پارچەیەك یان هەر شتێك دەداتە نەخۆشەکەو پێی ئەڵێ بیسوتێنە ودوکەڵەکەی هەڵمژە.

١٠. هەندێك جار ورتە ورتێك دەکات، کەس نازانێت چی دەڵێ؟ ئایەتێك بەدەنگی بەرز دەخوێنێت، پاشان بە لەسەر خۆییەوە ورتە ورتێك دەکات، ئەوە بزانە ئایەت تێکەڵی سیحر وتەڵیسم وعەزیمە دەکات کە شەیتانەکان پێیان وتوە بیڵێت.

١١. ساحیر هەر شتێکی پێ بڵێی هەرگیز ناڵێت ناتوانم، یان پێم ناکرێت، هەر دەردێکی پێ بڵێی دەوات بۆ دێنی، هەڵبەت بەقسەی خۆیان!! ئەگەرنا دەرمانی هەمو دەردێك هەر لای خوای گەورەیە وئەو ساحیرە دەرمانی هەمو دەردێکی پێ نیە، پێشینان ئەڵێن: قسە فەقیرە هەمو کەس پێی دەوێرێ، درۆ زەرەری لەکێ داوە تاوەکو زەرەر لەساحیر بدات.

١٢. هەندێك جار بێ پشکنین وپرسیارکردن ئەزانێ چ نەخۆشیەکی هەیە.

١٣. هەندێك جار ئەڵێ: ئەو سیحرە لەلایەن فلان کەسەوە لێت کراوە، یان شوێنی سیحرەکەیان پێ ئەڵێت.

١٤. هەندێك ساحیر ژورەکەی شلەژاوە، جل وبەرگی پیس وشڕکە ودڕاوە، قژی شێواوە.

١٥. دەست دەخاتە سەر جەستەی ئافرەت بە بیانوی ئەوەی بۆ شیفایە قەیناکا.

١٦. لەگەڵ نەخۆشی ئافرەت تەنها دەکەوێت وبێ باکە.

وامەزانن ساحیر ڕاست دەکات وچارەسەری لایە وتوانای زۆرە، بەڕاستی ئەگەر کەسێك هەبێت لێکۆڵینەوە بکات کە ساحیران لە چەند شتدا پێکاویانە ولەچەند شتدا درۆیان کردوە وچارەسەریان پێ نەبوە، دەبینی درۆیان زۆر لەوە زیاترە.

خەڵك ناڵێن ساحیر درۆی کرد. بەڵکو هەمیشە هەر باسی ئەوە دەکرێت چارەسەری کردوە وڕاستی کردوە، ئەگەر هاتو خەڵکی باسی درۆکانیش بکەن ئەوسا هیچ کەسێك ڕو لەساحیرەکان ناکات. ئەمەش سودێکی گەورە وگرنگە بیزانە.

خۆ ئەگەر بۆت ڕون بویەوە ساحیرە ئامان نەڕۆی بۆلای، گەرنا ئەو فەرمایشتەی پەیامبەرت -صلی الله علیه وسلم- لەسەر جێ بەجێ دەبێت کە ئەفەرموێت: : «مَنْ أَتَى عَرَّافًا اَو كَاهِنًا، فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً»[١] واتە: هەر کەس بڕواتە لای فاڵچیەك، جادوگەرێك وپرسیاری شتێکی لێ بکات تا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت. هەورەها دەفەرموێ: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ»[٢]، واتە: هەر کەسێك بڕوات بۆ لای فاڵچیەك یان جادوگەرێك بڕوا بکات بەوەی پێی دەڵێت، ئەوە کوفری کردوە بەوەی بۆ سەر رسول الله -صلی الله علیه وسلم- دابەزیوە.

پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم چارەسەری صەحابەی کردوە، وصەحابەکانیش چارەسەری چەندین کەسیان کردوە، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان پرسیاری ناوی دایکی یەکێکیان نەکرد، داوای شوێنەواری یەکێکیان نەکردوە، وداوای ئاژەڵیان لە کەسێك نەکردوە.

لە صەحیحی موسلمدا هاتوە کە عوسمانی کوڕی ئەبی العاص -خوای لێ ڕازی بێت- دەڵێت: کە نوێژم دەکرد هەستم بەشتانێك دەکرد نوێژەکەی لێ تێك دەدام،

---

[١] سبق تخريجه.

[٢] سبق تخريجه.

ئەوەبو ڕۆیشتمە خزمەت پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وتم: قوربان هەست بە حاڵەتێکی ئاوها دەکەم، پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕوقیەی بۆ کردم، وفەرموی: نزیك بەرەوە، پاشان دەستی خستە سەر سنگم وپاشان تفی کردە ناو دەمم وپاشان فەرموی: «اُخرج عدو الله»، دەرچۆ ئەی دوژمنی خوا، مەبەستی جنۆکەکەی گیانیەتی، ئەڵێ: سوێند بەخوا لەدوای ئەوە هەستم نەکرد تێکەڵاوی لاشەم بوبێت.

زۆربەمان چیرۆکی ئەو هاوەڵانەمان بیستوە کە جارێکیان دەڕۆن چارەسەر بۆ گەورەی خێڵێك دەکەن، وسورەتی فاتیحەی بەسەردا دەخوێنن، نەداوای ناویان کرد ونەداوای ناوی دایکیان کرد.

ئەمانە کۆمەڵێك فێڵبازن دەیانەوێت بەسەر پارەی خەڵکیەوە بژین .

## ئەو نیشانانەی کە سیحرلێکراوی پێ دەناسرێتەوە[1]:

سیحرەکان زۆر وجۆراو جۆرن، جا هەر جۆرێك ونیشانەی خۆی هەیە بەڵام ئێمە هەندێك نیشانە ودیاردەی گشتی دیاری دەکەین کە لە زۆرێکی سیحرلێکراوەکاندا هەیە، بە تایبەت ئەوەی جنۆکە دەستی لێوەشاندون. ئەم نیشانانەش مەرج نیە لە

[1] وقاية الإنسان من الجن والشيطان ص ٧٠-٧١.

هەر کەسێك هەبون ئیتر سیحر لێکراو بێت، مەرجیش نیە هەموی کۆ ببێتەوە لە سیحر لێکراودا.

١. شەوان کەم دەخەوێت.
٢. لەکاتی خەوتنەکەی ئارەق دەکات.
٣. لەخەودا زۆر ڕادەچەڵەکێت.
٤. شەوان دوای ڕاکشانێکی زۆر زۆر پاشان خەوی لێدەکەوێت.
٥. خەوی ناخۆش دەبینیێ.
٦. بینینی ئاژەڵان لە خەودا، وەك: پشیلە وسەگ وشتر ومار وشێر وڕێوی ومشك. بە تایبەتی ئەگەر لەلایەن ئافرەتانەوە بینرا ودو گیان بو ئەوە واللّٰه أعلم سیحری لێکراوە.
٧. لە خەودا گاز دەگرێت لە دانەکان ولە لێوی خۆی.
٨. بینینی شەوە لە خەودا، شەوەش ئەوەیە: شتێك دەبینێت لە خەودا نارەحەتی دەکات وئازاری دەدات وئەیەوێت هاوار بکات ناتوانێت.
٩. بەدەم خەوەوە زۆر پێدەکەنیێ یان زۆر دەگریێ یان زۆر هاوار دەکات.
١٠. لەخەودا دەبینێت کە لەناو گۆڕستان یان زبڵدان یان کەلاوە دایە.
١١. لە خەودا دەبینێت کە لە بەرزایی بەر دەبێتەوە.
١٢. ڕێکردن بە دەم خەوەوە وهەستیشی پیێ ناکات.
١٣. ئاخ وئۆفکردنی زۆر بە دەم خەوەوە.

١٤. لەخەودا کەسانێك دەبینێ شێوازیان ئاسایی نیە وزۆر نامۆیە، وەك ئەوەی ببینێ باڵایان زۆر بەرزە، یان باڵایان زۆر نزمە.

ئەمانە نیشانەکان بون لە خەودا.

## لە بێداریشدا:

١. سەری بە خێرایی وبە زۆری ژان دەکات، ئەمە ئەگەر بەهۆی شتی ترەوە نەبێت، وەك: دان ئێشە، چاوئێشە، لوت ئێشە، گوێ ئێشە، ئێش وئازاری گەدە...

٢. تەمبەڵ وتەوەزەلی لە بۆ پەرستش ویادی خوا.

٣. پەرکەم.

٤. بونی ئێش وئازارێك لە هەندێك لە ئەندامەکانی لاشەی، کە پزیشکەکانیش ناتوانن چارەسەری بکەن. بۆ نمونە قاچی یان باڵی یان هەر شوێنێکی تری ئازاری دەبێت کە سەردانی پزیشك دەکات لە ڕاپۆرتە پزیشکییەکاندا هیچ دەرنەکەوتوە.

## نیشانەکانی سیحری جیاکردنەوە:

کە بریتیە لە کردنی سیحر بۆ جیاکردنەوە یان ڕق وکینە خستنە نێوانیان:

وەك ژن وپیاو[1]، یان كوڕ ودایك، یان كوڕ وباوك، یان برا وبرا، یان دو برادەر یان دو شەریك،...هتد

## دیاردە ونیشانەكانی ئەم سیحرە:

١. هەڵگەڕانەوەی لە ناكاوی بارودۆخەكە لە خۆشەویستی وتەبابییەوە بۆ ڕق وناكۆكی.

٢. دروست بونی گومانی زۆر لە نێوانیاندا.

٣. عوزر نە هێنانەوە بۆ یەكتر.

٤. گەورە كردنەوەی شتە بچوكەكان كە ئەبێتە مایەی ناكۆككی نێوانیان.

٥. هەردولا وێنەی یەكتر بە ناشیرین دێتە پێش چاویان، ئەگەر جوانترین ئافرەت وپیاوەكەش جوانترین پیاو بێت بە ناشیرین دێنە پێش چاوی یەكتر.

٦. لایەنی سیحر لێكراو ڕقی لە هەمو كارێكی بەرامبەرەكەی دەبێتەوە، تەنانەت ڕقی لەو شوێنەش دەبێتەوە كە لایەنی بەرامبەر تێیدا دادەنیشێت.

٧. مێردەكە كە لە ماڵ نیە ئافرەتەكە ئاساییە، بەڵام كە هاتەوە ئافرەتەكە ناڕەحەت دەبێت. بە نیسبەت مێردەكەش بە هەمان شێوەیە ئەگەر سیحرەكە لەو كرابێت.

---

[1] كە ئەمەیان لە هەموی زیاتر بەربڵاوترە.

٨. لە کاتی جوتبوندا لایەنی سیحر لێکراوە بە بەردەوامی هەست بە نارەحەتی دەکات.

## سیحری خۆشەویستی

دیاردە ونیشانەکانی سیحری خۆشەویستی:

١. شەیدا وخۆشەویستیەکی لە ڕادە بە دەری لا دروست دەبێت بۆ بەرامبەرەکەی.

٢. حەزی زۆر لە جیماع کردن دەبێت.

٣. ناتوانێت ئارام بگرێت کە دور بێت لێیەوە.

٤. هەمیشە تینوی بینینی بەرامبەرەکەیەتی.

٥. گوێڕایەڵی کردنی کوێرانەی بەرامبەرەکەی.

## هەمو شتێك تەنها بەدەستى خوایە

هەمو شتێك بەدەستى الله یە، قازانج گەیەنەر تەنها الله یە، زەرەر گەیەنەر تەنها الله یە، عیلمی غەیب تەنها لاى الله یە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[1] ، واتە: بەرزى وپیرۆزى بۆ ئەو خوایەى كە هەمو شتێك موڵكى ئەوە، موڵك ودەسەڵاتى هەمو شتێكى بەدەستە، وتواناى هەیە بەسەر هەمو شتێكەوە.

خواى گەورە دەفەرموێت: [وَأَنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ][2] ، واتە: فەزڵ وخێر وچاكە هەر بەدەستى خوایە.

هەروەها دەفەرموێ: [قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ].

ڕزق ورۆزیت دەوێ، منداڵت دەوێ، كوڕت دەوێ، كچت دەوێ، تەندروستیت دەوێت، بپاڕێوە وداوا لە خوا بكە.

---

[1] سورة الملك:١ .

[2] سورة یونس:٥٨ .

ئەوە ئیبراهیمە ئەڵێ هەر خوا شیفام دەدات: ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾

ئەوە ئەیوبە هەر داوا لەخوا دەکات شیفای بدات، دوای نزیکەی پانزە ساڵ هانا ودادی بۆ جگە لە دەرگای خوا نەبرد: ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ، فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ﴾.

ئەوە یونسە لە گەورەترین تەنگانەیە تەنها لە خوا دەپاڕێتەوە: ﴿فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ، فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ﴾.

ئەوە زەکەریایە کە منداڵی دەوێت تەنها داوا لە خوا دەکات ولەو دەپاڕێتەوە: ﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾، ﴿وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ، فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ﴾

ئەوە ئیبراهیمی باوکیانە، پێشەوای موەحیدەکانە، هەمو دونیا لێی کۆ دەبنەوە، دەخرێتە نێو ئاگرەوە، هاوار بە کەس ناکات، پەنا بۆ کەس نابات

تەنانەت جوبرەئیلیش[1]، تەنها پەنا بۆ خوا دەبات وئەڵێ: «هەر خوام بەسە». بۆیە لەبەر ئەو تەوحیدەی ئیبراهیم، ئەو ئاگرەی دەست دەسوتێنێ بەڵام بۆ ئیبراهیم دەرچێنێ وبە سەلامەت دەریدێنێ.

بۆیە هیچ شتێك لای خوا گران نیە جل جلاله وتقدست أسماءه وصفاته.

خوای گەورە دەفەرموێت: [وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَآدَّ لِفَضْلِهِ][2]، واتە: ئەگەر خوای گەورە توشی زەرەر وزیانێکت بکات هیچ هێزێك ناتوانێت لەسەرتی لابدات مەگەر هەر ئەو نەبێت.

پێویستە ئەم بیروباوەڕە لەناخی دڵمان ڕیشە دابکوتێت، لەسەر ئەم عەقیدەیە بمرین: [وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَآدَّ لِفَضْلِهِ]، واتە: خۆ ئەگەر بیەوێت خێر وخۆشی وچاکە وقازانج وسودێکت پێ بگەیەنێت هیچ هێزێك نیە ڕێگر بێت لە گەیشتن پێت.

---

[1] بەڵام ئەو ڕیوایەتەی کە ئەڵێ جوبرەئیل هاتوە بۆلای باوکمان ئیبراهیم وتویەتی ئیشت نیە، ئەویش وتویەتی: بە تۆ نا، بەڵام بە خوا بەڵێ «حسيي الله ونعم الوكيل» لاوازە وئیسرائیلیە. بەڵام وتنی: «حسيي الله ونعم الوكيل» لەوکاتەدا لە بوخاریدا هاتوە لە وتەی ئیبن عەباسەوە.

[2] سورة يونس:١٠٧.

ئایا متمانەت نیە: ئەگەر بڕیار بێت سودێکت پێبگات، هەر پێت دەگات، ئەگەر لەلایەن خواوەوە بێت؟!

وئەگەر بڕیار بێت زەرەرێکت پێبگات، هەر پێت دەگات، ئەگەر لەلایەن خواوەوە بێت، وهێزی هیچ بەهێزێك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەرامبەر بڕیارەکانی خوای گەورە.

پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری عەبدوڵای کوڕی عەباس دەکات ودەفەرموێت: «يَا غُلامُ إِنِّي أُعَلمُكَ كَلمَاتٍ، احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلتَ فَاسْأَل اللهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لوِ اجْتَمَعَتْ عَلى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ لكَ، وَلوِ اجْتَمَعُوا عَلى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَليْكَ، رُفِعَتِ الأَقْلامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ»[1].

ئەی ڕۆڵە چەند ڕستەیەکت فێردەکەم فێری ببە ولەگیانی خۆتدا جێبەجێی بکە:

- «احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ» خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێت.

---

[1] رواه الترمذي، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير.

- «احْفَظِ اللّٰهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ» خوا بپارێزە هەمیشە لە پێشتەوەیە ولە تەنگانە بە دادتەوە دێت، پێویستییەکانت بۆ پڕدەکاتەوە.

کەواتە پێویست ناکات هانا بۆ ساحیر وبەناو شێخ وشەخص بەریت، بەڵکو هانا بۆ عیبادات ببە وتەقوای خوا بکە ودەستت بۆ ئاسمان بەرز بکەرەوە، فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکە ولە نەهییەکانی خوا خۆت بپارێزە.

- «تعرَّف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدة» لە خۆشیدا خوا بناسە، لە نارەحەتی وتەنگانەدا خوای گەورە بەهاناتەوە دێت.

- «إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللّٰهَ» ئەگەر پاڕایتەوە، داوای شتێکت کرد، داوا لە پەروەردگار بکە، ڕو لەو بکە، لە دەرگای ئەو بدە، ئەو بناسە، بڵێ یا اللّٰه هەر تۆ دەرگای هیوا وئومێدی منی.

- «وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللّٰهِ» کە داوای یارمەتیت کرد، داوای یارمەتی لە اللّٰه جل جلالە- بکە، چونکە دونیا بە یارمەتی اللّٰه ڕاوەستاوە وڕادەوەستێ، هەر ئەو جێ نیازی بێ نیازە. جێ نیازە: نیاز وپێویستی هەمو بەندەکان لەلای ئەوە، بێ نیازە: نیاز وپێویستی بە هیچ کەسێك نیە.

- «وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لوِ اجْتَمَعَتْ عَلى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إلا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللّٰهُ لكَ»، بشزانە: ئەگەر هەمو دونیا کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن وسودت پێ ناگەیەنن، مەگەر بە شتێك خوا ویستی لەسەر بێت.

- «وَلوِ اجْتَمَعُوا عَلى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إلا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللّٰهُ عَلَيْكَ» ئەگەر هەمو دونیا کۆببێتەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن زیانت پێ بگەینن، مەگەر خوا لەسەرتی نوسی بێت.

یانی ئەوەی کە نوسراوە هەر ئەوە دەبێت، هەمو دونیا وشەیەك لەوە ناگۆڕن کە نوسراوە.

- «رُفِعَتِ الأَقْلامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ» پێنوسەکان هەڵگیراون وپەڕاوەکان وشکەوە بوون، یانی کار لەکار ترازاوە، بواری گۆڕین ودەستکاریکردنی نوسراوی خوا نەماوە.

کەوابو بزانە: ئەگەر خوای گەورە منداڵ نەبەخشێت هیچ هێزێك ناتوانێت منداڵت پێ ببەخشێت، هەر وەکو دەفەرموێت : ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ

يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ، أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا﴾[1].

یانی: هی خوایە ئەرز وئاسمانەکان وخۆی خاوەنیەتی ودروستی کردوە وکاروباری بەڕێوە دەبات وئەوەی بیەوێت بۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێت تەنها کچ دەبەخشێت[2]، وبۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێ تەنها کوڕ دەبەخشێت[3]، وبۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێ هەم کوڕ وهەم کچ دەبەخشێت، وبۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێ نەزۆکی دەکات واتە: نە کوڕ ونە کچی پێ نابەخشێت[4].

ئیتر بۆ پەنا دەبەیت بۆ وەسیلەی ناشەرعی، خوای گەورە بەم کردارەی تۆ توڕە دەبێت.

ئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە، کاتێك کە مناڵت پێ نادرێت، ئەوە تاقی دەکرێیتەوە، تا ڕاستگۆ ودرۆزن جیا بکرێتەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [الم،

---

[1] سورة الشورى:٤٩ـ٥٠.

[2] لەوانەش پەیامبەر لوط وپەیامبەری خۆشمان کە تەنها کچی بۆ ماوەتەوە علـى جميـع الأنبيـاء الصلاة والسلام. وەك بەغەوی -رحمه الله- دەفەرموێ.

[3] لەوانەش پەیامبەر ئیبراهیم علیه السلام کە تەنها کوڕی بۆ ماوەتـەوە. وەك بەغــەوی -رحمـه الله- دەفەرموێ.

[4] لەوانەش پەیامبەر عیسا ویەحیا علیهما السلام. وەك بەغەوی -رحمه الله- دەفەرموێ.

أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ][1] ، خەڵكی وا دەزانن هەر كە وتیان ئیمانمان هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێ وتاقی ناكرێنەوە، سوێند بێت بە دڵنیاییەوە تاقی دەكرێنەوە وەكو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانیشمان تاقیكردەوە، هەتا ڕاستگۆ ودرۆزن لەیەكتر جیا بكرێتەوە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: [مَا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ][2] ، خوای گەورە هەروا دەستبەرداری خەڵكی نابێ وتاوەكو پاك وپیس، باوەڕدار وبێ باوەڕ، مونافیق وصادق لەیەكتر جیانەكاتەوە، ئەم تاقیكردنەوە كە ئەم ئایەتە باسی دەكات شەڕی ئوحودە، بۆ ئەوەی خوای مەزن پیشانی بدات كێ بەڕاستی شوێنی پەیامبەر كەوتوە وكێش بە درۆوە شوێنی كەوتوە.

جا كە منداڵی نابێت وهانا بۆ ساحیرێك دەبات ئەوە لە تاقیكردنەوەكە دۆڕاوە، مۆكڵەیەكم لایە زیاتر لە ١٦٠سم درێژە بۆ ئافرتێك كراوە تا منداڵی ببێت، یان منداڵەكانی بۆ بمێنێتەوە. كاغەزێك چۆن منداڵ دەبەخشێت؟!

---

[1] سورة العنكبوت:١-٣.

[2] سورة آل عمران:١٧٩.

وەسیلەی شەرعی بەکاربهێنە، وزیکرەکانی بەیانیان وئێواران بخوێنە، ونوێژەکانت لە کاتی خۆیی ولە شوێنی خۆی بەجوانی ئەنجام بدە، سەردانی پزیشکی شارەزا بکە.

یەکێك لە نەخۆشیەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەمان ئەوەیە: کاتێك توشی نارەحەتی دەبین، خوامان لەبیر دەچێت وهانا بۆ ساحیر وقەبر وشەخص وشێخ[1] دەبەین، ئەمەش خوا سبحانە- خوا توڕە دەکات. دەبێ لەو حەقیقەتە تێ بگەین ئێمە بۆ ئەوە دروستکراوین ڕو لەخوا بین، بۆ ئەوە دروست نەکراوین ڕو لە ساحیر وقەبر وشەخص وشێخ بکەین، ئەگەر منداڵت نابێت هەر شێخ، وباران نابارێت هەر شەخص، نەخۆشیت هەر قەبر، وکێشەت هەیە هەر دار، ئەی خوا دونیای بۆچی دروستکردوە؟!!

کاتێك سەیارەکەت لاردەبێتەوە ئەڵێی غەوسەکەی بەغدا هاوار، ئاخر الله جل جلالە چۆن توڕە نابێت، ئەم قسانە لەزینا گەورەترە.

کە دەترسی بەڵایەکت توش ببێ هەر بڵێ یا الله، کە توشیشت هات بۆ لابردنی هەر بڵێ یا الله.

---

[1] مەبەستمان لە شێخ لێرەدا، عەشیرەتی: «شێخ» نیە، بەڵکو مەبەستمان ئەو درۆزن ودەجالانەیە کە بە ناوی پیاوچاکی وەلی خواوە ماڵی خەڵك بە ناحەق دەخۆن.

دەبینی لە مزگەوت نوێژ دەکات خشوع نایگرێ، دوعا دەکات خشوع نایگرێ، بەڵام کاتێك لەلای قەبرەکەی شەخص وشێخێك نوێژ دەکات خشوعێك دەیگرێ ئەگەر بانگی بکەی ئاگای لێ نیە.

کەچی خوای گەورە پەیامبەرانی ناردوە بۆ ئەوەی خەڵکی خوایان لە دڵدا گەورە بێت وبۆ ئەو خاشع بن. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ][1].

بەڕێزەکان...

ئەگەر بمەوێت سوێند بخۆم سوێند دەخۆم، ئەوەندەی هەندێك خەڵك باوەڕیان بەشێخ وسەید وقەبر ودار وبەرد هەیە، ئەوەندە باوەڕیان بەخوا هەبێت، ئێستا سێبەری توێکڵە هەنارێك بەشی دو کەسی دەکرد. یانی: بەرەکەتی ئاسمان وزەوی دادەبەزی.

بەڵام خەڵك ئەوەندەی شەخص وشێخ وقەبر وساحیر دەناسن ئەوەندە خوا ناناسن. ئەوەندە ئومێد وترسیان لەوان هەیە لە خوا جل جلالە نیانە!

---

[1] سورة الأنعام:١٦٢.

ئەو نوشتەیەی کە ساحیرێك بۆی کردوە، خوا نەناسێك بۆی کردوە، دەستی بۆ ببە بیکەرەوە، ناهێڵێت، خۆ ئەگەر پێی نەکرا ڕادەکات وناوەستێت ودەترسێت غەزەبی خوا دابەزێت بەسەریاندا.

بەڵام زینا دەکات ومەشروب دەخوات وهاوار دەکاتە غەیرە خوا زۆر لای ئاسانە.

بە پێش چاویەوە جوێن بە خوا، بە پەیامبەر، بە ئیسلام، بە قورئان دەدرێت، ئاساییە بەلایەوە، نە ڕا دەکات، نە دەترسێت، بشترسێت ئەوەندەی ترسەکەی نابێت لە کردنەوەی نوشتەکەی کاکە شێخ. بەڵام کەسێك جوێنێك یان قسەیەکی لە سنور دەرچو —کە ئەوەش جائیز نیە- بەو شەخص وشێخەی لە دڵی ئەو گەورەیە بدات دونیای لێ ئاخر دەبێت.

تا ئێستا دەیان جار ڕۆیشتۆتە سەر مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی -خوا بە ڕەحمەتیکا-، بەڵام تا ئێستا بۆ یەکجاریش نە حەجی کردوە ونەعومرە، ئەمە ئەگەر بزانێت عومرە چیە، واللە هەندێکیان پێی وتوم من هەر نەمزانیوە عومرە هەیە لەم دواییانە لە دەمی ئێوە بیستومە.

لەو هەمو شێخ وشەخصە کە نمونەی شێخ عبدالقادر رحمە اللە- دەهێنمەوە، لەبەر دو هۆکارە:

یەکەمیان: خەڵکێکی زۆر ڕوی تێ دەکەن.

دوەمیان: بەڕاستی پیاوچاك بوە وزانایان بە موجمەلی شایەتیان بۆ داوە[1]، باسی ئەوانی تر ناکەین چونکە لەمێژودا بەناوبانگن کە دەجال ودرۆزن ومشەخۆر بون.

جا سەرنج بدە وبیربکەرەوە: شێخ عبدالقادر -بەڕەحمەت بێ- لە دەوری سالآنی ٤٧١-٤٩٠ کۆچی لە دایك بوە، ولە ساڵی ٥٦١ کۆچی دوایی کردوە، ئێستا ئێمە ساڵی «١٤٣٣»ـە ، زیاتر لە هەشت سەد ساڵە، زیاتر لە هەشت سەدە ونیوە خەڵکی لە خۆڵی سەر قەبرەکەی دێنن.

---

[1] ئەشڵێن ئەبولفەرەج ئیبن ئەلجەوزی بەغدادی حەنبەلی کتێبێکی نوسیوە وڕەدی شێخ عەبدولقادری داوەتەوە، جا شێخ عەبدولقادریش هەر حەنبەلیە، بەڵام یەکێك لەو وتە مونصیفانەیەی کە لە بارەیەوە وتراوە، وتەکەی ئیبن کەسیرە لە «البداية والنهاية» ئەڵێ: «كان له سمت حسن، وصمت غير الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، وكان فيه زهد كثير، وله أحوال صالحة ومكاشفات، ولأتباعه وأصحابه فيه مقالات، ويذكرون عنه أقوالاً وأفعالاً، ومكاشفات أكثرها مغالاة، وقد كان صالحاً ورعاً، وقد صنف كتاب «الغنية»، و«فتوح الغيب»، وفيهما أشياء حسنة، وذكر فيهما أحاديث ضعيفة وموضوعة، وبالجملة كان من سادات المشايخ».
لەمەش مونصیفانەتر وتەکەی زەهەبیە لە السير لە کۆتایی ژیاننامەکەیدا ئەڵێ: «وفي الجملة الشيخ عبد القادر كبير الشأن، وعليه مآخذ في بعض أقواله ودعاويه، واللهُ الموعد، وبعض ذلك مكذوب عليه».

پێم بڵێن: ئەگەر لەهەر زەویەك ببرایە ئێستا هەتا هەر حەوت چینی خاکەکەی چاڵ بوبو، ئیتر ئەو خۆڵە چۆن تەواو نەبو؟!!

ئیمامی حوسەین -خوای لێی ڕازی بێ- نزیکەی چواردە سەدەیە خەڵکی لە خۆڵی سەر قەبرەکەی دێنن، ئەگەر خەڵکی هەر ڕۆژێ مشتێك خۆڵیان بهێنیایە ئێستا قەبرەکەی نەمابو!!

با هۆشیار وبێداربین، هەمو شتێك هەر بەدەستی خوایە، عیلمی غەیب هەر لەلای خوایە هیچ کەسێك عیلمی غەیب نازانێت. پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلَّهِ﴾

تەنانەت مەلائیکەتەکانیش عیلمی غەیب نازانن، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا][1]، وتیان: پەروەردگارا ئێمە هیچ نازانین ئەوە نەبێت کە خۆت فێرت کردوین.

بەڵکو ئەوە جوبرەئیلی سەردار وسەروەریانە -علیه السلام- غەیب نازانێت، وەکو لە حەدیسە بەناوبانگەکەی جوبرەئیلدا هاتوە پرسیار لە پەیامبەر دەکات

---

[1] سورة البقرة:٣٢.

لەبارەی هاتنی قیامەتەوە: پەیامبەر صلى الله عليه وسلم پێی ئەڵێ: «مَا الْمَسْؤُلُ عَنْهَا بِأَعْلَم مِنَ السَّائِلِ»، واتە: پرسیار لێکراو لە پرسیارکەر زیاتری لێنازانێت، یانی هەردوکمان وەکو یەك واین، لە ئاست غەیب وهاتنی قیامەت.

بەڵکو پەیامبەرانیش عیلمی غەیبیان پێ نەبوە.

ئەوە نوحە: ﴿وَلَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ وَلَا أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ لَنْ يُؤْتِيَهُمُ اللَّهُ خَيْرًا اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِي أَنْفُسِهِمْ إِنِّي إِذًا لَمِنَ الظَّالِمِينَ﴾.

ئەوە سەروەر وسەردارەکەیانە -صلى الله عليه وسلم-: ﴿قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾ ﴿تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا﴾ هەروەها تەبەڕا دەکات لەوەی عیلمی غەیب بزانێت، [قُلْ لاَ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ][1]، واتە: پێیان بڵێ: من توانای ئەوەم نیە هیچ سود وزیان بە خۆم بگەیەنم مەگەر خوا بیەوێت، خۆ ئەگەر عیلمی

[1] سورة الأعراف:١٨٨.

غەیبم بزانیایە ئەوا خێر وسودی زۆرم بۆ خۆم دەستەبەر دەکرد وتوشی هیچ زیانێك نەدەبوم.

«توشی هیچ زیانێك نەدەبوم ئەگەر غەیبم بزانیایە» بەڵام دەبینن پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- ددانی دەشکێت وناو سکی وشتری بەسەردا دەکرێت، ئەگەر علمی غەیبی بزانیایە نەیدەهێشت توشی هیچ جۆرە زیانێك ببێت.

جنۆکەش لە غەیب نازانن، ئەوەتا خوای گەورە باسی چیرۆکی پەیامبەر سلیمان -علیه السلام- دەکات، کە جنۆکەیەکی زۆر خزمەتکاری بون، کۆشك وتەلاری گەورەیان دروستدەکرد، زەوی کۆشکەکەی وەك شوشە وابو، ئەوندە جووان بو کاتێك بەڵقیس[1] هاتە نێو کۆشکەکەی سولەیمانەوە قاچی هەڵکرد، وای زانی ئاوە، ئەوەبو پێیان وت: [إِنَّهُ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ][2]، ئەوە ئاو نیە قاچت هەڵ مەکە بەڵکو لوسە وەك شوشە وایە.

جا ئەو جنۆکانە سەرباری زیرەکی ولێهاتویان، غەیبیان نەزانیوە.

خوای گەورەش پیشانیدان کە جنۆکە «غەیب» نازانن، ئەمەش بەوەی:

---

[1] لە ڕیوایاتی ئیسرائیلی ناوی ئاوها هاتوە. والله أعلم

[2] سورة النمل:٤٤.

لە کاتی سەرەمەرگدا سولەیمان -علیه السلام- خۆی دابو بەسەر گۆچانەکەیدا، هەر لەو کاتە ڕوحی کێشرا، «خۆرك- گلّ خۆرکە» -کە جۆرە کرمێکە- بەرە بەرە لە گۆچانەکەیان خوارد، تا سولەیمان -علیه السلام- دای بەزەویدا، ئەوسا جنۆکە زانییان سلیمان مردوە، یانی: ئەگەر غەیبیان بزانیایە دەیان زانی سولەیمان مردوە، کە ئاواتی گەورەیان بو بمرێ، ئەوسا ئەو هەمو ئیش وکارە قورسەی دەیانکرد ڕزگاریان لێدەبو: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ﴾ کاتێك ڕوحی سلیمانمان کێشا، کەس نەیزانی وەفاتی کردوە بەڵکو خۆرکی زەوی بەرە بەرە لێیان خوارد، کە دای بەزەویدا، ئەنجا زانیان وەفاتی کردوە.

[مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ][1]، ئەگەر غەیبیان بزانیایە، ئەو هەمو ئازارەیان نەدەچەشت وئەو هەمو ماندوبونەیان نەدەکێشا.

کەچی ئەو ساحیرانە بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن وباسی کاتی هاتنی قیامەت دەکەن، وەکو لە ڕۆژنامە وکۆڤارەکاندا چەندین هەواڵیان لەم بارەوە دەبیسین.

---

[1] سورة سبأ:١٤.

خۆ ئەگەر قسەیەکی ڕاستت لێ بیستن ئەوە لە ئاسمانەکانەوە دزیویانە، بەڵام نەوەد ونۆ درۆیان پێوە پێچاوە.

وعَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم نَاسٌ عَنْ الْكِهَانَةِ فَقَالَ : «لَيْسُوا بِشَيْءٍ». فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُمْ يُحَدِّثُونَ أَحْيَانًا بِشَيْءٍ فَيَكُونُ حَقًّا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: «تِلْكَ الْكَلِمَةُ مِنْ الْحَقِّ يَخْطَفُهَا الْجِنِّيُّ فَيَقُرُّهَا فِي أُذُنِ وَلِيِّهِ يَخْلِطُونَ مَعَهَا مِائَةَ كَذْبَةٍ»[١].

موسوڵمانە بەڕێزەکان بادڵمان پەیوەست بێت بەخواوە هەمیشە ڕو لە خوا بین، با زمانمان فێری یا الله بێت، هانا بۆ خوا بەرین، با نەڵێین غەوسەکەی بەغدا!

«غەوس» واتە فریادڕەس، هەر خوا فریادڕەسە، بۆیە حەرامە بە کەس بڵێین غەوس، وەکو دەفەرموێت: [إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ][٢] ، [أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ][٣].

---

[١] متفق عليه.

[٢] سورة الأنفال:٩ .

[٣] سورة النمل:٦٢ .

## حوكمی پوچەڵكردنەوەی سیحر بە سیحر[1]

لەبەر ئەوەی سیحر دەردێكە وكاریگەری هەیە، دەكوژێت، نەخۆش دەخات، ژن وپیاو لێك جیا دەكات، بۆیە دروستە هەوڵی چارەسەركردنی بدەین وهۆكارە شەرعیەكان بگرینە بەر بۆ لابردنی چونكە خوای گەورە هەر دەردێكی دانابێت دەرمانەكەشی بۆ داناوە، هەر وەكو پەیامبەری خوا -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «مَا أَنْزَلَ اللَّهُ دَاءً إِلَّا أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً»[2]، واتە: خوای گەورە هەرچی دەردێكی دانابێت دەرمانەكەشی داناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیچ دەردێك نیە دەرمانی نەبێت، بەڵاّم هەندێك جار دەرمانەكە بەر دەردەكە دەكەوێت وشیفا دێت، هەندێك جاریش بەری ناكەوێت وشیفای نایەت. وەكو پەیامبەری خوا صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «فَإِذَا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءِ بَرَأَ بِإِذْنِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ»[3]، ئەگەر هاتو دەرمانەكە بەر دەردەكە بكەوێت خوای گەورە شیفای دەدات.

وسیحر چارەسەر دەكرێت بە قورئان وحەدیس وئەو دوعایانەی شەرعیە وئەو دەرمانانەی حەڵاڵە. بەسیحر چارەسەركردنیشی حەرامە، چونكە سیحر بە

---

[1] ینظر: الكتب والمقالات والفتاوى التي ردت على الشيخ عبد المحسن العبيكان في تجويزه لهذا الأمر، ومنها استفدت.

[2] رواه البخاري.

[3] رواه مسلم.

کۆدەنگی زایان حەرامە وەك نەوەوی وئیبن حەجەر وئیبن قودامە وجگە لەوانیش کۆدەنگی زانایانیان گێڕاوەتەوە.

ئەوەتا پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: «خوای گەورە شیفای دەردەکانی نەخستۆتە حەرامەکان»[١].

نابێت بۆ چارەسەر ڕو لە فاڵچی وجادوگەر بکرێت.

---

[١] قال ابن قيم -رحمه الله-: «روى أبو داود فى «سننه» من حديث أبى الدرداء -رضى الله عنه- قال: قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم: «إنَّ اللهَ أَنْزَلَ الدَّاءَ وَالدَّوَاء، وَجَعَلَ لِكُلِّ داءٍ دواءً، فَتَدَاوا، ولا تَدَاوا بِالْمُحَرَّمِ». وذكر البخارى فى «صحيحه» عن ابن مسعود: «إنَّ اللهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاءَكُمْ فِيمَا حَرَّمَ عليكم». وفى «السنن» عن أبى هريرة، قال: نهى رسول الله -صلى الله عليه وسلم- عَنِ الدَّوَاءِ الخَبِيثِ. وفى «صحيح مسلم» عن طارق بن سُوَيد الجُعفىِّ، أنه سأل النبىَّ صلى الله عليه وسلم عن الخمر، فنهاه، أو كَرِهَ أن يصنَعَها، فقال: إنما أصنعُها للدواء، فقال: «إنَّه لَيْسَ بِدَوَاءٍ ولكنَّهُ دَاءٌ». وفى «السنن» أنه -صلى الله عليه وسلم- سُئل عن الخمر يُجْعَل فى الدَّواء، فقال: «إنَّهَا دَاءٌ ولَيستْ بِالدَّوَاءِ» رواه أبو داود، والترمذى. وفى «صحيح مسلم» عن طارق بن سُويدٍ الحضرمى، قال: قلت: يا رسول الله إنَّ بأرضنا أعناباً نَعتصِرُها فنشرب منها، قال: «لا». فراجعتُه، قلتُ: إنَّا نستشفى للمريض قال: «إنَّ ذَلِكَ لَيْسَ بِشِفَاءٍ وَلَكِنَّهُ دَاءٌ». وفى «سنن النسائى» أنَّ طبيباً ذَكر ضِفْدَعاً فى دواءٍ عند رسول الله -صلى الله عليه وسلم-، فنهاه عن قَتْلِها. ويُذكر عنه -صلى الله عليه وسلم- أنه قال: «مَنْ تَدَاوَى بِالْخَمْرِ، فَلا شَفَاهُ اللهُ»».

پاشان سیحر بە دەقی قورئان ئیشی شەیتانە، بە دەقی فەرمایشتی پەیامبەریش صلی الله علیه وسلم ئیشی شەیتانە، ئەوەتا لە سونەنی ئەبو داود هاتوە بە سەنەدێکی صەحیح پرسیار لە پەیامبەر صلی الله علیه وسلم دەکرێت سەربارەت بە چارەسەرکردنی سیحر بە سیحر فەرموی: ئەوە ئیشی شەیتانە. ئیتر چۆن دروستە چارەسەری پێ بکەی؟

پاشان ساحیرەکان درۆزن ودەجالن چۆن دروستە چارەسەری لا بکەی.

بەڕاستی ڕوکردنە ساحیر بۆ چارەسەر وەکو ئەوە وایە بلێی چارەسەرم بکە بەوەی کە نەخۆشم دەخات، وەکو کەسێك وایە لە گەرمی پەنا بۆ ئاگر ببات.

پاشان ئەمە دەبێتە یارمەتیدەری ساحیرەکە ودانانە بەوەی ساحیرەکە لەسەریەتی لە کوفر وشیرك.

ئایا کوفر وشیرك دروستە بکرێت بۆ ئەوەی نەخۆشێك چاك ببێتەوە؟!

ئەی پەیامبەر -صلی الله علیه وسلم- نافەرموێ -وەکو لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە-: «لاَ بَأْسَ بِالرُّقَى مَا لَمْ يَكُنْ فِيهِ شِرْكٌ» ڕوقیە وچارەسەرکردن قەیدی ناکات ئەگەر شیرکی تێدا نەبێت. سیحریش بە بێ شیرك بەدی نایەت.

پاشان لە سەردەمی پەیامبەریشدا سیحر لێکراو هەبوە وپێویستیشیان بەوە هەبوە چارەسەری بکەن، کەچی لە تەنیا حەدیسێکیشدا نەهاتوە بڵێ دروستە، بەڵکو پێچەوانەکەی هاتوە کە ئەفەرموێ: «ئیشی شەیتانە».

نابێت لە بری هانا بردن بۆ وەسیلەی شەرعی، هانا ببرێت بۆ ساحیر وفالچی، نابێت ئەو دەرمانانەی شەرع دیاری کردوە پشت گوێ بخرێن وهانا بۆ ئەم دەرمانە کوشندە کوفریە ببرێ، نابێت هانا بۆ وەسیلەی حەرام ببرێ.

گەورەترین شتێك کە خوای گەورە فەرمانی پێکردبێت بریتییە لە تەوحید ویەکتاپەرستی، وەکو چۆن گەورەترین شتێك کە نەهی لێکردبێت بریتییە لە شیرك پەیداکردن، سیحریش هەم دژی تەوحید وهەڵوەشێنەرەوەیەتی هەم بەشێکی شیرکە وباوکیەتی.

پرسیاریان کرد لە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەربارەی نوشرە، پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموی: ئەوە ئیشی شەیتانە.

«نوشرەش «النُّشْرَة» یانی چارەسەرکردنی سیحر، ئەوەش دو جۆری هەیە:

یەکەمیان: سحر بە سیحر چاك بکەیتەوە.

دوەمیان: بەزیکری شەرعی. پرسیارەکەیان دەربارەی جۆری یەکەم بو». وەك ئیبن قەییم دەفەرموێ.

جا هەر کەسێك سیحر بەسیحر چاك بکاتەوە ئەوە ئیشی شەیتانە، چۆن دروستە کەسێك بڕوات بۆلای ساحیرێك کە کوفر بەخوا دەکات، پێی بڵێی ئەم نەخۆشەم بۆ چاك بکەرەوە.

## حوکمی ئەو کەسانەی دەڕۆن بۆ لای ساحیر لەگەڵ زەرەر و زیانەکانی ڕۆیشتن بۆلایان

- **ڕۆیشتن بۆلایان حەرامە.** لەبەر حەدیسەکەی موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمی، ئەڵێ: «قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي حَدِيثُ عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ وَقَدْ جَاءَ اللَّهُ بِالْإِسْلَامِ فَإِنَّ مِنَّا رِجَالًا يَأْتُونَ الْكُهَّانَ، قَالَ: «فَلَا تَأْتِهِمْ»[١]»، واتە: «وتم ئەی پەیامبەری خوا من تازە موسڵمان بوم، وخوای گەورەش ئەم ئیسلامەی بۆ هێناوین، جا ئێمە کەسانێکمان لایە ئەچن بۆلای فالچی وتالەگرەکان ئەوە چۆنە لە ئیسلامدا؟ فەرموی: مەڕۆن بۆلایان..».

---

[١] أخرجه مسلم.

- **چل شەو وچل ڕۆژ نوێژی قەبوڵ نابێت**، پەیامبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمویێت: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً»[1]، واتە: هەر کەس بڕواتە لای تاڵەگرێك وپرسیاری شتێکی لێ بکات تا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت.

- **هەرکەس بڕوا بۆلایان کوفری بەخوا کردوە**، پەیامبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ»[2]، واتە: هەر کەسێك بڕوات بۆ لای تاڵەگرێك یان جادوگەرێك بڕوا بکات بەوەی پێی دەڵێت، ئەوە کوفری کردوە بەوەی بۆ سەر رسول الله -صلى الله عليه وسلم- دابەزیوە.

- **ڕۆیشتن بۆلایان لە تاوانە هەرە گەورە لەناوبەرەکانە وخانەوەکەی لەناودەبات**، لە بوخاری وموسلیمدا هاتوە، لە ئەبو هورەیرەوە کە پەیامبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمویەتی: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ. قَالُوا: وَمَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «الشِّرْكُ بِاَللَّهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إِلا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاتِ

[1] أخرجه مسلم.

[2] سبق تخريجه.

الْمُؤْمِنَاتِ». واتە: خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکە: شیرك وسیحر و.. ئەمانە دین وئیمانی موسوڵمان بەرەو لەناوچون دەبەن وچارەنوسی دەسوتێنن

- **هەرکەس بڕوای پێیان هەبێت ناڕواتە بەهەشت**، پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: «لاَ يَدْخُلِ الجَنَّةَ مُؤْمِنٌ بِسِحرٍ»[1]، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك باوەڕی بەسیحر هەبێت.

- **هەرکەس بڕوا بۆلایان تا سیحری بۆ بکەن لە ئوممەتی موحەممەد نیە**، عیمڕانی کوڕی حوصەین ئەڵێ: پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ سَحَرَ، أَو سُحِرَ لَهُ، أَو تَطَيَّرَ، أَو تُطِيِّرَ لَهُ، أَو تَكَهَّنَ، أَو تُكُهِّنَ لَهُ». واتە: لە ئێمە نیە ئەوەی سیحر دەکا وئەوەشی سیحری بۆ دەکرێت، ئەوەی غەڕری دەکات وئەوەشی داوای کردنی دەکات، ئەوەی تاڵە دەگرێتەوە وئەوەشی داوای گرتنەوەی دەکات.

---

[1] قال الألباني في «الصحيحة»: أخرجه ابن حبان في «صحيحه» قلت : ورجال إسناده ثقات غير أبي حريز، ففيه ضعف، وقد صحح هذا الحديث الحاكم والذهبي، وبينت خطأهما في ذلك في الكتاب الآخر «١٤٦٣»، وذكرت له هناك شاهدا من حديث أبي سعيد الخدري، فالحديث بمجموع الطريقين حسن، و الله أعلم»اهـ بإختصار.

- **چارەسەرکردن بە سیحر چارە سەر کردنە بە حەڕام**، لە کاتێکدا پەیامبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمویێت: «إِنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ الدَّاءَ وَالدَّوَاء، وَجَعَلَ لِكُلِّ داءٍ دواءً، فَتَدَاوَوْا، ولا تَدَاوَوْا بِالْمُحَرَّم». واتە: بێگومان خوای گەورە دەرد ودەرمانی دابەزاندوە، وبۆ هەر دەردێکیش دەرمانی داناوە، بۆیە بە دوای چارەسەردا بگەڕێن وبەڵام چارەسەری حەرام بەکار مەهێنن[1].

- **پەنا بردن بۆ ساحیر لە ڕەوشت وئاکارەکانی «سەردەمی نەفامی وجاهلیەتە»**، کە شەرع نەهی لێکردوە وهەوڵی بنەبڕکردنی داوە، هەربۆیە شێخ موحەممەد لە کتێبی المسائل الجاهلیەدا باسی سیحریشی کردوە.

- **ساحیران ئەم کارانە ناکەن لە بەرامبەر بڕێك پارە نەبێت**، کە بە ستەم وەریدەگرن، ئەو بڕە پارەیەش بە پێی دەقی فەرمایشتی پەیامبەر صلى الله عليه وسلم وڕای سەرجەم زانایان حەڕامە، لە عوقبەی کوڕی عامرەوە ئەڵێ: «نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ، وَمَهْرِ الْبَغِيِّ، وَحُلْوَانِ الْكَاهِنِ، وَإِنْ أَتَاكَ

[1] تەماشای پەراوێزی لاپەڕە ١١١ بکە.

صَاحِبُ الكَلْبِ يَلْتَمِسُ ثَمَنَه، فَامْلأ يَدَيْهِ تُرَابًا»[١]. واته: پەیامبەر صلى الله علیه وسلم نەهی کردوه لە نرخی سەگ، ونرخی زیناکردن و فاڵچی وجادوگەر.

- کە دەڕۆی بۆ لای ساحیرەکە وەکو ئەوە وایە پێی بڵێی من دان دەنێم بەو کارەی تۆ، بەڕاستی ئەم کارەی تۆ کارێکی چاکە، با ئەمە بە زمانیش نەڵێی، چونکە کە دەڕۆی بۆ لای وپرسیاری لێ دەکەی، ئەمە زمانی جەستەیە.

- کە دەڕۆی بۆلای ساحیران، ڕوبەروی ئەو هەمو هەڕەشە وسزایانە دەبیتەوە کە گوێت لێبو.

- کە دەڕۆی قسەی شەرع دەشکێنی.

- کەسێك جارێك ودو جار ڕۆیشت بۆلای ساحیران، ئەوسا فێر دەبێت وئاسان دەبێتەوە بەلایەوە، وچەند بارەی دەکاتەوە.

---

[١] رواه الجماعة، وقال الترمذي عقب الحديث: «حديث حسن صحيح، والعمل على هذا عند أكثر أهل العلم، كرهوا ثمن الكلب، وهو قول الشافعي وأحمد وإسحاق. وقد رخص بعض أهل العلم في ثمن كلب الصيد».

- کەسێك هەر کێشە ودەردێکی هەبو، حەز وئارەزویەکی هەبو، ئومێدێکی هەبو، ترسێکی هەبو، بۆ جیّ بەجێکردنیان پەنا بۆ ساحیر ببات، دڵی پەیوەست دەبیّ بەغەیری خواوە، ئەمەش شیرکە.

- **سیحر کردن یەکێکە لەو شتانەی یەکتاپەرستی هەڵدەوەشێنێتەوە،** زانایان لە باسی هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام «نواقض الإسلام» یەکێك لەو هەڵوەشێنەرەوانەی باسی دەکەن، سیحر کردنە، یانی: بە سیحرکردن ئیسلامەتیەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

هەربۆیە بێگومان چارەسەرکردن بە سیحر حەرامە: لەبەر ڕۆیشتنی بۆلایان، پەیوەست بونی بەغەیرە خوا، پەنابردنی بۆ هۆکارێکی ناشەرعی، گوێڕایەڵیکردنی ساحیر لەو شتانەی ساحیر پێی دەڵیّ بیکا، ڕازی بونی بە ئیشی ساحیرەکە، لەوە دەچێت شتێکی حەڕامیش بکات کە ساحیرەکە فەرمانی پێکردبێت بیکات.

ئەم هەمو بەڵگەیە نابن بەرێگری موسوڵمان کە ئیتر ڕو لە فاڵچی وجادوگەر وتاڵەگەر نەکەن، ئەگەر شەرع پێشت بڵیّ: کافر، هەر دەڕۆی؟!!

پێت بڵیّ: چل شەو نوێژت لیّ وەرناگیرێت، هەر دەڕۆی؟!!

پێت بڵیّ: ئیمانەکەت هەڵدەوەشێتەوە، هەر دەڕۆی؟!!

پێت بڵیّ: لە تاوانە ناوبەرەکانە، هەر دەڕۆی؟!!

*** *** ***

## چارەسەر چیە؟

زۆر باسی ترسناکی سیحرمان کرد، دڵتان ترسا چی بکەن بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە سیحر وساحیران، ئەم خاڵانەی خوارەوە یارمەتیدەر وهاوکارن، بەڵکو بەپشتیوانی خوای گەورە جێبەجێکردنی ئەبێتە **«قەڵای پارێزەر لە جنۆکە وجادوگەر»**[1]، ئەمەش ڕەحمەتی خوای گەورەیە، وسروشتی ئەم شەرعەیە، کاتێك دەرگایەکت لێ دەگرێت دەرگایەکی ترت بۆ دەکاتەوە، کارێکت لێ حەڕام دەکات بەدیلەکەیت پێ دەڵێ، کە دەڵێ بەدەستی چەپدا مەڕۆ، دەستی ڕاستی پیشانداوی.

ئێستاش کە ڕێگریمان کرد لە سیحر، ئەوە پارێزەر وچار وچارەسەر:

